رۆمان

# خاسەی خۆڕاگر




- ناوی کتێب : خاسەی خۆڕاگر
- ناوی نووسەر : موعتەسەم ساڵەیی
- دیزاینی ناوەرۆك و بەرگ : شێرزاد مەولود
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- چاپخانە : چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی – کرکوك/٢٠١١
- ئەرکی چاپ: مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك)

رۆمان

# خاسەی خۆڕاگر

چاپی دووەم

نووسینی: موعتەسەم ساڵەیی

تایپ: زانا جاف

## - ١ -

کەپرەکە بە قوڕ کرابوو. بە دیرەگی دارو بە قامیش‌و زەل‌و پووش‌و پەلاش سەری گیرابوو. لە سەرەوەیشدا بە قوڕ سواق درابوو. چەند کونێك بەڕیز لە دیواری کەپرەکەدا بەدی دەکران , کە بە مەبەستی چوونە ژوورەوەی شنەبا کرابوون. دەرکی بێ دەرگای کەپرەکە دەیڕووانیە سەر چەمە باریکەکە کە بە پێچ‌و پەنا گردۆلکەکانی دەبڕی , جۆگەلە ئاوێکی باریکیش بە نێو چەمەکەدا (چەمی خۆشی) سەرەوخوار دەبووەوە. هەتا چاو بڕی بکردایە گردۆلکەی رووتەنیی بێ دارو دەوەن ناوچەکەیان داگیرکردبوو. ڕێگایەکی خۆڵە پەتانی لە ئاست کەپرەکەوە بەرەو رۆژئاوا بۆ سەر بەرزاییەکانی (بانی گاور) هەڵدەکشا. ڕێگایەکی خۆلاویی تریش لە ئاستی کەپرەکەوە بەرەوخوار دەبووەوە بەرەو کۆتاییەکانی چەمی (خۆشی) کە لە پاشانیشدا لە ئاستی چەمی (خاسە)دا لەگەڵ ڕێگای سەرەکیی گوندی (یارەولی) یەکانگیر دەبوون , لە پاشانیشدا ئەو ڕێگا سەرەکیە بە لێواری رۆژهەلاتی خڕی خاسەدا بەرەو شاری کەرکوك شۆڕ دەبووەوە. بێستانچییەکان وەها راهاتبوون کە لە سەرەتای وەرزی هاویندا کەپرەکانیان دابمەزرێنن‌و لە کۆتایی هاوین‌و سەرەتای پاییزیشدا بیانڕووخێنن.

لە ژێر ئاسمانی شیندا بەو دەمەو ئێوارەیە کەپرەکە بەسەر چەمەکەوە ئۆقەرەی گرتبوو. قوولی چەمەکە دە هەنگاوێك دەبوو پانییەکەیشی هەر هەمان مەودای هەبوو قەد پالی گردەکان‌و نێو گردەکان بە پووش‌و پەلاشی زەرد هەلگەڕاوو بنچکە دڕك‌و دالی سەوز تەنرابوون. بێ دەنگی‌و هێمنی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو. جاروبار باڵندەی جۆراو جۆر بە ئاسماندا فڕکان فڕکانیان دەکردو دەیانچریکاند. لە دووریشدا مێگەلێك مەڕو بزن بەدی



دەکران کە بەقەد پالی گردێکەوە دەلەوەڕان‌و شوانێك‌و گوێدرێژێك‌و چەند سەگێك بەدیاریانەوە لە جووڵەدابوون.

(کاروان)ی تەمەن چواردە ساڵ بە هەناسەبڕکێ بەدووی خالۆی حەمەمین کەوتبوو. بەرەو خوار بۆ نێو چەمەکە شۆڕبوونەوە. خالۆی تەلەیەکی ئاسنینی بە دەستەوە گرتبوو , وەها دەرکەوت کە بە تەمای تەڵەنانەوە بوو لە نێو چەمەکەدا. بێستانی نێو چەمەکە بەم دیوو بەودیوی جۆگەلە ئاوەکەدا سەوزو گەش خۆی دەنوواند. بڕکی تەماتەو لۆبیاو بامیە بە قەراخی جۆگاکەوە ریزیان بەستبوو. لە هەموو لایەکیشەوە بڕکی ترۆزی‌و شووتی‌و کاڵەك بەدی دەکران , کە بەسەر قوم‌و چەوی چەمەکەوە بەرو بوومیان بلاو کردبووەوە. کاروان چاوی بڕییە هەندێك لە کاڵەك‌و شووتیە گەورەکان , وەهای بە مێشکدا هات هەندێکیان ئەوەندە گەورەن کە لە تووانایدا نییە هەڵیانبگرێت. هەندێك ترۆزیش درێژیەکەیان بەقەد بالا زەلامێك دەبوون. جۆگەلە ئاوە باریکەکە بە شڵپە شڵپ بەنێو زیخ‌و چەودا بەرەو خووار دەبووەوە. لە هەندێك شوێنیشدا ئاوەکە پان دەبووەوەو قامیش‌و زەلی چڕ ئەمبەرو ئەوبەریان گەمارۆدەدا. ماسیە وردیلەکانی نێو جۆگاکە بە پەلەو بە خێرایی ئەمسەرو ئەوسەریان دەکرد. جاروباریش دەکەوتنە سەرلاو وەکو کەوچکی نێو پیالەی چای خۆیان دەنوواند. کاروانی لاوازو باریك شەرواڵێکی شین‌و کراسێکی سپیی تەنکی لەبەردابوو. حەمەمینی خالۆیشی هەر بە هەمان شێواز بوو , بەلام بە جیاوازیی ئەوەی کە کلاوێکی لەسەر نابوو رەنگی شەرواڵەکەیشی رەش بوو. لە نێو سێبەری چەمەکەداو لە نێو بێستانەکەدا هەنگاویان دەناو خۆرەتاوی ئەو دەمەو ئێوارەیەیان بەرنەدەکەوت. خالۆی بەتەنیشتی بڕکێك ترۆزیەوە خۆی دانوواندو تەماشای قومە نەرمەکەی کرد کە شوێن پێی کەروێشکە کێویەك بەسەریەوە نەخشابوو. شوێن هەر پێیەکی کەروێشکەکە سێ چالی وردیلەی

بەتەنیشت یەکەوە بوون. دەتووت کەسێك بە ئەنقەست سێ پەنجەی خۆی جووت کردووەو لە قومەکەی چەقاندووە. خاڵۆی زەردەخەنەیەکی بۆ کردو سەری نەختێك هەڵبڕی. کاروان لە ئاستی خۆیەوە بەبزەیەك وەڵامی خاڵۆی دایەوەو لە مەبەستی تێگەیشت , کە دەیویست بڵێت شەوی رابوردوو کەروێشکەکە بە ئێرەدا بەسەر قومەکەوە رەت بووە. خاڵۆی دەستی بۆ بڕکەکە درێژ کردو ترۆزیەکی ناسکی بە پەنجەکانی گرت کە دەوروبەری رووشابووەوە. رووی دەمی کردە کاروانو وتی:

- شەوی رابوردوو کەروێشکە کێویەکە بە ئێرەدا رەت بووەوەو ئەم ترۆزیەیشی بە دانەکانی کڕاندۆتەوەو خواردوویەتی.

ترۆزیەکەی لە جێی خۆیدا بەجێهێشتو درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

- کەروێشك وەها راهاتووە گەر هەر شەوێك بە شوێنێکدا رەت بوو چەشەی ترۆزیەکی کرد , ئەوا بۆ شەوی داهاتوویش بە هەمان شوێندا رەت دەبێت.

لە شوێن پێی کەروێشکەکە قومەکەی هەڵکەندو چاڵێکی کرد. ئەوسایش دەستی بۆ تەڵە ئاسنە خڕەکە برد کە بە تەنیشتیەوە دایـنابوو. خستیە نێو چاڵەکەوەو بە سنگێکی تیژی درێژ بە زەویەکەوەی چەقاند. هەردوو کەوانەکەی لێك جیاکردەوەو بەو شێوەیەیش تەڵەکەی نایەوە. لە پاشانیشدا بۆ ئەوەی تەڵەکە لە چاو بزر بکات بە توێژێکی تەنکی قوم دایپۆشی. هەڵسایە سەرپێو هەردوو دەستی دابەیەکداو تەکاندیانیو لە قوم پاکیانی کردەوە , ئەوسایش بەرەو جۆگاکە رۆیشتو هەردوو دەستی بە باشی لە ئاوەکە هەڵشەپاند. کاروان بەردەوام تەماشای ئەو شوێنەی دەکرد کە تەڵەکەی تێدا نرایەوە. ئیتر هەر ئەوەندە مابوو کە بۆ شەوی داهاتوو بکەونە چاوەڕوانی تاوەکو بزانن چی روودەدات , خاڵۆی دەستێکی تەڕی خستە سەرشانیو پێی وت:



- من لەو بڕوایەدام کە ئەم شەو تەڵەکەمان کەروێشکێکی خڕپنمان بۆ دەگرێت. کارمان تەواو بوو با بکەوینە رێ..

خاڵۆی بەقەد پاڵی چەمەکەدا هەڵگڕاو کاروانیش بەدوویدا سەرکەوت. گەیشتنە ئاستی کەپرەکەو داپیرەی کاروان میمکە نێرگز بەرەو روویان هات. وەها دیار بوو تازە لە نانکردن لەسەر تەنوورەکەی تەنیشتی کەپرەکە ببووەوە. بە روویەکی گەشەوە پێشوازیی لێکردنو رووی دەمی کردە کوڕەکەیو وتی:

- حەمەمین کوڕم چیتان کرد.؟

- دایکە تەڵەکەمان نایەوە , بەڵکو بۆ سبەی نیوەڕۆ گۆشتی کەروێشك بخۆین..

- ماوەیەکی زۆرە نێچیرێکمان نەگرتووە. ماوەیەك لەمەوبەر تەڵەکەمان نایەوە بەڵام بە بەدبەختیدا گورگە بۆرێك پێوە ببوو کە توانیبووی رابکاتو تەڵەکەیش هەڵبکەنێتو لەگەڵ خۆیدا بیبات..

- ئەمجارەیان دڵنیابە کە نێچیرێکمان بە نسیب دەبێتو سبەی نیوەڕۆیش گۆشتی کەروێشکمان بۆ لێدەنێیت..

خۆرەتاوی کزی دەمەو ئێوارە سەر لوتکەی گردۆلکەکانی سوور هەڵگەڕاندبوو. بەرەبەرە خۆرەکە ئاوابوو دنیا تاریك هەڵگەڕا. بە تەنیشتی کەپرەکەوە حەسیرو جێگاوبان راخراو چرایەکیش لەو نێوەندەدا بە داگیرساوی شوێنەکەی رووناك دەکردەوە. حەمەمین تفەنگە برنەوەکەو لایتەکەو رادیۆکەی بە تەنیشتی خۆیەوە دانا. کاروانی خوشکەزایشی بە تەنیشتیەوە لێی راکشاو کەوتە دیقەتدانی ئەستێرە پرشنگدارە لەبن نەهاتووەکانی ئاسمان. میمکە نێرگز سینیەکی هێناو لە بەردەم کوڕەکەی دانا. لە پاشانیشدا مەقاڵەکەی هێنا کە بە قوڕ دروست کرابووو بەدارو چیلکەیش ئاگر دەدرا. قۆریەکەی خستە سەر مەقاڵەکە بۆ ئەوەی بێتە

جۆش. خۆراکی شێوانیش داندرا کە بریتی بوو لە چێشتی بامیەو لۆبیای کولاو کە لە نێو چەند دەورییەکدا داندرابوون. بە تەنیشتیانەوە لەسەر سینیەکە چەند نانێکیش داندرابوون , کە دیار بوو پێش دەمەو مەغریب لە لایەن میمکە نێرگزەوە کرابوون. لە پڕ لە ژووررا دەنگی ترپەی پێ هات. حەمەمین لایتەکەی بەدەستەوە گرتو تیشکەکەی ئاراستەی بەردەمی خۆیانی کردو دوو تارمایی دەرکەوتن کە بەرەو روویان دەهاتن. کاروان هەستی بە شادیەکی زۆر کردو بە دەنگێکی بەرز هاواری کردو وتی:

- ئەوەتا باپیرم‌و مام کەریمیش هاتن.

میمکە نێرگز رووی گەشـایەوەو هەرکە دوو پیرەمێردەکە لێیان نزیك بوونەوە پێیانی وت:

- بۆچی ئاوەها دوواکەوتن. ئێوە نازانن کە پیرەمێردن‌و چاوتان بە باشی بڕ ناکات.!؟

هەردوو پیرەمێردەکە گەرچی چووبوونە نێو ساڵەوە , بەڵام زۆر بە گورج‌و گۆڵی رێگەیان دەبڕی‌و بەرەو کەپرەکە دەهاتن. مام کەریم بە باڵا بچووکەکەیەوە پێش مام ئۆمەر کەوتبوو. کاتێك کە زیاتر نزیك بوونەوە رووناکی چراکە زیاتر رەنگ‌و سیمایانی دەرخست. حەمەمین لە بەردەم باوکە پیرەکەی‌و مام کەریم هەڵسایە سەر پێ. مام کەریم رووی دەمی تێکردن‌و بە پێکەنینەوە وتی:

- وەها تێنەگەن گوایە ئێمە چووینەتە نێو ساڵەوەو بەردەمی خۆمان بەدی ناکەین. تەنانەت بەم شەوەزەنگ‌و تاریك‌و نووتەکەیش دەتوانین رێ بگرینە بەرو خۆمان بگەیەنینە شاری کەرکوك..

هەر پێنجیان بەدیار سینیەکەوە دانیشتن‌و ئەلقەیان بەست‌و دەستیان بەشامکردن کرد. لەولایشەوە قۆریەکە بەسەر مەقاڵەکەوە گیزە گیزی لێوە دەهات‌و دەکولا. مانگە شەوەکەیش هێدی هێدی بەرەو بەرزی هەڵدەکشا.



کاتێك لە شامکردن بوونەوە مام کەریم جگەرەیەکی داگیرساندو بە حەمەمینی وت:

- حەمەمین رادیۆکەت بکەوە بەڵکو گوێمان لە گۆرانیەکی کاوێز ئاغا بێت.

حەمەمین رادیۆکەی کردەوەو میلەکەی بەملاو بەولادا بادا , لە ئێستگەی عەرەبی‌و وژەوژ بەولاوە هیچی تریان نەکەوتە بەرگوێ. لە ئەنجامدا ناچار حەمە مین رادیۆکەی کوژاندەوە. چای لە بەردەمیان داندراو لە پڕ دوو سەگ بەرامبەریان قیت بوونەوە. میمکە نێرگز دوو پارووی بۆ هاویشتن‌و جغەیەکی لێکردن. مام ئۆمەر چایەکەی دەخواردەوەو لە ناکاودا رووی خۆی بەرەو لای کاروان کچەزای وەرگێڕاو پێی وت:

- نازانم دەتوانیت بە باشی یارمەتیی مام کەریم بدەیت..؟

مام کەریم نەیهێشت کاروان قسە بکات , خۆی دەست پێشخەری کردو وتی:

- ئیش‌و کارێکی ئەوەندە قورسمان نییە , بەڵکو جاروبار کاروان خوا تەمەن درێژی بکات یارمەتیەکم دەدات‌و بەردەستیەکم دەکات. بێستانەکەی منیش وەکو بێستانەکەی ئێوە پێگەیوەو ئیش‌و کاری کەم بۆتەوە.

مام ئۆمەر هەڵیدایەو وتی:

- باشە بێستانەکانمان لە یەکەوە نزیکەو لە یەکتریەوە دوورنین‌و هەردەم چاومان لە یەکتریە.

لەو کاتەیدا کە خەریکی قسەکردن بوون لە خوارڕا چاویان بە تارماییەك کەوت , کە گڕی جگەرەکەی بە باشی بەدی دەکرا. حەمەمین پڕی کرد بە تفەنگەکەی خۆیداو بەپێکەنینەوە وتی:

- باش دەزانم کە حاجی جەمالە لە بێستانەکەی خۆیانەوە بۆ لای ئێمە هاتووە. وەها چاکە گوللەیەك بتەقێنم بە بانی سەریداو نەختێك بیترسێنم. میلی تفەنگە برنەوەکەی هێنایەوەو پەنجەی خستە سەر پەلاپیتکەکەی , دەنگی شریخەی گوللەیەك ئەو ناو گردو شیوەی هێنایەوە یەك.

حاجی جەمال هاواری کردو وتی:

- حەمە.. تەقە مەکە هەی زیڕە لە چاوت بدات. باش دەزانیت کە منم بەڕێوەم بۆ لاتان.

سەلاوی کردو حەمەمین بە پێوە بەرامبەری وەستاو بە پێکەنینەوە پێشوازی لێکردو تفەنگەکەی خستەوە جێی خۆی. چراکە کز کز دەسووتاو رووناکی خۆی پەخش دەکردە سەر قۆریی سەر مەقالەکە کە هەلاو لە لوولەکەیەوە هەلدەستا. حاجی جەمال‌و مام کەریم بێ وچان جگەرەیان دەکێشا. سەرلەنوێ میمکە نێرگز پیالەی چایەی پڕ کردو خستیە بەردەمیان. حاجی جەمال دەستێکی بە ریشە ماش‌و برنجیەکەیدا هێناو بەدەم چای خواردنەوە نیگای خۆی لەبەر تیشکی چراکەدا ئاراستەی حەمەمین کردو پێی وت:

- با بەس بێت‌و چیتر ئەم دایکە پیرەی خۆت تووشی ئێش‌و ئازار مەکەو ژنێك بهێنە.

حەمەمین وەلامی نەدایەوەو بەلکو بە پێکەنینێك رووی خۆی بەرەو حاجی جەمال وەرچەرخاند. کاروان بێ پەروا گوێ بیستی قسەکانیان بوو , پڕ بە دڵ حەزی دەکرد کە خالۆی ژن بهێنێت. میمکە نێرگزیش ئەم هەلەی قۆستەوەو وتی:

- سەد بریا ژنی بهێنایەو منی لەم پەت پەتی‌و سەر ئێشەیە رزگار بکردایە.

مام ئۆمەر پێی لێ راکێشت‌و بەسەر سەرینەکەی تەنیشتیەوە پالی دایەوەو خۆی خستە سەر ئانیشك‌و رووی دەمی کردە کوڕەکەی‌و وتی:

- حەمەمین کوڕی خۆم رادیۆکەت بکەوە , بەلکو گوێبیستی شتێکی باش بین.

حەمەمین دەستی درێژکردو رادیۆکەی کردەوەو میلەکەی بەملاوبەولادا بادا. لە دەنگی وژە وژو خەبەرو هەواڵ بەدەنگی عارەبی بەولاوە هیچ شتێکی تر نەدەبیسترا. لەپاشاندا میلی رادیۆکەی لەسەر ئێستگەیەکی عارەبی



گیرساندەوە , کە وەها دیاربوو بێژەرەکە بە زمانی عارەبی باسی شا فەیسەلی شای ولاتی دەکرد. زۆری پێنەچوو رادیۆکەی کوژاندەوەو بە باوکی وت:

- ئەوە ئێستگەی رادیۆی بەغدابوو کە باسی شا فەیسەلی دەکرد.

مام ئۆمەر بۆ مام کەریمی برادەری دوواو وتی:

- ئێمە ئێستا لە سالّی (١٩٥٧) داین‌و ئەوە بوو ئەمسالّ مەلیك فەیسەلی لاو بە بازاڕی عاشورو یادگاردا بە خۆی‌و ئۆتۆمبیلەکانیەوە رەت بوو , بەرەو شاری سلێمانی کەوتە رێ..

مام کەریم وەلامی داوەو وتی:

- خۆزگە لەوێ بوومایەو چاوم پێبکەوتایە. دەڵێن گوایە خەلکانێکی زۆر بەمبەرو بەوبەری جادەکانەوە لە پێشوازییدا وەستابوون‌و بە گەرمیەوە چەپڵەیان بۆ لێدەدا.

حەمەمینیش خۆی لە قسەکانیان هەلقورتاندو وتی:

- بە چەند رۆژ پێش هاتنی مەلیك , چەند کەسێکی حیزبی‌و سیاسی لە گەڕەکی زێویەو ئیمام قاسم‌و شوێنانی تر دەستگیر کران. نەبادە دەست لە مەلیك بووەشێنن..

مام کەریمیش بە تەنیشتی مام ئۆمەرەوە پێی لێ راکێشت‌و پالی دایەوەو دەستی بە کۆکین کرد. مام ئۆمەریش لە ئاستی خۆیەوە کەوتە کۆکین , مام کەریم جگەرەکەی لە دەست بەربووەوەو کەوتە سەر بەڕەکە. بە پەلە بە دەستی کوژاندیەوە نەبادە بەڕەکە بە ئاگری جگەرەکە بسووتێت. سەگەکان دوور کەوتبوونەوەو لە دووررا لە نێو تاریکاییدا دەنگیان لێ هەلبڕی‌و کەوتنە وەڕین. لە شوێنێکی دوورتریشەوە چەند سەگێك بە وەڕین وەلامی وەڕینەکەی ئەمانیان دایەوە. مام کەریم هەناسەیەکی قوولی هەلکێشاو وتی:

- ئۆمەری هاوەلّم. باش بوو سالّی پار توانیم پێشوازی لە تەرمەکەی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموود بکەم‌و تێر بە کولّ بۆی بگریم.

مام ئۆمەر وەڵامی داوە:

- ئەی ئەگەر لە بیرت مابێتساڵی پار منو تۆ پێکەوە بووین کە تەرمەکەی شێخی گەورە بەبانی ئۆتۆمبیلەوە بە بازاڕی عاشوورو یادگارا ڕەت بوو , کە لە شاری بەغداوە بەرەو شاری سلێمانی تەرمەکەی بەڕێ کەوتبوو.

حەمەمینیش تێکەڵی قسەکانی هەردوو پیرەمێردەکە بووو وتی:

- داخی گرانم من لەو کاتەدا لە شار نەبوومو نەمتووانی پێشوازی لە تەرمی پیرۆزی بکەم. باسیان کردو وتیان ئۆتۆمبیلێکی زۆر بە دووای تەرمەکەیەوە بوو. خەڵکێکی زۆری شاری کەرکوکیش بە چاوی پڕ لە گریانەوە پێشوازییان لە تەرمەکەی کرد.

لەبەر تیشکی چراکەدا چاوی مام کەریم دەرکەوت کە فرمێسکیان تێدا زابوو. کۆنە برینی هاتە سوێو بە دەنگێکی پڕ لە خەمو خەفەتەوە وتی:

- من کاتی خۆی یەکێك بووم لە پیاوەکانی شێخ مەحموودو لە چەند شەڕێکدا لەگەڵیدا ئامادەبوومو بە دڵو بە گیان شەڕمان لە پێناوی شێخو خاکی کوردستاندا کرد. زۆر جاریش باسی ئەو شەڕانەم بۆتان کردووە کە لەگەڵ شێخی مەزندا بەشداریم تێدا کردوون.

کاروان نقەی لە خۆی بڕیبوو. بە پەرۆشیەکی زۆرەوە گوێ رایەڵی قسەکانی باپیرەیو مام کەریم بوو. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد بەشداری لە قسەکردن بکاتو بە دانیشتووان بڵێت کە خۆیشی ئەمساڵ چاوی بە مەلیك فەیسەڵ کەوت , کە لە نێو ئۆتۆمبیلەکەیەوە بە زەردەخەنەوە دەستی لێ هەڵبڕی بوو سەڵاوی لە جەماوەر دەکرد. کاتی خۆی وەهای بۆ دەچوو گوایە مەلیکی وڵات کابرایەکی زەبەلاحی گەورەیەو دوو سمێڵی گەورەی قیتشی پێوەیە , کەچی تەماشای کرد لاوێکی تازە هەڵچووی بێ وەیو بێ زەواڵی روو بەخەندەیە , دەستە نەرمەکانی بێ وچان بۆ جەماوەر رادەوەشاندو سەڵاوی لێدەکردن , وەك ئەوەی بیەوێت لە جێیەکەی خۆیەوە لە نێو ئۆتۆمبیلەکەیەوە بڵێت



سوپاسی هەمووتان دەکەم.. پێشوازی کردنی مەلیك ئەمساڵ جیاوازییەکی تەواوی هەبوو لەگەڵ هاتنی تەرمەکەی شێخ مەحموود لە ساڵی پاردا. ئەمساڵ خەڵکی پێدەکەنینو چەپڵەیان لێدەداو مەڕو بزنیان لەمبەرو لەوبەری جادەکاندا لە پێش رەوتی ئۆتۆمبیلی مەلیکدا سەردەبڕی. کەچی بە پێچەوانەوە ساڵی رابوردوو بە چاوی خۆی ئەو ئۆتۆمبیلەی بینی کە تەرمی شێخی هەڵگرتبوو. خەڵکی شار بە خەمو پەژارەیەکی زۆرەوە خرۆشابوونە ملیەکاو فرمێسك بە خوڕ لە چاویان دادەباری. لە داخی مردنی شێخو کۆست کەوتنیان هەموو بە چاوی پڕ لە گریانەوە دەیانڕووانیە تابووتەکە کە بەسەر قەمەرەیەکەوە ئارامی گرتبوو. ئەمیش گەرچی بە باشی لە رووداوەکان نەدەگەیشت , بەڵام چاوی لە گەورەکان کردو پڕ قوڕگی لە گریان بوو. لە کاتێکی درەنگداو پاش بێ دەنگیەك حاجی جەمال دەستی نایە بناگوێی خۆیو دەنگی لێ هەڵبڕیو دەستی کرد بە مەقام وتن. مەقامەکەیش لە بارەی ئازایەتیو جوامێریو شەڕەکانی شێخ مەحموودەوە بوو. لە نێو گردۆلکەو چەمو شیوەکاندا لە ژێر تاریکەشەوەکەدا دەنگی مەقام بڵاو بووەوە. هەرکە مەقامبێژ لە مەقامەکەی بووەوە تەماشای کرد هەردوو پیرەمێرد لێی راکشاونو خەو بردوویانەتیەوە. لەولایشەوە میمکە نێرگزیش بە ماندوێتی لەسەر جێیەکەی خۆیدا راکشاوە. بە تەنیا کاروانو حەمەمین قیت لێی دانیشتبوونو گوێ بیستی مەقامە بە سۆزەکە بوون. مانگە شەوەکە لەسەر خۆی بەرەو قووڵایی ئاسمان هەر لە هەڵکشاندابوو. بێ دەنگیەکی لەڕادەبەدەر خۆی بەسەر ئەو ناوچەیەدا سەپاندبوو , بەس بە تەنیا بە ئاستەم دەنگی خوڕەی جۆگای نێو چەمەکە دەبیسترا. تەنانەت تێکڕای گیان لەبەرو باڵندەکانیش دەنگو جریوەو فڕکەی باڵو جووڵەیان نەدەبیسترا. حاجی جەمال هەندێك چاوی خۆی هەڵگلۆفتو رووی دەمی کردە حەمەمینو کاروانو پێی وتن:

- واچاكە منیش بەرەو خوار ببمەوەو بڕۆم بۆ لای كەپرەكەی خۆمان.

لەگەڵ هەڵسانیدا حەمەمینیش هەستایە سەرپێ بە مەبەستی ئەوەی میوانەكەی بەڕێبخات. حاجی جەمال هاتە قسەو بەپێكەنینەوە وتی:

- وامن كەوتمە رێو تۆیش حەمەمین چۆن بە تەقەیەك پێشوازیت لێم كرد , وەها چاكە ئێستایش بە تەقەی گوللەیەك خوا حافیزیم لێبكەیتو فیشەگێك بهاویت بە هەوادا..

- شتی وەها ناكەمو فیشەگی خۆم بەو ئاسانیە بە فیڕۆ نادەم , لە لایەكی تریشەوە وەك دەبینیت پیرەكان خەو بردوویانەتیەوە , گەر بێتو تەقە بكەم ئەوا رادەچەننو لە خەوەكەیان دەكەم..

حاجی جەمال رێی گرتەبەرو بەرەو خوار بووەوە. دوو سەگەكەیش شوێنی كەوتنو بە كلكە لەقێ بە دوایەوە دەڕۆیشتن. حەمە مین بە تیشكی لایتەكەی لە جێی خۆیەوە شوێن پێی میوانەكەیانی رۆشن دەكردەوە تا ئەو رادەیەی كە زۆر دوور كەوتەوە. حەمەمین لە جێیەكەی خۆیدا راكشاو تەماشای كرد كاروانیش راكشاوەو لەولایشەوە هەردوو پیرەمێردەكە سەریان لەسەر سەرینەكەیان جێگیر بووەو كڵاوو جامانەكەیان بە تەنیشتی سەرینەكەیانەوە كەوتوون. تریفەی مانگە شەوەكە بریقەی لە سەرە سپیەكەی هەردووكیان دەهێنا.

نیوەشەو رەتبوو. مانگە شەوەکە بە نێوەڕاستی ئاسمانەوە بێ وچان رێی خۆی گرتبووەبەر. هەر پێنجیان بە تەنیشتی کەپرەکەوە لەسەر پێخەفەکانیاندا راکشابوون‌و خەوێکی قووڵ بردوبیانیەوە. گەرچی ئەو دەشت‌و دەرە بە رۆژ گەرماکەی لە کێشدا نەبوو , بەڵام بە شەوگار بایەکی فێنك هەڵیدەکردو بۆنی زەوی‌و درك‌و داڵ‌و گولیلکە کێویی لەگەڵ خۆیدا بەکێش دەکرد. لەپڕ دەنگی قاژە قاژێك بەرز بووەوەو هەموویانی لە شیرین خەودا راپەڕاند. کاتێك هاتنەوە سەرخۆیان‌و بەباشی گوێیان رادێرا , زانیان دەنگی زیڕەی کەروێشکەکەیەو لەنێو چەمەکەدا بۆتە تەڵەوەو لە تاو گیانی هاوار دەکات‌و ناتووانێت خۆی لە کەوانی ئاسنی تەڵەکە دەرباز بکات. میمکە نێرگز بە دەنگێکی بەرز وتی:

- ئەرێ وەڵڵا.. تەڵەکەمان کەروێشکێکی گرت.

حەمەمین بە پەلە کەوتە خۆی‌و بە دەستێك لایتەکەی هەلگرت‌و بە دەستەکەی تریشی چەقۆیەکی هەلگرت‌و بۆ نێو چەمەکە شۆڕ بووەوە. کاروانیش بە چاوی خەوالووەوە پێڵاوەکانی لە پێ کردو لە لێواری بەرزی چەمەکەدا بە پێوە وەستاو بەوردی کەوتە دیقەتدانی خالۆی لە نێو چەمەکەدا. تریفەی مانگەشەوەکە نێو چەمەکەی رووناك کردبووەوە , بە رادەیەك بەکارهێنانی لایت لەو کات‌و ساتەدا ئەوەندە کاریگەر نەبوو. جۆگەلە ئاوەکەی نێو چەمەکە وەك هێڵێکی سپیی پێچاو پێچ بەسەر تەختەی رەشی پۆلی قوتابخانە خۆی دەنووانـد. بۆ ماوەیەك کەروێشکەکە هەر قاژە قاژی بوو , بەڵام لە پاشاندا دەنگی نەماو کپ بوو. بەردەوام کاروان لە چاوەڕوانیی خالۆیدا بوو , تا لە ئەنجامدا چاوی بە خالۆی کەوت کە کەروێشکە کێویەکی سەربڕاوی هەلگرتووەو هاتەوە بۆ لای کەپرەکە. بۆ



ماوەیەك هەموو کەوتنە وتی وات‌و مقۆ مقۆ. زۆری پێ نەچوو بۆ جارێکی تریش لێی راکشانەوەو خەو بردیانیەوە.

بۆ سەرلەبەیانی کە هەموویان لەخەو راپەڕین خۆرەکە بەسەر گردەکانی رۆژهەڵاتەوە بەرز ببووەوە. هەموو شۆڕبوونەوە بۆ نێو چەمەکەو دەم‌و چاوی خۆیان شوشت. میمکە نێرگز مەقاڵە قوڕینەکەی ئامادەکردو قۆریەکەی جۆشدا , لە پاشاندا هەر لە شوێنی دانیشتنەکەی شەویاندا نان‌و ماست‌و چایەیان خوارد. پاش لێبوونەوە لە قاوەڵتی میمکە نێرگز قۆری‌و پیاڵەکانی خستە سەر سینیەك‌و بۆ نێو چەمەکە شۆڕ بووەوە , تاوەکو بە ئاوی جۆگاکە بیانشوات. حەمەمینی کوڕیشی کەروێشکە سەربڕاوەکەی خستە نێو مەنجەڵێکەوەو چەقۆکەیشی لەگەڵ خۆیدا هەلگرت. ئەویش بە دووی دایکیدا بۆ نێو چەمەکە شۆڕ بووە خوارەوە رێگایان گرتە بەرو بە مەبەستی شوشتن‌و جێ بەجێ کردنی گۆشتی کەروێشکەکە. مام ئۆمەرو مام کەریمیش بە جووتە بە لێواری چەمەکەوە بەرەو ژوور بوونەوە. بەردەوام قسەیان پێکەوە دەکرد وەك ئەوەی کای کۆن بەبا بکەن. کاروانیش کڵاوێکی لەسەر نابوو دوورو نزیك بەدوویان کەوتبوو. رێگایان بڕی تا ماوەیەکی کەم گەیشتنە تەنیشتی کەپرەکەی مام کەریم کە دەیڕووانیە سەر بێستانەکەی لە نێو چەمەکەدا. دوو پیرەمێردەکە بە لۆژە لۆژو کاروانیش بە گورج‌و گۆڵیەوە دابەزینە خوارەوە بۆ نێو چەمەکە. هەردوو پیرەمێردەکە بەو چێشتەنگاو وەختە بەدیار جۆگاکەوە دانیشتن‌و کاروانیش لەولایەنەوە کەوتە سەر چینچك. مام کەریم تەماشایەکی کاروانی کردو , دەستی بۆ باخەڵی بردو کیسەیەکی دەرهێناو دینارێکی کاخەزی لێدەرکرد. پارەکەی بۆ کاروان درێژکردو پێی وت:

- ئەم ماوەیە بە پێی توانا یارمەتیت داوم. هانێ ئەم دینارە هەقی ماندوو بوونەکەتە.

کاروان لە سەرەتادا نەیویست وەریبگرێت , بەڵام مام کەریم زۆر سوور بوو لەسەر پارەدانەکە , تا لە ئەنجامدا وەهای لێکرد لێی وەربگرێت. مام کەریم هەڵسایە سەرپێ‌و کاڵەکێکی زەردی گەیوی لە برِکێك کردەوەو هێنای لە بەردەمی خۆیی دانا. چەقۆ دەم تیژەکەی لە باخەڵی دەرهێنا کە دەنووشتایەوە بۆ نێو مشتووەکەی کە لە شاخی ئاژەڵ داتاشرابوو. بە باشی کاڵەکەکەی لەت کردو ناوەخنەکەی رۆکردە سەر زیخ‌و چەوەکە. ئەوساکەیش کەوتە پاککردنی کاڵەکەکەو لەتکردنی بۆ چەند بەشێك. دیلمەکانی کاڵەکەکەی بەسەر هەرسێکیاندا دابەش کردو کەوتنە خواردنی. مام کەریم لەگەڵ کاڵەك خواردندا وتی:

- بەرِاستی ئەمە خواردنی پیاوی پیری دەم‌و دان زەدەدارە.

مام ئۆمەریش هەر لەگەڵ کاڵەك خواردندا سەرێکی بۆ لەقاندو قسەی برادەرەکەی سەلماند. مام کەریم چاوە وردیلەکانی ئاراستەی کاروان کردو لە پاشاندا رووی دەمی کردە مام ئۆمەرو پرسیاری لێکرد:

- ئایا تاوەکو ئێستا باوکی ئەم کورِە هەر بێ سەرو شوێنەو هیچ سۆراخێکی نییە.!؟

مام ئۆمەر زۆرجار ئەم پرسیارەی لە لایەن خەڵکی‌و ئەم‌و ئەوەوە لێکرابوو , ئەمیش بە دڵشکاوی‌و کەساسیەوە بە چەند رستەیەك وەڵامی دەدانەوە , ئەم جارەیش هەمان وەڵامی لە دەم هاتەدەرو وتی:

- باوکی ئەم کورِە وەك دەزانیت بەشداریی لە هەراکەی گاورباخی کرد. لە ئەنجامدا لەگەڵ چەند کەسانێکدا خرانە زیندانەوە. ئەوەبوو خۆی‌و چەند برادەرێکی توانیان لە بەندیخانە رابکەن‌و بەرەو وڵاتی ئەودیو هەڵبێن. ئەوە بۆ دەساڵ زیاتر دەچێت کە ئەو زاوایەی من بێ سەرو شوێنەو کەس نازانێت چی بەسەر هاتووە.!



- ئافەرین بۆ ئەو کچەی تۆ کە دایکی ئەم کورِەیە , کە بە چ رادەیەك بەرگەی ئەم ژیانە سەختەی گرتووە.!

- ئەو کچەی من بۆ دەساڵ زیاتر دەچێت وەکو بێوەژن بەدیار ئەم تاقە کورِەیەوە بێوەژن کۆشی دەکات.

کاروان نقەی لە خۆی برِی بوو. بە باشی گوێی بۆ دەم‌و دووی نێوان دوو پیرەمێردەکە شل کردبوو. هەرچەند ناوی باوکی بهاتایە خۆی بە هەتیو دەهاتە پێش چاوو رق‌و کینەیەکی زۆریش لە ناخیدا پەنگی دەخواردەوە. بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی ئاگای لە خۆی بێت بەردێکی خرِی سپیی هەلگرت‌و بە توندی هاویشتیە نێو جۆگەلەکەوە. بەردەکە کەوتە نێو ئاوەکەوەو شلِپەی لێهەڵساند. پرِیشکی ئاویش بەملاو بەولای جۆگەلەکەدا بەرز بووەوە. ئەم کارەیشی هەر وەك دەربرِینی هەستی برینداری وەهابوو.

مام کەریم بە دەنگێکی بەرزدەستی بە پێکەنین کرد. وەها دیاربوو مام ئۆمەر سەری لە پێکەنینەکەی سورِماو پرسیی:

- ئەوە چیت کەوتەوە بیر وابەم جۆرە پێدەکەنیت!؟

- پێکەنینم بە حەمەمینی کورِت دێت. دڵی خۆشە راوچیەو گوایە کەروێشکێکی راوکردووە.! راوچیی راستەقینە منم کە ناوم کەریم پڵنگ کوژە.!

کاروان کاتێك گوێی لەم قسانە بوو , بە پەلە خۆی گورج کردەوەو بە وردی رووانیە دەم‌و چاوی مام کەریم. لە خوای دەویست مام کەریم بە دوورو درێژی باسی پڵنگەکەیان بۆ بکات. گەرچی کاتی خۆی بە کورتی‌و پچرِ پچرِی رووداوی راوکردنی پڵنگەکەی لەلایەن مام کەریمەوە کەوتبووە بەرگوێ. بەڵام ئێستاکێ پرِ بەدڵ حەزی دەکرد کە بە وردی سەرجەمی رووداوەکە ببیستێت. ئاوو هەوای ئەو سات‌و کاتە بەرِادەیەکی زۆر سازگاربوو. شنەبایەکی فێنك بە نێو سەوزایی‌و بەسەر جۆگاکەوە هەڵیدەکردو بەدەم‌و

روویانـدا دەپـژا. مـام کـەریم کەوتـە کـۆکین‌و لـە پاشانیـشدا جگەرەیـەکی داگیرسـاندو کەوتـە مـژ لێـدانی. کـاروان بەوپـەڕی تاسـەوە دەیڕووانیـە دەم‌و رووخساری مام کەریم. هەر لە چاوەڕووانیدا بوو بۆ ئەوەی مام کەریم دەمـی هـەڵبهێنێت‌و بکەوێتـە گێڕانـەوەی بەسـەرهاتە کۆنەکـە. خۆشـبەختانە وەهـا دەرکەوت مامە پیرە دەیەوێت سـەرجەمی رووداوەکـە سـەرلەنوێ بگێڕێتـەوە. پاش هەڵویستەیەك مام کەریم کەوتە هەڵدانەوەی چـەند لاپـەڕەیـەکی ژیـانی رابوردووی‌و وتی:

- ((رۆژێك لە هەرەتی لاوێتیـدا بـووم. کوڵـە برنـەوم دابەشـانماو کەوتمـە نێـو هەردو تەلانێکی ژوورووەوە. وەك هەموو رۆژێکی دی بە مەبەسـتی راووشـکار روومکردە ئەو ناوچە سەختە. ئەوەی راستی بێت زۆریش دەترسـام , چـونکی پێشتر چەند کەسانێك لەو شوێنەدا چاویان بـە پڵنگێکـی زەبـەلاح کـەوتبوو. شوانی ئەو ناوچەیەیش دادیان بوو , چونکی بۆ چەند جارێـك مـەڕو بزنیـان گوم ببوو. ترس‌و دڵە راوکێەکی ئەوتۆ دایگرتم , کە پێشتر بە درێژایی ژیـانم ترسی لەو جۆرەم نەکەوتبووە بەر.. ماوەیەك بوو کەس نەیدەوێرا روو بکاتە ئـەو شـوێنەو هـەمووان لـەو پڵنگـە سـڵیان دەکـردەوە. هـەقی خوێـشیان بـوو چونکی درندەیەکی وەك پڵنگ گاڵتەی لەگەڵدا ناکرێت.. منیش پەنا بە خوام لێکـردو بـە خـۆم‌و تفەنگەکـەی شـانمەوە پێـچاو پـێچ بـە تەپلۆسـکاییەکاندا هەڵدەگژام , یاخود بەنشێوو شیوەکاندا سەربەرەوخوار دەبوومەوە. چاوم بـۆ نێچیرێك گێژ دەدا , جاگەر ئاسك بێت یاخود کەروێشك..

تاوەکو دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ توانیم دوو کەروێشك بپێکم. هەردووکیانم سەربڕی‌و گرتیانم بەدەستەوە. سەر لە ئێوارە لە گەڕانەوە دووا کەوتم‌و وردە وردە شەو داهات‌و بەتەواوەتی دونیا تاریك بوو. ئەوەی راستی بێـت ترسـێکی زۆرم لێ نیشت , لـەوە دەترسـام کـە پڵنگـە دڕندەکـەم لـەپڕ لـێ پەیـدا بێـت‌و پەلامارم بدات‌و منیش نـەتوانم لێـی بێمـە دەسـت‌و تەقـەی لـێ بکـەم. شـەوە



زەنگێکـی تاریـك‌و نووتـەك بـوو , مـانگیش بـە ئاسمانـەوە نـەبوو , زۆر بەزەحمـەت بـەردەم‌و دەوروبـەری خـۆم بـەدی دەکـرد.. گەرچـی وەك لاوێکـی چەك بەدەست لـەخۆبایی بـووم , بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا چـەکەرەم دەکـردو لەپەیـدابوونی پڵنگەکـە دەترسـام.. دەووترێـت گوایـە گـەر لەهـەر شـتێك بترسـیت‌و چـەکەرەی لـێ بکـەیت , ئـەوا بـێ گومـان لەبەدبەختیـدا تووشـی دەبیت‌و رووبەڕووی دەبیتەوە. لەپڕ گوێم لە دەنگی مرەمرِی گیـان لەبـەرێك بوو کە پارچە بەرد لە ژێر پێیـدا خل دەبوونـەوە.. بە دەورو بـەری خۆمـدا هەڵم روانی‌و هیچم بەدی نەکرد. لەگەڵ تەپەی پێی درندەکەدا دڵیشم زیاتر دەکەوتـە ترپـەو لێـدان. بـە ورياییـەکی زۆرەوە لـە دەورو بـەری خـۆم ورد بوومەوەو گوێم بەباشی رایەڵ کرد , لە شەوەزەنگێکی ئاوەهادا دەنگ‌و زایەڵە بەباشـی دەبیـسترێت.. بـۆ جـارێکی تـریش تەماشـای قەدپاڵـە تاریکەکـەی ئەوبـەرەوەم کـردو لەبـەر خۆمـەوە وتم (ئـەوەی لێـی دەترسـام ئـەوەتا رووبەڕووم دەبێتەوە..!) بەقەد پاڵەکەوە چاوم بـە تارمـایی درنـدە تۆقێنـەرە زەبەلاحەکە کـەوت کـە لەسـەرخۆ بـەرەو لای مـن هـەنگاوی دەنـاو چاوەکانی دەبریسکانەوە.. ئازایەتیم دایە بەرخۆم‌و لە دڵی خۆمـەوە وتم کـەریم خـۆت بنوێنەو مەترسەو بەچاو تروکاندنێك ئەو دڕندەیە بە گوللە بپێکەو خـەڵکی لە چنگی رزگار بکە.. تفەنگەکەم خستە سەرپێ‌و فیشەگم خـستە بـەری‌و بـە تونـدی گـرتم بـە دەسـتمەوە. بـێ وچـان یـەك لـە دووای یـەك ورەم دەدایـە بەرخۆم‌و دەموت کورە کەریم دڵت قایم بێت‌و نەکەیت بترسیت‌و بـە چۆکدا بێیـت..! نییـەتی ئـەوەم هێنـا کـەبێ سـێ‌و دوو درندەکـە بدەمـە بـەر گوللـەو بیپێکم.. پیاو بۆ خوا درۆ نەکات‌و راستی بڵێت من لەو سات‌و کاتـەدا بـەتاقی کردنەوەیەکی سەختدا تێدەپەڕیم , لە لایەکەوە هانی خـۆم دەداو ئازایـەتی‌و بوێری‌و چاونەترسیم دەدایە بەرخۆم , لەلایەکی تریشەوە هەستم دەکرد کـە هـەردوو دەسـتم بـە تفەنگەکـەوە دەلـەرزێن‌و دڵێـشم بـە تونـدی لێـدەدات‌و

جەستەمیش بە ئارەقەی خەست تەڕ بووە.. بەهەر حاڵ سەرەڕای ترسێکی زۆر ورەم دەدایە بەرخۆمو جاروباریش سەرزەنشتی خۆم دەکرد.. وەهام بەباش زانی کە خۆم بئاخنمە نێو ئەشکەوتێکی تەسکەوە کە بە تەنیشتمەوە بوو. دەرکی ئەشکەوتەکە زۆر تەسك بوو بەڕادەیەك بە زەحمەت تووانیم بەسکە خشکێ خۆم بخزێنمە نێو ئەو ئەشکەوتە تاریکەوە. گەرچی پێشی ئەشکەوتەکە تەسك بوو بەڵام لە ناوەوە پانو بەرین بوو. زۆرجار بە بەردەمیدا رەت ببووم , بەڵام رۆژێك لە رۆژان بیرم لەوە نەکردبووەوە کە خۆم بخزێنمە ناویەوە. لاشەی هەردوو کەروێشکەکەم داناو لوولەی تفەنگەکەم ئاراستەی دەرەوە کردو پەنجەم خستە سەر پەلەپیتکەکەی بۆ ئەوەی نیشان لە دڕندەکە بگرمو بیکوژم. دەنگی مرەمرو زرمو کوتی پێی بەردەوام دەهاتە بەرگوێمو زیاتر ترسی دەخستە دڵمەوە. شەوێکی وەها تاریكو نتووك بوو بەڕادەیەك چاو چاوی نەدەبینی. هەردوو کەروێشکە سەربڕاوەکەم فڕێ دابووە ژێر پێمەوە. وەهام بەباش زانی کە یەکێك لە کەروێشکەکانی بۆ فڕێ بدەم بەڵکو وازم لێ بهێنێت خۆیم لێ دوور بخاتەوە. هەردوو چاوی دڕندەکەم لە تاریکاییەکەدا کەوتە پێش چاو کە وەك دوو پشکۆی ئاگر لە نێو تاریکاییدا بەبێ بەزەییانە دەبریسکانەوەو زیاتر ترسو لەرزیان دەخستە دڵمەوە. بەپەلە کەوتمە خۆمو یەکێك لە کەروێشکەکانم بۆی هاویشت , ئەویش بەپەلە خۆی فڕێدایە سەر کەروێشکەکەو شالاوی بۆ برد. ئەو شتەم بەهەل زانیو پەنجەم نابەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەداو گوللەیەك دەرپەڕیو بەرەو رووی دڕندەکە ناڵەی کردو بێدەنگیی تاریکە شەوەکەی شەق کرد. جارێکی تریش تفەنگەکەم خستەوە سەرپێو گوللەیەکی تریشم بەرەو رووی دڕندەکە هاویشت.. هەر ئەوەندەم زانی دڕندەکە بەمرەمر بەرەوپاش کشایە دوواوە.. شێوەو روخساری دڕندەکەم بەدی نەدەکردو بەس بەتەنیا تارماییەکەی دەهاتە پێش چاوم.. بێ



دەنگیەکی ترسناك ئەو نێوەندەی داگیر کردبوو. لە شوێنەکەمدا وەها خۆم مەڵاس دابوو کە هەرگیز لە جێی خۆمدا نەدەبزوام. لە کونە تەسکەکەی ئەشکەوتەکەوە دەمڕووانیە دەرەوەو لوولەی تفەنگەکەیشم ئاراستەی دەرەوە کردبوو. لەنێو تاریکایی شەوەزەنگەکەدا دڕندەکەم لەبەرچاو ون بوو.. کەوتمە پایدۆزو بێ وچان چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد بەڵکو بۆ جارێکی تریش پەیدا بێتەوەو منیش بیدەمە بەر گوللەی تفەنگەکەم. زۆرم چاوەڕوانی کرد بەڵام نەگەڕایەوەو چیتر گوێم لە مرەمرو تەپەی پێی نەماو سەرم لەو کارەیش سووڕما.! شەوە زەنگە تاریکەکە زۆر کشو مات بوو , کەشو هەوایش سازگارو خۆش بوو. گەر لەو کاتەدا تەنانەت دەنگی جریوەجریوی مەلو باڵندەیشم بکەوتایە بەرگوێ سەبوریم دەهاتو تووشی دڵنەوایی دەبووم. بەڵام بەتەنیا گوێم لە دەنگی ترپەی دڵمو هەناسەم دەبوو. بێ دەنگیەکە وەهای لێکردم کە بێمە سەر ئەو بۆچوونەی گوایە دڕندەکەم پێکاوە. لە پاشانیشدا وەهام بە مێشکدا هات گوایە دڕندەکە مرخی لێ خۆش کردوومو لەبۆسەدایەو خۆی مەڵاس داوە تاوەکو زەفەرم پێ بەرێت... لەبەرخۆمەوە وتم ئەو پڵنگە گەر برینداریش بێتو بکەومە بەر چنگی ئەوا لەتو پەتم دەکاتو ئێسكو پروسکم تێك دەشکێنێت.. لە خوا دەپاڕامەوە ئەو شەوەم بە سەلامەتیو بێ زیان لێ بچێتە سەرو رۆژێکی نوێم لێ بێتەوە.. بەدرێژایی شەو بەبێ دەنگی نقەم لە خۆم بڕی بوو. ئەو شەوە لەو کونجە تاریکەدا بە تەنیایی ئۆقەرەم گرت.. پاش بیرکردنەوەو بەراوردێکی زۆر وتم بە دووری نازانم ئەو پڵنگە نەحلەتیەم کوشتبێتو هەناسەم لەبەری بڕی بێت.. ون بوونی دڕندەکەو بێ دەنگیەکە زیاتر خستمیە سەر ئەو بڕوایەی ئەو پڵنگەم پێکاوەو کوشتوومە.. بە کۆتایی پێ هێنانی ژیانی دڕندەکە خەڵکیش لەمەترسیی رزگاریان دەبێت , لەمەودوایش خەڵکی بەبێ ترس بەم هەردو تەلانەدا هامو شۆ دەکەن. لە هەمووی خۆشتر لەمەودووا

وەك پیاوێكی ئازاو چاونەترسو پڵنگ كوژ ناوبانگ بۆ خۆم دەستەبەر دەكەم. وتم بەیانی زوو كە رۆژ بووەوە ئەو پڵنگە مردووە بێ گیانە بەگوریس بەدووای بەرزە وولاخێكەوە بەكێشی دەكەمو دەیبەم بۆ نێو ئاواییو لەناكاودا خەڵكی ئاوایی رووبەڕووی ئەو رووداوە دەكەمەوەو دەڵێم ئا ئەمەیە ئەو دڕندەیەی كە ئێوەی خستبووە ترسو لەرزەوەو ئەوەتا هەر وەك بە چاوی خۆتان دەیبینن كوشتوومەو هەناسەم لەبەری بڕیوە.. ئای لەو خۆشیو سەڵتەنەتە..! هەموو خەڵكی گوندەكانی ناوچەكە كوڕاو كوڕو پشتاو پشت هەمیشە هەر دەملێنەوەو ئافەرینم لێدەكەن.. وەك پاڵەوانێكی بەجەختو بوێرو ئازا ناوم دەهێنن.. لەوانەیشە ئەم ناوچەیە بەناوی منەوە دابنێنو بەم رووداوەیشەوە ناوچەكە بناسرێت.. بەدووریشی نازانم كە رۆژی كوشتنی پڵنگەكە ببێت بە مێژوویەكی دیاری كراو.. هەر لەو كەلەبەرە تاریكەوە درێژەم بە بەراوردەكانم دا , وەهام هەست پێ دەكرد كە بەختەوەرترین كەسم لەسەر رووی زەویدا.. لە هەرەتی لاوێتیدا بوومو دڵم بە كچێكەوە بوو , باوكی كچەكە قایل نەبوو بەوەی كچەكەیم بداتێ, بەڵام زۆر دڵنیابووم لەوەی كە باوكی كچەكە هەركە هەواڵی كوشتنی پڵنگەكەی بكەوێتە بەرگوێ , ئەوا یەكسەر دەستی كچەكەیم پێشكەش دەكاتو بەشانازیەوە كەسێكی ئازاو ناوداری وەك من دەكات بەزاوای خۆی..

لەنیوەشەو بەدوواوە هەستم بەهەندێك دڵەوایی كرد , ترسو دڵەڕاوكێم تارادەیەكی زۆر رەویەوە. ئەوجا توانیم بە چینچكەوە لەنێو ئەشكەوتەكەدا دابنیشم. تفەنگەكەیشم بە توندی بەدەستەوە گرتبوو.. لە جێیەكەی خۆمدا بەبێ چرپە ئۆقەرەم گرتو چاوەڕوانیی رۆژهەڵاتنم دەكرد. ئارامم گرتو تاكو تاریكایی شەو وردە وردە رەویەوە.. دنیام لەبەرچاو رووناك بووەوە.. زیاتر چاوەڕوانیم كرد تاكو رۆژ هەڵاتو تیشكی سووری خۆی بەسەر گردو تەپۆلكەكانەوە پەخش كرد.. مەلو باڵندەی ئەو ناوچەیەیش وزەیان



كەوتەبەرو دەستیان كرد بەفڕین بەنێو ئەو تەلانو هەڵەتەدا. دیمەنی هەڵفڕینی مەلەكان بوونە مایەی دڵنەواییم. سەرەڕای هەموویشی هەر دەترسامو نەمدەوێرا لە ئەشكەوتەكەدا بێمە دەرێ. دڕندەكە ترسی خستبووە دڵمەوە , بە تەواوەتی دڵنیا نەبووم لەوەی پێكاومە یاخود خۆی رۆیوەو ئەو ناوچەیەی بەجێ هێشتووە..! ئەو ئازایەتیەم نەبوو كە بە خۆمدا رابیینمو لەنێو ئەشكەوتەكە دەربچمە دەرەوە. زۆر لەوە دەترسام ئەو دڕندەیە زیندوو بێتو مرخی لێم خۆش كردبێت... لەپڕ لە دوورەوە گوێم بە دەنگی زڕو زەنگوڵەی مێگەلە مەڕێك كەوت.. بە بیستنی ئەو دەنگە فێنكاییەك بە دڵمدا هات.. خۆم مات داو كەوتمە چاوەڕوانیی زیاتر. وردە وردە دەنگی مێگەلە مەڕەكە زیاتر لێم نزیك بووەوە. تا وەهای لێهات گوێم لە دەنگی هاتو هاوارو دەمو دووی شوانەكانو باعە باعی مەڕو بزنەكان دەبوو. ئەوسا بە تەواوەتی دڵنیابووم كە یا پڵنگەكەم كوشتووە یاخود هەڵاتووەو رایكردووە..

تفەنگەكەم بە دەستەوە گرتو لە كونی ئەشكەوتە دەرك تەسكەكەوە كەوتمە سەرەتاتكێ. لە پاشاندا لە كونی ئەشكەوتەكە دەرچوومە دەرەوە.. بە ماندوێتیو شەكەتی هەنگاوم نا.. لە راستیدا بەدرێژایی ئەو شەوە خەو نەچووبووە چاوم.. روانیمە سەر زەویەكەو چاوم بە رێچكەی خوێن كەوت كە بەسەر زەویەكەوە رژابوو. لە خۆشیاندا پێم بەزەویدا نەدەكەوتو لەدڵی خۆمەوە ئافەرینم لە خۆم دەكردو دەموت كار لەكار ترازاوەو پڵنگەكەم بە گوللەی كوڵە بڕنەوەكەم پێكاوە , لەمەودوایش خۆمو تفەنگەكەم ناوبانگ بە هەموو لایەكدا دەردەكەین.. لەگەڵ رێچكەی خوێنە رژاوەكەی سەر زەویەكە هەنگاوم نا. رێم بڕی تاوەكو گەیشتمە سەر گردێك.. كاتێك دیقەتی نشێوەكەی خوار گردەكەم دا چاوم بەلاشەی دڕندەكە كەوت كە لە خوارەوە بەبێ جووڵە لە خوێنی خۆیدا گەوزابوو.. بۆم دەركەوت كە گوللەی

بەرکەوتووەو لە پاشاندا پاشەکشەی لێ کردووە تاکو گەیشتۆتە بانی ئەم گردەو , ئەوسایش بە برینداری بۆ خوارەوە تلاوتل بۆتەوەو هەر لەوێشدا گیانی لەدەست داوە.. بە خۆشحاڵیەوە بەرەو خواری گردەکە شۆڕ بوومەوە. هەرکە گەیشتمە ئاستی لاشەکە دڵم خورپەی کردو وەك ماران گەستم لێهات..! بینیم دڕندەکە بەبێ گیان لێی راکشاوە.. لەشیم دایە بەر نیگاو بینیم گوللەیەك بەر شانی راستەی کەوتووەو لەودیوەوە لە تەنیشتی چەپەوە لایەك لە شانی هەڵتەکاندووە...

مام کەریم لە قسەکانی بووەوەو کەوتە کۆکەکۆك‌و دەستی بە پێکەنین کرد.. کاروان تەماشای کرد گەرچی باپیرەی گوێ بۆ قسەکانی برادەرەکەی شل دەکات , بەڵام بەقەد ئەم خۆی پەرۆش‌و شەیدای گوێ راگرتن نییە. مام کەریم پرسیاری کردو وتی:

- دەزانن ئەو گیان لەبەرەی کە کوشتبووم چی بوو.!؟

کاروان بە سەرسامیەوە دەمی کردەوەو تێی روانی.! کابرای پیرەمێرد هەر خۆی وەڵامی خۆی داوەو وتی:

- لە راستیدا گیان لەبەرەکە پڵنگ نەبوو.. بەڵکو لەبەد بەختیمدا کەمتیارە بۆرێکی زەبەلاح بوو..!

کاروان وەك مناڵێکی تووڵازی ساکار بە بیستنی کۆتایی بەسەرهاتەکەی مام کەریم دایە قاقای پێکەنین.. مام کەریم خۆیشی پێکەنینی بە قسەکانی خۆیدا هاتەوە. بە پرتاو هەڵسایە سەرپێ‌و بە گاڵتەوە وتی:

- هەڵسن با بڕۆین نەوەك پڵینگێکمان لێ پەیدا بێتو بمانخوات..!

- ٣ -

بۆ نیوەڕۆژە لە نێو کەپرەکەدا سفرە راخراو گۆشتی کەروێشکەکە بە سوورکراوی داندرا. مام کەریمو مام ئۆمەرو حەمەمینو کاروان ئەلقەیان بەستو لێی دانیشتن. میمکە نێرگزیش بێ پەروا هەر ئەمسەرو ئەوسەری دەکردو شتو مەكو پێداویستیەکانی خواردنی ئامادە دەکرد. بەسەر پێوە بە دەنگێکی پڕ لەسەرسوڕمانەوە بە حەمەمینی کوڕی وت:

- حەمەمین ئایا بە گرتنی کەروێشکەکە هەستت بەشتێك نەکرد؟

- نەخێر. نازانم مەبەستت چییە؟

- کەروێشکەکەمان پێچکی راستەی پێشەوەی پێوەنەبوو.؟

- راست دەکەیت منیش هەستم بەهەمان شت کرد؟ جا ئەم شتە چی تیایە؟

- ئەگەر لەبیرت بێت هاوینی ساڵی پار وەك ئەم وەختە تەڵەکەمان نایەوە , بەڵام کەروێشکەکە توانی بووی خۆی لە تەڵەکە رزگار بکاتو رابکات. بۆ سەرلەبەیانی کە چووینە سەر تەڵەکە , بەتەنیا پێچکی پێشەوەی قرتاوی کەروێشکەکە لە نێو دوو کەوانەی تەڵەکەدا بەجێ مابوو.! من وەهای بۆ دەچم کە ئەم کەروێشکەی ئێستامان هەمان کەروێشکی هەڵاتووی ساڵی پار بێت.؟

حەمەمین سەرێکی باداو سەرسوڕمانێکی زۆر رەنگو روخساری پۆشی..! وەڵامی دایکی داوەو وتی:

- زۆر رێی پێ دەچێت کە ئەم نێچیرەی ئەمساڵمان هەمان نێچیری دەست براوی ساڵی پار بێت.!

پاش لێبوونەوە لەنیوەڕۆژە کاروان رێگای خوارووی کەپرەکەی گرتەبەرو دابەزیە نێو چەمەکە. پێش ئەوەی بگاتە ئاستی گۆمە قووڵەکەی پێچی چەمەکە. تەماشای کرد یەکێك بە شلێپە شلێپ لەنێو ئاوەکەدا مەلە دەکات.



هەرکە لێی نزیك بووەوە ناسیەوە کە مامۆستا قادرە کە لە نێو ئاوەکەدایە. لە رۆخی گۆمەکە وەستاو مامۆستا قادریش بە باسکە مەلە خۆی گەیاندە کەنار. خۆرەتاوی پاش ئەو نیوەڕۆیە بەڕادەیەکی زۆر گەرم بوو , بۆیە مەلەکردن لەو کاتو ساتەدا فێنکیی بەلەشی مرۆ دەبەخشی. مامۆستا قادر کە مامۆستای قوتابخانەبوو بە هۆی سیاسەتو کوردایەتیەوە لە حکومەت هەڵاتبوو , بەشەوو بەڕۆژ لەنێو ئەو چەمو دەشتو دەرەدا کاتی بەسەر دەبردو نەیدەوێرا بگەڕێتەوە بۆ شار. بەلەشی تەڕەوە لە ئاوەکە دەرچوو بە کاروانی وت:

- ئەگەر مەبەستت مەلەکردنە وەهاباشە نەچیتە قووڵاییەکەوە..

- گەرچی تاڕادەیەك بەباشی مەلە دەکەم , بەڵام زۆر وریاو ئاگادارم..

مامۆستا قادر بەلەشی تەڕەوە خۆی دایەبەر تینی گەرمای خۆرەتاوەکە. تاماوەیەك بەو شێوەیە مایەوەو تا لەشی وشك بووەوە. ئەوسا رانكو چۆغە قاوەییەکەی لەبەر کرد کە بەسەر تاشەبەردێکەوە دایناببوو , لە پاشاندا دەمانچەکەیشی هەڵگرتو خستیە بەر باخڵیەوە. بەباشی خۆی لەبەرکردو گوێی رادێرا , کە لە دوورەوە دەنگی گرە گرێکی کەوتە بەرگوێ. تادەهات دەنگەکە نزیك دەبووەوە. زۆری پێنەچوو گەنجێکی تازە هەڵچوو بە سواری ماتۆڕ بە لێواری بەرزی رۆژئاوای چەمەکەوە دەرکەوت. ماتۆڕەکەی کوژاندەوەو لە جێی خۆیدا بەجێی هێشتو دابەزییە خوارەوە. مامۆستا قادر کەوتە خۆیو رووی گەشایەوە. کاروان لاوەکەی ناسیەوە کە خەڵکی گەرەکیانەو ئازادی کوڕی مامۆستا قادرە. لاوەکە بە لێژاییەکدا دابەزیە نێو چەمەکەو سەفەر تاسیەکیشی بەدەستەوە گرتبوو. لە باوکی نزیك بووەوەو وتی:

- باوکە ببوورە کە دوواکەوتم. دەزانم برسیتەو نیوەڕۆژەت نەکردووە. دایکم ئاشێکی بەتامی لێناوەو ئەوەتا منیش بۆتم هێناوە.

ماموّستا قادر سەفەر تاسیەکەی لە کوڕەکەی وەرگرت. کوڕەکە دەستەسڕێکی لە گیرفانی دەرهێناو ئارەقەی دەمو چاوی خۆی پێ سڕیەوە , دووای ئەوەیش لەسەر رۆخی گۆماوەکە بەسەر چینچکەوە دانیشتو دەمو چاوی خۆی بە ئاوەکە شوشت. هەڵسایەوەو بە باوکی وت:

- باوکە هیچ پێویستیو راسپاردەیەکت نییە.؟

- نەخێر بەس سەلامەتی ئێوەم مەبەستە.

کاروان بەوردی دیقەتی دەمو دووی باوکو کوڕی دەدا , لە ناخەوە حەزی دەکرد کە خۆیشی باوکی هەبووایەو لەتەکیدا بکەوتایەتە قسەکردن.

ماموّستا قادر پرسیاری لە کوڕەکەی کردو وتی:

- هیچ شتێکی نوێ رووینەداوە؟

- نەخێر. بەس لە بیرم چوو پێت بڵێم دوێنێکە پیاوانی میری لەگەڵ موختاری گەڕەکدا هاتنە ماڵمانو , کونو کەلەبەری ماڵەکەیان پشکنیو هیچ شتێکیان بەر چنگ نەکەوت.

ماموّستا قادر بە بیستنی ئەو قسەیە رەنگی هەڵبزڕکاو لە ناخەوە هەژا. ئەوسا بە کوڕەکەی وت:

- کوڕم نیوەڕۆکەی گەرمەو تۆیش دووامەکەوە , زۆر بە پەلە بگەڕێوە بۆ ماڵەوە.

باوکو کوڕ بۆ ماوەیەك بە کەساسیەوە رامانو تەماشای یەکتریان کردو پێکەوە قسەیان کرد. لە پاشاندا کوڕەکە خواحافیزی کردو هەنگاوی ناو بەقەد پاڵی چەمەکەدا هەڵگژا. باوکی بەردەوام چاوی تێبڕی بوو تەماشای دەکرد. کوڕەکە خۆی گەیاندە ماتۆڕەکەیو سوواری بووو رۆیشتو لە چاو بزر بوو. ماموّستا قادر رووی وەرچەرخاند بەلای کاروانداو بە دەنگێکی پڕ لە کەسەرەوە وتی:



- کاروان گیان منو تۆ لە قوتابخانە فیرارمان کردووە. من بە هۆی سیاسەتەوە ئەوا بۆ ساڵێك دەچێت کە دەستبەرداری قوتابخانەکەمان بوومە. دەووترێت گوایە تۆیش وازت لە خوێندنی قوتابخانە هێناوە , کاتی خۆی من لە قوتابخانە دەمزانی کە تۆ قوتابیەکی ژیرو زیرەکیت..

- ماموّستا قادر من لەبەر بارو وەزعی نالەبارمان لە قوتابخانە دەرچوومە , بەڵام ئەمساڵ بێتەوە دەگەڕێمەوە بۆ خوێندن لە قوتابخانە.

ماموّستا قادر پێکەنیو دەستێکی نایەسەر شانیو پێی وت:

- بۆ نایەیت لە تەکمدا خۆراك بخۆیت؟

- سوپاس من نیوەڕۆژەم کردووە..

ماموّستا قادر لە پەنای سێبەرێکدا لێی دانیشتو دەستی بە خواردن کرد. کاروانیش خۆی رووت کردەوەو زەرگێکی هەڵداو خۆی هاویشتە نێو گۆمەکەوە. کەوتە باسکەمەلەو دوواتریش لە کەناری گۆمەکە تەماشای ماموّستا قادری کرد کە بەسەر زیخو چەوەوەکەوە دانیشتووەو نیوەڕۆژە دەکات. کاتێکیش کە بەرەو دوورتر هەڵی روانی , بینیی گەردەلوولێك بەو قرچەی نیوەڕۆیە هەڵیکردووەو پووشو پەڵاشێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا لوولداوەوە بردوونیەتی بە ئاسماندا.

لەو کاتەیدا کە کاروان جلو بەرگی دەکردەبەر لە کەناری گۆمەکەدا , دەنگی زەنگوڵەی مێگەلەمەڕێك کەوتە بەرگوێی کە بە لێواری بەرزی چەمەکەوە دەلەوەڕین. شوانەکە بەقەدپاڵی چەمەکەدا هاتە خوارەوە , کاروان یەکسەر ناسیەوە کە عەلەی کوڕی مام عەزیزی خەڵکی گوندی دوحێلەیەو هاوتەمەنی خۆیشیەتی، دوحێلە ئەو گوندە بچووکەیە کە کەوتبووە رۆژهەڵاتی باشووری چەمی خۆشیو لە پشتی گردەکانەوە دامەزرابوو. شوانەکە کتلیەکی رەشو چەند کوپێکی چای خواردنەوەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. دەستی راوەشاندو سەڵاوی لە ماموّستا قادر کردو وتی:

- ئێستا چایەیەك لێدەنێین و دەیخۆینەوە.

مامۆستا قادر کە لە خواردنەکەی ببووەوە وتی:

- ئیش لەوە باشتر قەت نابێت.

کاروان بە شوانەکەی وت:

- ئاگاداربە مەڕەکانت نەیەنە خوارەوە بۆ نێو بێستانەکەو بیانخۆن.

- مێگەلەکە لە سەرەوەن و دڵنیابە کە نایەنە خوارەوە. بە تەنیا چووار بزنی ناعاریان تێدایە ئەوانیش هەر نایەنە خوارەوە بۆ نێو بێستانەکە.

شوانەکە سێ کۆچکەیەکی بەبەرد دانـاو بـە کۆتـەرەدارو چـیلکە گـڕی داو کتلیەکەی خستە سەری. کتلیە ڕەشەکە کە چایەی تێدابوو هاتە جۆش. لەپاشاندا هەرسێکیان هەریەکەو بە کوپێك دەستیان کرد بە چای خواردنەوە.

- ٤ -

دەمەو عەسر میمکە نێرگزو کاروانی کچەزای بەتەنیشتی کەپرەکەوە بە پێوە وەستان. هەڵیان روانیە پیکابە جێمسیەکەی حەمید یاروەلی کە لەبانی بەرزاییەکانی گاورەوە شۆڕبووە خووارەوە. لە پشتەوەی لە نێو بۆدیەکەیدا دوو کچی تووولازو پیرەژنێك‌و پیرەمێردێك دانیشتبوون. ئۆتۆمبیلەکە بە گوڕەگوڕ هاتو لە ئاستیاندا وەستا. شۆفێرەکە دەستی لە سوکانی ئۆتۆمبێلەکە هەلگرت‌و سەلاوێکی کردو لە پاشاندا ویستی تەشقەڵە بە پیرەژنەکە بکات‌و بە دەنگێکی بەرز وتی:

- میمکە نێرگز چۆنێت؟ هێشتا ماویت؟

- دەبێت من‌و دایکت وەك کوتەکی نێو چلپاو بۆ ئەم کوێرەوەری‌و دەردەسەریە هەر بمێنین. پێم بڵێ ئەو پیرەژنە چۆنەو لەچیدایە؟

- ئەویش وەکو تۆ هەر لە هەڵپەدایەو سرەوتی نییە؟

- خوا بکات بەس لە دەست‌و پێی خۆمان نەکەوین‌و زەلیلی نێو جێگا نەبین بەسە بۆمان. کە چوویتەوە سەلاوی منی پێبگەیەنە.

- چۆنت دەوێت هەر وەها دەکەم.

- ئەوەتا دەڕۆیتەوە بۆ شار , ئەم کچەزایەی منیش لە تەك خۆتدا بگەیەنەجێ.

میمکە نێرگز نوشتایەوەو لە ژێر پێی بەسەر زەویەکەوە کالیارێکی گەورەی گەیوی زەردباوی هەلگرت , لە شۆفێرەکە نزیك بووەوەو پێی وت:

- ئەم کالیارەیش ببە بۆ خۆتان بۆ منالەکانت.

- میمکە نێرگز ئەم زەحمەتەی نەدەویست.

شۆفێرەکە لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەوە هەردوو دەستی درێژ کردو کالیارەکەی لە میمکە نێرگز وەرگرت. هەر لەو کاتەیشدا کاروان بە



خۆشحاڵیەکی زۆرەوە هەڵگژا بە بۆدیی پێکابەکەداو سەرکەوت. ئۆتۆمبیلەکە بەرەو خوار بووەوەو تۆزو گەردێکی زۆری بەدووی خۆیدا بەرز کردەوە. کۆتاییەکانی چەمی خۆشیان بڕی. ئوتۆمبیلەکە لە شیوەکە دەرچوو کە لەوێدا چەمی خۆشی تێکەڵ بە چەمی پان‌و بەرینی خاسە دەبوو. ئەوسا ئوتۆمبیلەکە گەیشتە سەر ئەو ڕێگا سەرەکییەی کە لە گوندی یاروەلیەوە بەرەو شاری کەرکوك دەچوو. جۆگەلە ئاوەکە چەمی خۆشی بەجێدەهێشت‌و لەوێدا پێچی دەکردەوە تاوەکو بە کەناری ڕۆژهەلاتی خاسەداو بە تەنیشتی ڕێگاکەدا بەرەو خووار ببێتەوەو باخەکانی کەناری ڕۆژهەلاتی خڕی خاسە ئاودێر بکات. پانیی خاسە نزیکەی دوو سەد تا سێ سەد هەنگاو دەبوو کە بە نێو کەرکوکدا رەتدەبووو، شارەکەی دەکرد بە بەری ڕۆژهەلات‌و بەری ڕۆژئاوا. ئۆتۆمبیلەکە بە بەرزی‌و نشێویی ڕێگا خۆلاوییەکەدا بەرەو خوار بووەوە. بە درێژایی ڕۆژهەلاتی ڕێگاکەدا پەرژینی تەلبەندی سەربازگەی باروودخانە دەبینرا. لە پڕ کاروان کە بەرامبەر بە پیرە ژنەکە دانیشتبوو وەکو ئەوەی بروسکەیەك بێت بە مێشکیدا شتێکی بیر کەوتەوەو یەکسەر دەستی بۆ گیرفانی شەرواڵەکەی درێژ کرد , پەنجەکانی ئاخنیە نێو گیرفانیەوەو دینارەکەی بەسەر کردەوەو لەوە دڵنیابوو کە هەر لە نێو گیرفانیدایە. پیرەمێردەکەیش دەستی نابووە بانی هەردوو چاویەوەو دەیڕووانیە ڕۆژئاوا , خۆرەکە هێدی هێدی لەسەر خۆ شۆڕ دەبووە خوارەوە. پیرەژنەکەیش لە نێو مشتیدا زەرفێکی هەلگرتبوو کە دیاربوو نامەبوو. پرسیاری لە کاروان کرد:

- وابزانم کوڕی باش خوێندەواریەکی باشیشت هەیە.؟

- بەڵێ تاڕادەیەك.

- کەواتە ئەم نامەیەم بۆ بخوێنەوە کە لە قاسمی کوڕمەوە بۆم هاتووە. ئەو کوڕە کلۆڵەم ماوەیەکە نەگەڕاوەتەوەو لە شاری کوت سەربازە.

زەرفەکەی دابەدەستی کاروانەوە. ئەویش لێی وەرگرتو کاخەزی نامەکەی لە نێو زەرفەکەی دەرهێناو کەوتە خوێندنەوەی:

((سەڵاوو ڕێزم بۆ دایكو باوکی خۆشەویستم هەیە. هەروەها سەڵاوم بۆ هەموو خزمو کەسو قەومو قیلەو دراوسێو ناسیارەکان هەیە. چاوی مناڵەکانی جاسمی برام ماچ دەکەمو دەستی کاکمو مامم ماچ دەکەم , سەڵاویشم بۆ حەلاوی براژنم هەیە. هەروەها ئەحواڵی هەموو کەسێك دەپرسم کە لە ئەحواڵی من دەپرسن. شوکور بۆ خوا هیچ خەمو خەفەتێکم نییە جگە لە دووریی ئێوە نەبێت. ئینشائەڵڵا سەری مانگ مووچەکەم وەردەگرمو مۆڵەتو ئیجازەیش دەسەنمو دەگەڕێمەوەو بەدیداری ئێوەیش شاد دەبم.. ئیتر هەر بمێنن بە خۆشیو شادیو بەختەوەری...)).

کاروان لە خوێندنەوەی نامەکە بووەوەو کاخەزەکەی خستەوە نێو زەرفەکەوەو دایەوە دەستی پیرەژنەکە. پیرەمێردەکەیش نقەی لە خۆی بڕی بوو گوێی بۆ خوێندنەوەی نامەکە رادەدێرا. هەردوو کچە توولازەکەیش لە نێو خۆیاندا بە چپە قسەیان دەکردو جاروباریش پێدەکەنین. پیکابەکە بە تەنیشتی بارودخانەوە بەرزیو نزمیەکانی رۆخی خاسەی دەبڕی. پیرەژنەکە بەوپەڕی خۆشیەوە نامەکەی گرت بە دەستەوەو یەك لەسەر یەك کەوتە ماچکردنی نامەکە. کاروانیش بەواق وڕمانەوە هەر تەماشای دەکرد.!
پیکابەکە گەیشتە مەزارگای خدری زیندە لە رۆخی خاسە. کاروان سەری بۆ لای شۆڤێرەکە درێژ کردو وتی:

- لێرەدا بووەستە دادەبەزم.

لەگەڵ وەستانی ئۆتۆمبێلەکەدا کاروان بازێکی داو دابەزیە خوارەوەو بەڕاکردن لە ئۆتۆمبیلەکە دوور کەوتەوە. جاروباریش دەستی دەئاخنیە نێو گیرفانی شەرواڵەکەیەوە بۆ ئەوەی بزانێت کە دینارەکە لە جێی خۆیدا ماوە. تەماشای کرد لە گۆمە قووڵەکەی خدری زیندە چەند برادەرێکی خۆیان



رووتکردۆتەوەو مەلە دەکەن. ئەمیش زەوقی بزواو بەپەلە خۆی رووتکردەوەو خۆی هاویشتە نێو ئاوەکەوە. لە نێو ئاوەکەوە چاوی پێوەبوو دووان لە هاوەڵەکانی دەستیان لە یەخەی یەکتری گیر کردووەو بەدیار ئاوەکەوە خەریکی شەڕکردنن لەگەڵ یەکتردا. ئەمیش خۆی پێڕانەگیراو بەپەلە شەرواڵەکەی لەپێ کرد. لەو کاتەیدا کە خەریکی خۆ لەبەرکردن بوو , بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێت دینارەکەی لێبەربووەوەو بایەك هەڵیکردو بۆ نێو گۆماوەکەی برد. هەموو برادەرەکانیشی یەك لە دووای یەك لەنێو ئاوەکە دەرچووبوونە دەرەوەو خۆیان لەبەردەکرد. کاروان بەپەلە خۆی گەیاندە نێوان ئەو دوو کەسەی کە خەریکی شەڕکردن بوون. زۆری کردو کۆشا تاوەکو تووانیی لێکیان جیا بکاتەوە. کاروانو برادەرەکانی ئەو شوێنەیان بەجێ هێشتو دوورکەوتنەوە. لە قەراخی جۆگا ئاوەکە کیسەڵێکی کەوتە پێش چاو. یەکێك لە برادەرەکانی بەردێکی هەڵگرتو بە هەموو توانایەوە کێشای بە بە پشتی کیسەڵەکەدا. کیسەڵەکە سەری بردبووە ژوورەوەو وەها دیاربوو بەردەکە کاری تێنەکردبوو. هەموو بە پێکەنینەوە هەنگاویان ناو لە کیسەڵەکە دوور کەوتنەوە. کاروان ئاوڕی دایە دوواوەو بینیی کیسەڵەکە سەری دەرهێناوەو خۆی دەخزێنێتە نێو ئاوی جۆگاکەوە. هەروەها کاروان لە پشتی خۆیانەوە چاوی بە مەزارگای خدری زیندە کەوت , کە کۆمەڵێك بەرد لە ژێر دار توویەکی زەبەلاحدا کەڵەکە کرابوون. گوایە لەو شوێنەو چەند شوێنێکی تردا کاتی خۆی کەسایەتیی خدری زیندەیان بینیوە , وەهایش باوە خدری زیندە هەردەم بە زیندوێتی دەمێنێتەوەو هەرگیز نامرێت.! زۆر رۆژی وەرزی هاوینیش کوڕوکاڵی گەڕەکەکانی زێویەو ئیمام قاسم روویاندەکردە خدری زیندەو لە گۆماوەکەی مەلەیان دەکرد. کاروانو برادەرەکانی بەرەو رووی خۆرەکە هەنگاویان دەنا کە خەریك بوو لە رۆژئاوادا لە ئاسۆ نزیك ببێتەوە. بۆ جارێکی تریش کاروان دەستی خزاندە

نێو گیرفانی شەرواڵەکەیەوە , بەڵام ئەمجارەیان پارەکەی نەکەوتە بەردەست. کسپەیەك بەدڵیدا هاتو نیگەرانیو خەمو خەفەتێکی جەرگبڕ سەراپا جەستەی داگرت. زانیی پارەکەی لە گیرفاندا نەماوەو لێی کەوتووە. هەڵوێستەیەکی بۆ کردو بەوپەڕی شپرزەییەوە لە برادەرەکانی پرسی:

- دینارێکم لێ بزر بووە , ئایا کەسێکتان نەتاندۆزیوەتەوە؟

هەموو بەواق وڕمانەوە تەماشایان کردو یەکێکیان بە گاڵتەوە پێی وت:

- راست ناکەیت!

- چۆن راست ناڵێم کە لە نێو گیرفانی شەرواڵەکەم دامنابوو؟ کەچی ئێستا لێم کەوتووەو بزر بووە.!

وەها دیاربوو کەسیان چاویان بە پارەکە نەکەوتبوو. کاروان بە هەڵەداوانو بەراکردن بەرەولای گۆماوەکە هەنگاوی نا. بە چاوێکی پشکەنەرانە دەیڕووانیە سەر رێگاکەو دەوروبەری. گەیشتە سەر گۆماوەکەو تەماشای کرد زەلامێك لەسەر تاشەبەردێك لە رۆخی گۆماوەکە دانیشتووەو دەستنوێژ هەڵدەگرێت. بە دەنگێکی هەڵبزڕکاوەوە لە کابراکەی پرسی:

- ئەرێ خاڵۆ گیان دینارێکم بزر کردووە , ئایا چاوت پێی نەکەوتووە؟

- نەخێر رۆڵە گیان. خۆزگە دەمدۆزیەوەو ئێستا بۆتم دەگێڕایەوە.

بۆ ماوەیەك چاوی بەم لاو بەولادا بێ هوودە گێڕاو پارەکەی نەدۆزیەوە. زەلامەکە لە دەستنوێژەکەی بووەوەو بەڕێی خۆیدا رۆیشت. لە خوارەوەیشڕا کاروان برادەرەکانی خۆیی چاو پێکەوت کە لە نێو باخەکانی رۆخی خاسەدا هەنگاویان دەنا. بۆ ماوەیەك کەوتە گەڕانو پشکنین , بەڵام هەموو هەوڵو کۆششەکانی بێ سوود بوون. لەپڕ چاوی بە دینارەکە کەوت کە ببوو بە سێ پارچەوەو بەسەر گۆماوەکەوە لەنگەری بەستبوو. بەدیتنی پارەکە بەسەر رووی ئاوەکەوە زیاتر تووشی خەمو پەژارە بوو. بۆی دەرکەوت کە رەنج بە خەسار بووەو پارەکەیشی لەدەستداوە. بە نائومێدیو هیوا بڕاویەوە پشتی



دایە دار تووەکەوەو لەسەر زەویەکە دانیشت. چاوەکانی سوور هەڵگەڕانو فرمێسکیان تێدازایی. بەخەفەتباریەوە هەردوو چاوی نوقاند. بۆ ماوەیەك بەو شێوەیە بەبێ جووڵە مایەوە. ئیتر نەیتووانی پێڵووی چاوەکانی هەڵبهێنێتو زۆری پێنەچوو خەوێکی قووڵ بردیەوە. ملی بەلای شانی راستیدا لار بووەوە. هێدی هێدی چووە نێو جیهانێکی ترەوەو پەیوەندیی بەم جیهانە جەنجاڵەوە نەما... خۆی لەنێو ئەلقەی رەشبەڵەکێکدا بینیەوە. چاوی بە باوکی کەوت کە سەرچۆپیی گرتووەو دەستماڵی دەستی رادەوەشێنێت. گەرچی لەوەتیی خۆی ناسی بووەوە باوکی خۆی نەبینی بوو , بەڵام لە نێو ئەلقەی هەڵپەڕکێدا سیمای باوکی کتو مت لەو وێنەیە دەچوو , کە بەسەر جنسیە کۆنە زەرد هەڵگەڕاوەکەی ماڵیانەوە بوو , کە ماوەی چەند ساڵێك بوو سارای دایکی لەسەر رەفەی ژوورەکەیاندا پاراستبووی. باوکی رانكو جۆخەیەکی سپیی تازەی لەبەردابوو , زۆر بە گەرمو گوڕیو بە جۆشو خرۆشەوە هەڵدەپەڕیو سەرچۆپی گرتبوو. بە تەنیشتیوەیش دایکی دەستی لە نێو دەستی مێردەکەیدا بوو ئەویش هەڵدەپەڕی. لەملایشەوە کابرایەکی تر دەستی گرتبوو کە شێوەو رووخساری لە باوکی دەچوو. زانیی کە ئەو پیاوە وەسمانی برای باوکیەتی کە دەکاتە مامیو شێوەیشی بە رادەیەکی زۆر لە باوکی دەچوو. بە درێژایی ژیانی دایکی خۆیی بەڕەشپۆشی بینی بوو , بەڵام لە هەڵپەڕکێکەدا دایکی جلو بەرگی کوردیی ئاڵو واڵای پۆشی بوو. قژەکەیشی بەباشی داهێنابوو بەسەر شانو ملیدا پەخش ببوو. دوو چاوشیش لەنێوەڕاستدابوون کە یەکێکیان دەهۆڵی دەکوتیو ئەوی تریشیان زوڕنای دەژەنی. پاش ماوەیەك هەردوو چاوشەکە لە دەهۆڵ لێدانو زوڕنا ژەنین بوونەوە. زوڕنا ژەنەکە رووبەڕووی باوکی کاروان بووەوەو دەستی هەڵبڕیو کەوتە شاباش کردنو وتی:

((شاباش.. شاباش.. خوله زێوێییو.. سارای ژنیو.. وەسمانی برای.. شاباش... شاباش...))

خەڵکێکی زۆر ئەو ناوەیان تەنی بوو. هەموو دەم بە پێکەنین دەیانڕووانیە شاییو هەڵپەڕکێکە. بە تەنیا کاروان لە دوورەوە تەماشای دەکردو لە ناخەوە دەکولاو , رقو کینەی لە باوکیو دایکی هەر لە بەرزبوونەوەدا بوو. حەزی دەکرد روو بکاتە دایکیو دەستی بگرێتو , بە روویدا هەڵبشاخێتو لە باوکی دووری بخاتەوە. لەپڕ باوکی لە دوورەوە کاروانی کەوتە پێش چاو. هەنگاوی ناو گەیشتە ئاستیو بە توندی مەچەکی کوڕەکەی گرت. کاروانیش بە توندی دەستی خۆی راتەکاندو مەچەکی لە نێو دەستی باوکی ترازاندو خۆی لێ دوور خستەوە. هاواری بەسەر باوکیدا کردو وتی:

- نامەوێت تۆ باوکی من بیت.!

باوکی بەسەرسامیەوە لێی پرسی:

- بۆچی رقت لێمە!؟

کاروان دەنگی خۆی بەسەر باوکیدا هەڵبڕیو وتی:

- تۆ بۆ ساڵەهای ساڵ دەچێت ئێمەت بەجێ هێشتووەو سەری خۆت هەڵگرتووەو کەس نازانێت بۆ کوێ چوویتە.!؟

- تۆ خۆت هێور بکەوەو لە پاشاندا بە شێنەیی هەموو شتێکت تێدەگەیەنم.

باوکی گەڕایەوە بۆ لای زوڕناژەنەکەو هەندێك چپەی کرد بە بناگوێیدا. کابرای چاوشیش پاش گوێ راگرتن دەستی هەڵبڕیو کەوتە شاباش کردنو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

((شاباش.. شاباش.. خولە زێوێییو.. کاروانی کوڕیو.. سارای ژنیو... وەسمانی برای.. شاباش).

بۆ جارێکی تریش دەنگی دەهۆڵو زوڕنا بەرزبووەوە. باوکی کاروانو دایکیشی بە جۆشو خرۆشێکی زیاترەوە هەڵدەپەڕینو پێیان دەدا بەزەویدا. زۆری



پێنەچوو هەورێکی رەشی چڵکن رووی ئاسمانی داگرت. بارانێکی بە خوڕ دایداو هەر کەسەو مەیدانی شاییەکەی بەجێهێشتو بەڕاکردن دوورکەوتنەوە. ئەو نێوەندە بۆشو بەتاڵ مایەوە. کاروان هەر خۆی بەتەنیا لە ژێر لێزمەی بارانەکەدا مایەوەو هەموو دەوروبەری چۆڵ ببوو.. هەستی بە تەنیاییو نامۆیی کردو ویستی دەمی هەڵبهێنێتو بڵێت بۆچی من بەتەنیا ماومەتەوە..!؟ هەر لەو ساتو کاتەدا کاروان چاوی کردەوە گەڕایەوە بۆ دنیای راستەقینەی خۆی.. بەتەنیا خۆی لەژێر دار تووەکەدا بینیەوە. بۆی دەرکەوت کە خەو بردبوویەوەو خەونێکی دوورو درێژی ناخۆشیشی بینی بوو.! هەردوو چاوی خۆی هەڵگلۆفتو سێ سەگی کەوتە پێش چاو کە قیت بەرامبەری وەستابوون. بەباشی هاتەوە سەرخۆیو چاوی بڕییە سەگەکانو ئەوانیش لە ئاستی خۆیانەوە چاویان تێبڕیبوو. بە تایبەتی یەکێك لە سەگەکان بەڕادەیەکی زۆر لمۆزی لەدەمو چاوە خەواڵوەکەی نزیك کردبووەوە. سەگەکە بە چاوێکی ساردەوە دەمی داپچڕی بوو. کاروان هەستی بە تەنیایی کردو لە هەمان کاتیشدا وەهای بە مێشکدا هات کە سەگەکانیش هەر وەکو خۆی لەو دەشتو دەرەدا هەست بە تەنیاییو زەبوونی دەکەن. لەو کاتەیدا کە هەڵسایە سەرپێ خۆرەکە ئاوابوو , بەڵام دنیا هێشتا بە تەواوەتی تاریك هەڵنەگەڕابوو. پێی هەڵگرتو بەپەلەو بە خێرایی رێگای باریکی رۆخی خاسەی گرتەبەرو بەرەو خوار بووەوە.

## - ٥ -

کەپرە قوڕەکەی عەبەی باخەوان لەشاردا کەوتبووە دامێنی باخەکەی کەناری خڕی خاسە. لەوسەری باخەکەوە بەلای تەرەڤ ڕۆژهەڵاتدا لە دووریی سەد هەنگاوێکدا ریزە خانووە قوڕە خوارو خێچەکانی گەڕەکی زێویە دەبینران , گڵۆپی دارتەلەکانی گەڕەکەکەو چەند گڵۆپێکی زەردی نێو ماڵەکانو بەردەرگاکان بەو پاش مەغریبە بەکزی خۆیان دەنوواند. دەرکی کەپرەکە دەیڕووانیە لای باکوور. دوو داری تووی زەبەلاحیش لە پشتی کەپرەکەوە لقو پۆیان بە سەوزی خۆیان دەنوواند. عەبەی باخەوان حەسیرو پێخەڤ لەبەر دەرکی کەپرەکە راخستبوو. بەرامبەر بە بوتڵە عەرەقەکەیو دەوریەك مەزە دانیشتبوو. لەو کاتو ساتەدا کە خەریك بوو دنیا بە تەواوەتی تاریك هەڵبگەڕێت , ئەم بەوپەڕی شادیو بەختەوەریەوە خەریکی خواردنەوە بوو. بادەیەکی هەڵقوڕاندبووەوە. بە تەمای ئەوەبوو بادەی دووەمیش بنۆشێت. چرایەك بە کزی بەسەر سفرەکەیەوە تیشکی دەهاویشتو دەوروبەری ڕۆشن دەکردەوە. هیچ خەمو پەژارەیەك لە ناخیدا تەنگی پێ هەڵنەدەچنی , بەس بەتەنیا جاروبار مێشوولەیەك دانیشتنەکەی لێ تێکدەداو بەلاملیەوەی دەدا , ئەمیش بە هەموو توواناى خۆیەوە شەپازللەیەکی لە خۆی دەدا بە مەبەستی کوشتنی مێشوولەکە یاخوود دوورخستنەوەی. سەری هەڵبڕیو بەرەوژوور هەڵی ڕووانی. تارماییەکی بچووکی هاتە پێش چاو کە بەرەو لای کەپرەکە دەهات. هەرکە تارماییەکە نزیك بووەوە ناسیەوەی کە کاروانەو بەرەو لای کەپرەکە دێت. بەسەرسوڕمانەوە لە کاروانی پرسی:

- بەم تاریکە وەختە لە کوێوە دێیت؟
- لە چەمی (خۆشی) یەوە دێم.
- ئەی گوایە بۆچی وادووا کەوتوویتە؟



- دینارێکم لە گیرفاندابوو , لەبەدبەختیدا لێم کەوتووەو زۆریش بەدوویدا گەڕامو نەمدۆزیەوە. گەڕانو سۆراخم بە دووی دینارە ونبووەکەدا دووای خستم.
- ئێستا دایکت شپرزە بووەو لەوانەیە بە هۆی دوواکەوتنی تۆوە نانی ئێوارەی پێنەخورێت.
- نەخێر , دایکم نیگەران نییە دەرهەق بەمن , چونکی دەزانێت لەسەر بێستانی ماڵی باپیرەم بوومە.

کاروان ویستی بەڕێگا باریکەکەی نێو باخەکەدا بکەوێتەڕێ بەرەو ماڵی خۆیان. پێش ئەوەی بڕوات عەبەی باخەوان چینیەکی بچکۆلانەی بەدەستەوە گرتو درهەمێکیشی خستە نێو چینیەکەوەو وتی:

- ئەم چینیەو درهەمەکە بەرێگای خۆتەوە بدە دەستی میم خونچە.
- ئەم چینیو پارەیە چییە؟
- تۆ بیدەرێو هەقت نەبێتو خۆی دەزانێت. چینیەك ماستم لێ کڕیوەو پارەکەیش هەقی ماستەکەیە. ئەگەر توانیشت سبەی بەیانی چینیەك ماستی ترم بۆ بهێنە.

پێش ئەوەی کاروان بکەوێتە ڕێ عەبەی باخەوان بە گاڵتەوە پێی وت:

- درهەمەکەیش وەکو دینارەکە بزر نەکەیت.!

مانگەشەوەکە بەرەو بەرز هەڵدەکشاو لە دەنگی بۆقی نێو خاسە بەولاوە شتێکی تر نەدەبیسترا. بۆقە نادیارەکان لە هەموو لایەکەوە دەنگیان لێ هەڵبڕی بوو گۆرانیی تایبەتیی خۆیان دەچڕی. لە هەمان کاتدا دەنگێك بەرز بووەوە کە بەو شەوە گۆرانیی دەووت. عەبەی باخەوان خاوەنی دەنگەکەی ناسیەوە کە رەوڤ هەرزەکار بوو. لاوە تازە هەڵچووەکە لە نێو تریفەی مانگە شەوەکەدا کراسە سپیەکەی بەری کە بەسەر پانتۆڵێکی رەشەوە بوو دەرکەوت. بالایەکی باریكو قژێکی لوولو سمێڵێکی قەیتانیی هەبوو. لە

دووایەوە سەگێك بە كلكە لەقێ بەدووی كەوتبوو. لاوەكە بەرامبەر بە عەبەی باخەوان وەستاو وتی:
- شەو باش كاكە عەبە.
- شەوێكی باشتر.
- لەگەڵ چیدا خەریكیت؟ ئەی رادیۆیەكەت لە كوێیە؟
- رادیۆكەم سەقەت بووەو لەلای وەستایە. رەوف تۆ مەشرووب خۆریش نیت تا فەرمووت لێبكەم.
- جا من كەی لە ژیانمدا خواردوومەتەوە؟ تووڕەم بكەیت شەقێك لە بوتڵەكەی بەردەمت هەڵدەدەم.
- رەوف گیان لەسەر خۆت بەو ئاوەها بەم جۆرە دەهەری‌و دەمارگیرو عەسەبی مەبە. زانیمان عاشقیت بەڵام نەك بەم شێوەیە.!
لە كاتی دەم‌و دووو قسەكردنیاندا سەگەكە لەولاوە مۆتكەی بەستبوو. عەبەی باخەوان لەتە نانێكی خستە نێو ماستەوەو بۆ سەگەكەی هاویشت‌و سەگەكەیش سەری تێژەنی‌و كەوتە خواردنی. عەبەی باخەوان وتی:
- سەگەكەم زۆر دڕە , بەڕادەیەك سوار لەبەرزە وڵاخ دادەگرێتە خوارەوە , بەڵام تۆی عاشق باش دەناسێتەوە , چونكی بەم شەوگارە ئارامت لێ بڕاوەو هەر ئەمسەرو ئەوسەر دەكەیت بەم قەراخی خاسەیەدا. ناهەقت ناگرم چونكی تۆ مەست‌و سەرخۆشی عەشقیت , بەڵام من هێشتا سەرم گەرم نەبووە.!
- ببوورە كاكە عەبە. ناهەقم مەگرەو گاڵتەت لەگەڵدا دەكەم. چونكی عاشقم بۆیە رقم لەكەس نییە. تۆیش وەكو من عاشقی بادەیت.
- رەوف گیان. من زەرەرو زیانم بۆ كەس نییە , بگرە هەردەم دەخۆمەوەو پشت لە خەڵكی دەكەم‌و روو لە خاسەو چۆڵەوانی دەكەم , كەچی رۆژی



هەینی مەلای مزگەوتەكە زۆر بە خراپی باسی كردووم. نازانم منی بێ وەی‌و بێ زەواڵ چ خراپەیەكم بۆ خەڵكی هەیە.!؟
رەوف گوێی بۆ قسەكان رادەدێراو , بەردەوامیش تەماشای دووری دەكردو نیگای ئاراستەی ماڵە قوڕەكانی گەڕەكەكە دەكرد. بە سمێڵ بادان‌و گۆرانی ووتن‌و بەبێ خواحافیزی ئەو نێوەندەی بەجێهێشت‌و رۆیشت.

## - ٦ -

ریزە خانووە قوڕەکانی زێویە لەوسەری باخەکەوە بە سەد هەنگاوێك لە کەپرەکەوە دووربوون , ڕێگا سەرەکییە خۆڵە پەتانییەکەیش کەوتبووە نێوانی ریزە ماڵەکەو جۆگە ئاوی دامێنی باخەکە سەرجەم گەڕەکەکە بەو شەوە نوقمی بێ دەنگی ببوو. مانگەکەی ئاسمان هێدی هێدی هەر لە هەڵکشاندا بوو بەرەو قووڵایی ئاسمان. تریفەی شینباوی مانگەشەوەکە , سەوزیی باخەکەو زیخو چەوی نێو خاسەی پۆشی بوو. پاش ڕۆیشتنی رەوق عاشق بەردەوام عەبەی باخەوانیش پەیتا پەیتا قومی لە گلاسە عارەقەکەی دەداو جاروباریش مەزەکەی چەش دەکرد. لە پڕ دەنگی تەقەی دوو گوللە ئەو نێوەندەی هێنایەوە یەك. عەبەی باخەوان بە بیستنی ئەو دەنگە چاوەڕوان نەکراوە تووشی نیگەرانیو دڵەڕاوکێ بوو. سەگەکەی بازووقەیەکی داو کەوتە وەڕین. هەتا دەهات دەنگی وەڕینی سەگەکە زیادی دەکرد. عەبە هەستی کرد کەوا شتێك لە ئارادایەو ئەم خۆی بە تەواوەتی پەی پێ نابات بەڵام سەگەکەی بەخۆڕسکیی خۆی دەرکی پێدەکات. هەڵسایە سەرپێ وەك خۆ ئامادەکردن بۆ هەر پێشهاتێکی چاوەڕووان نەکراو. پێڵاوەکانی لەپێ کردو قیت لێی وەستاو کەوتە هەڵڕووانینی دەوروبەری خۆی , جاروباریش نیگای ئاراستەی شوێنی دوور دەکرد. لەپڕ کابرایەکی ریش درێژ کە کلاوێکی لەسەر بووو شەرواڵو مرادخانیەکی خاکیشی لەبەردابوو بە شەلەشەل لە کەپرەکە نزیك بووەوە. سەگەکە بە حەپەحەپ لێی ئالاو زۆر بەتوندی کەوتە وێزەی. ئەویش بەلەنگی هەنگاوی دەناو سەگەکەی لە خۆی دوور دەخستەوە. عەبە ترسێکی زۆری لێنیشتو بەرەو دووا چەند هەنگاوێك پاشەکشەی کرد , لە پاشاندا هاتەوە سەرخۆیو رووی کردە سەگەکەو لە کابراکەی دوور خستەوە. کابرا بە دەنگێکی هەڵبزڕکاوەوە بە عەبەی وت:



- تکایە بمشارەوەو شوێنێکم بۆ دابین بکە..

- پێم بڵێ چی قەوماوەو چیت بەسەر هاتووەو تۆ کێیت؟

کابراکە زۆر بە پەلە قسەکانی لە دەمی دەهاتە دەرو وتی:

- ئێستا وەختی ئەم قسانە نییە , زوو بەفریام بکەوەو رزگارم بکەو پۆلیس بە دووامەوەیە..

- لە راستیدا هیچ پەنایەك شك نابەم , بەڵام وەها چاکە خۆت بهاویتە نێو خڕی خاسەوەو خۆت لەبەر چاو بزر بکەیت , بڕوا ناکەم کەس بەو ئاسانیە بتووانێت بتدۆزێتەوە..

کابراکە بە شەلە شەل هەنگاوی ناو وەها دیار بوو کە پێی بریندار بووبێت. تووانیی خۆی بخاتە نێو خڕەکەوەو لە چاو ون بێت.. سەگەکە بۆ جارێکی تریش کەوتەوە هەڵبەزو دابەزو حەپە حەپو وەڕین. کسپەیەك بەنێو دڵی عەبەدا هاتو خۆی بۆ پێشهاتێکی خراپتر ئامادە کرد. ترسێکی بێ شوومار دایگرت , بەڵام تووانیی خۆی هێور بکاتەوەو ورە بخاتە بەرخۆی. سەرەڕای هەموویشی دڵی بە توندی لە ژێر پەراسووکانیەوە لێی دەداو ترپە ترپی پێی دەهاتە بەرگوێ. ئەمجارەیان لە دوورەوە دوو تارمایی کەوتە پێش چاو. تا دەهات دوو تارماییەکە زیاتر نزیك دەبوونەوە. عەبە تووانیی بە ئاسانی روخساری رەشید چاوشو بلە پۆلیس بناسێتەوە. کە بە جووتە خۆیان چەماندبووەوە هەریەکەو تفەنگێکی ئینگلیزیی بەدەستەوە گرتبوو , بە وریاییو ئاگاداریەکی زۆرەوە هەنگاویان دەنا. سەگەکە کەوتە وێزەیان بەوەڕینو شالاوی بۆیان دەبرد , ئەوانیش ترسو تووڕەیی پەڕی بووە چاویانو بەرقو کینەیەکی زۆرەوە بێ وچان چخەیان لە سەگەکە دەکردو دەیانویست لە خۆیانی دوور بخەنەوە. عەبە چوو بە هانایانەوەو سەگەکەی لێیان دوورخستەوە. بلە پۆلیس هەڵیکوتایە سەر عەبەو لوولەی تفەنگەکەی لەسەر سنگی توند کرد. لەملایشیەوە رەشید چاوش بە توندی تفەنگەکەی

بەدەستەوە گرتبوو ئازای لەشی لە تووڕەییدا وەك بینی ئاو دەلەرزی. رەشید چاوش بە تووڕەییەوە بە عەبەی وت:

- پێم بڵێ ئەو کابرا هەڵاتووە فیرارە بۆ کوێ چوو؟

عەبە دەمی بەیەکا هاتو بۆ ماوەیەك زمانی نەهاتە گۆو لە پاشاندا تووانیی قسەبکاتو بڵێت:

- باوەڕیتان بێت نە کەسم بینیوەو نە کەسیشم شاردۆتەوە؟

- گوایە کێ وتوویەتی کەست شاردۆتەوە. ئێمە بەتەنیا پرسیاری ئەوەت لێدەکەین ئایا ئەو کابرا هەڵاتووە بۆ کوێ رۆیشت؟

- جا گەر بمبینیایە یاخود بمزانیایە هەر ئێستا پێتم دەووت.

- من دڵنیام کە بەم شوێنەدا رەت بوو. بێگومان بینیوتەو بەباشی چاوت پێکەوتووە!

- من لە باخەکەی خۆمو کەپرەکەی خۆم بەولاوە تەماشای هیچ شتێکی تر ناکەم.

- گەر پێمان نەڵێیت بەرەو کوێ رۆیشتووە خراپت بەسەر دەهێنین , کارێکی وەهات پێدەکەین کە هەرگیزاو هەرگیز لە بیرت نەچێتەوە..

- جا چی دەکەیت بیکە. من پێت دەڵێم کەسم نەبینیوە.

رەشید چاوش نەختێك هێور بووەوەو بە بلە پۆلیسی وت:

- بلە با زۆر ئاگاداری دەوروبەری خۆمان بە , نەوەك ئەو کابرا جەردەیە زەفەرمان پێبەرێت.

بلە پۆلیس لوولەی تفەنگەکەی لە سینگی عەبە دوور خستەوەو کەوتە دیقەتدانو پشکنینی دەوروبەری خۆیان. هەردوو پۆلیسەکە گەرچی تفەنگیان پێ بوو , بەڵام ترسێکی لە رادەبەر پەڕیبووە چاویان. بە وریاییو ئاگاداریەکی لە رادەبەر دەوروبەری خۆیانیان بەچاویان دەپشکنی. عەبەی باخەوانیش نەختێك هاتەوە سەرخۆیو وتی:



- دەفەرموون دابنیشن با چایەیەکتان بۆ لێبنێم.

- کاتی کارو فەرمانەو کاتی پشوودانو چایخواردنەوە نییە.

- بە تەنیا ئێوە پێم بڵێنو پێم رابگەیەنن داخۆ چی روویداوەو چی قەوماوە؟ بەم شەوە درەنگە بۆچی ئاوەها بەم شێوەیە خۆتان سەخڵەت کردووەو ئەم چۆڵەوانیەتان گرتۆتەبەر..؟

بلە پۆلیس هاتە وەڵامو وتی:

- ئێمە بەدووی چەند کەسانێکی زۆر ترسناکدا دەگەڕێین. پێویستە لە هەر کوێیەکدا بن دەستگیریان بکەین.

عەبە بە پەلە وتی:

- ئەو کەسانە کێن کە ئێوە بە دوویاندا کەوتوون؟

رەشید چاوش هاتە وەڵامو وتی:

- چەند کەسانێك یاخینو ئێستا هەڵاتوون. لە هەموویان پڕ لە مەترسی تر خولە زێوێییە..!

- وەك بزانمو بیستوومە خولە بۆ ماوەی ساڵەهای ساڵ دەچێت هەڵاتووەو بێ سەرو شوێنە.!

- راستە ماوەی دە ساڵ زیاترە کە گۆڕی گومە , بەڵام لەم چەند رۆژەی پێشوودا گەڕاوەتەوە.

- گوایە بۆچی نەتانتووانی بیگرنەوە.!؟

- ئێمە دوورو نزیك کەوتینە دووایان , ئێستایش یەکێکیانمان دایە بەر گوللەو بەرەو ئەم ناوە هەڵات. ئەگەر هەر کاتێك یەکێکیانت چاو پێکەوت , ئەوا زووبەزوویی ئاگادارمان بکەوە تاوەکو دەستگیریان بکەین.

- وەها چاکە برۆنەوە ماڵی خۆتانو ئەم جلو بەرگەتان لەبەر خۆتان دابکەنو لە نێو ماڵو منداڵی خۆتاندا پشوو بدەن.

- تۆ هەقی ئێمەت نەبێتو مشووری ئێمە مەخۆ. تۆیش وەها چاکە بەم سەگە درەی خۆت خۆراك نەدەیت چونکی زۆری نەمابوو هەر بمانخوات.

- ئەم سەگەی من بەس بەتەنیا بە خەڵکی نامۆو پیاو خراپ دەوەڕێت.

رەشید چاوش بە بیستنی قسەکانی عەبە تووڕەبوو. کڵاوە پۆلیسیەکەی لەسەرخۆی داکەندو بە توندیو بە تووڕەییەکی زۆرەوە کێشای بە سنگی عەبەداو وتی:

- بۆ تۆ ئێمە بە پیاو خراپ دادەنێیت؟

- نەخێر من نەموتووە ئێوە پیاو خراپن , بەڵکو وتم سەگەکەم بە پیاو خراپ دەوەڕێت.

- ئێمە دەڕۆینو تۆیش بەباشی چاوو گوێی خۆت بکەوەو لەهەر ڕووداوێك ئاگادارمان بکەوە.

رەشید چاوش بەسەری رووتی کەوتە هەنگاونانو کڵاوەکەیشی لەسەر زەویەکە کەوتبوو. بلە پۆلیسیش دووابەدووای ئەو بەئاگاداریەکی زۆرەوە هەنگاوی دەنا. کاتێك کە دوور کەوتنەوە کابرای نامۆ لە جێیەکەی خۆی لەنێو خاسەدا دەرچووە دەرەوە. عەبەیش کڵاوەکەی رەشید چاوشی لەسەر زەویەکە هەڵگرتبووەوەو کردبوویە سەری خۆی. بەگاڵتەوە هەنگاوی دەنا هەروەك ئەوەی دەوری رەشید چاوش بنوێنێت. کاتێك کابرای نامۆ لێی نزیك بووەوە هاواری بەسەردا کردو پێی وت:

- تۆ خولە زێوێییتو منیش رەشید چاوشمو هەر ئێستا دەستگیرت دەکەمو فڕێت دەدەمە زیندانەوە.

کابرای نامۆ هاتە قسەو بە عەبەی وت:

- دەباش بزانە کە راستە لە زیندان هەڵاتووم , بەڵام من خولە زێوێیی نیم.

- ئەی گوایە تۆ کێیت؟

- من وەسمانی برای خولە زێوێییم.!



- جا هەر کەسێك بیت من ئێستا لەسەرمە دەستگیرت بکەم.

- تۆ جارێ زوو بەزوویی ئەو کڵاوە لەسەرت بکەوەو فڕێی بدە چونکی لێت نایەت.

عەبە بە دەنگێکی بەرز دایە قاقای پێکەنین. هەر لەو کاتەدا بوو کە سەگەکە بۆ جارێکی تریش کەوتەوە هەڵبەزودابەزو وەڕین. ترپەی پێیەك هاتە بەرگوێو بەپەلە کابرای نامۆ لە پاڵی کەپرەکەدا خۆی شاردەوە. بلە پۆلیس دەرکەوتو بە عەبەی وت:

- کڵاوەکەی رەشید چاوش لێرەدا بەجێ ماوەو منی ناردووە تاوەکو بۆی ببەمەوە.

عەبە کڵاوەکەی لوولداو بەتووڕەییەوە دای بەدەستیەوە. بلە پۆلیس بەلەخۆباییەوە وتی:

- بەس ئەو جەردانەم بکەوێتە بەر دەست دەبێت وەکو سەگ پەتیان بکەم.

بە هێواشی لە پەنای کەپرەکەوە کابرای نامۆ دەرچوو کە دەمانچەیەکی بەدەستەوە گرتبوو. لە پشتەوە لوولەی دەمانچەکەی لە پشتی سەری بلە گیر کردو پێی وت:

- تۆ خەڵکی وەکو سەگ پەت دەکەیت؟ ئێستا گەر تفەنگەکەت فڕێ نەدەیتە سەر زەویەکە , گوللەیەکت پێوە دەنێمو لەم شوێنەدا دەتکوژمو خۆمیش رادەکەمو ئاودیو دەبمەوەو دەڕۆمەوە شوێنی جارانی خۆم.

بلە پۆلیس نەیویست تفەنگەکەی فڕێ بداتو کەوتە پاڕانەوەو لاڵانەوە.

عەبەیش بەواق وڕمانەوە تەماشای ئەو دیمەنەی دەکرد , بلە پاڕایەوەو وتی:

- تکات لێدەکەم من کردمو تۆ نەیکەیت. مناڵم وردەو پیاوی چاك بەو مناڵەکانم هەتیو مەکەو مەمکوژە.

- پێت دەڵێم تفەنگەکەت فڕێدە سەر زەویەکە.

بلە پۆلیس هەموو جەستەی لە ترسانا دەلەرزی‌و ترس پەڕی بووە چاوی. لە ئاکامدا ناچار تفەنگەکەی فڕێدایە سەر زەوییەکە.. کابرا هاواری بەسەردا کردو وتی:

- ئێستا ئازایەتیت دەرکەوت.!

عەبەی باخەوانیش کەوتە پاڕانەوەو پاکانەی بۆ بلە کردو وتی:

- تکایە لەلای من گێچەڵێك مەنێنەوەو منی کلۆڵیش تووش مەکەن.

کابرای نامۆ بەتوورەییەوە بە بلە پۆلیسی وت:

- نامەوێت بتکوژم. دەستت درێژ بکەو تفەنگەکەت هەڵبگرەو لەبەرچاوم مەمێنە.

بلە پۆلیس بەلەرزەلەرز تفەنگەکەی هەڵگرتەوەو دوور کەوتەوە , جاروباریش بە ترسەوە ئاوڕی لە دووای خۆی دەدایەوە. عەبەی باخەوان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:

- سوپاس بۆ خوا کە هەموو شتێك بە سەلامەتی بەسەرچوو. خوا رەحمی کردو خوێنێك لەلای من نەڕژا. بەڕاستی تاقەتی بگرەوبەردەم نییە.

پاش رۆیشتنی پۆلیسەکان عەبەی باخەوانو کابرای هەلاّتوو لەبەردەم کەپرەکە دانیشتبوونو مانگەشەوەکەیش بەژوور سەریانەوە لە ئاسماندا دەدرەوشایەوە. عەبە بە کابرای وت:

- کاکی برا شەروالّەکەت هەلّکە تاوەکو برینەکەی پێت بشۆینو بیپێچینەوە.

- بە کاکی برا بانگم مەکە من ناوم وەسمانەو تۆ باشیش من دەناسیت.

- باشە کاك وەسمان چۆنی دەلّێیت با هەر وابێت. لە راستیدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەچێت کە من تۆم نەبینیوە.

- زەمانی چەپگەرد منی لە گەرەكو شاری خۆم دوور خستەوە.

- پێم بلّێ برینەکەت ئێشی هەیە.

- ئێشو ئازاری کەمە , خۆشبەختانە گوللەکە بە ئاستەم لاقمی سمیوەو بەر ئێسك نەکەوتووە.

- ئەگەر حەزدەکەیت بچم موزەمیدت بۆ بهێنم. کەمال موزەمید مالّیان لە زێویەیەو زۆر دوور نین.

- بەم نیوەشەوە نامەوێت تۆیشو خەلّکی تریش ئەزیەت بدەمو ماندووتان بکەم. برینەکەم جێی مەترسی نییەو بەتەنیا برینێکی هاکەزاییەو نەختێك خوێنم لەبەر رۆیوەو هیچی تر.

وەسمان دەلنگی راستی شەروالّەکەی هەلّکردو بە پەنجەکانی برینەکەی بەسەرکردەوە. عەبەیش مەسینەیەك ئاوی پاکی هێناو رۆیکردە سەر برینەکەو وتی:

- جێی مەترسی نییە بەتەنیا لاقت تۆزێك رووشاوەتەوەو هیچی تر.

- منیش هەروەهای تێدەگەم. بۆ چەند رۆژێکیش ئاسەواری برینەکە نامێنێت.



عەبە بەسابوون پاك برینەکەی شوشتو لە پاشاندا بە پارچە پەرۆیەك برینەکەی بەستەوەو وتی:

- ئەگەر بەباشی دەزانیت رۆژ هەلاّت بانگی موزەمیدەکەت بۆ بکەین تاوەکو بەباشی تیماری برینەکەت بکات.

- وابزانم پێویست بە موزەمید ناکات. ئەوەتا گوللەکە لەدوولاوە شەروالّەکەمی کون کردووەو بەر لاقی راستم کەوتووە. گەر گوللەکە ئێسکی بگرتایە حەتمەن ئیفلیجمی دەکرد.

عەبەی باخەوان پێکەنیو وتی

- تۆ لە هەموو راکردنو هەلاّتنێکدا بەخت یاوەرتەو لە ئەنجامدا رزگارت دەبێت. ئەمە بۆ چەند جارێك دەچێت کەتۆ هەر فرکان فرکانتەو لە دەستی دەولّەت رادەکەیت. ئەمجارەیشیان هەم لە گوللەی پۆلیسیش رزگارت بوو.!

- ئەمجارەیشیان رزگارم بوو. برینەکەیشم خواوراسان سووکەو سەخت نییە , بەلاّم کێ دەلّێت بۆ جارێکی دی بەئاسانی رزگارم دەبێتو سەرم تیاناچێت!؟

- ترست نەبێت خوا یارمەتیت دەداو لە تەنگانە رزگارت دەکات.

عەبە هەلّساو چووە نێو کەپرەکەوە. مەقالّە قورەکەو چەند پریاسکەیەکی هێنایە دەرەوەو لەبەردەم کەپرەکەی داناو بە وەسمانی وت:

- تۆ ماندوو شەکەتیت. نانو چایەیەك بخۆو پشوویەکی باشیش بدە , چونکی برسیتەو ماندوێتیش لە هەری خستوویت.

- زۆر سوپاست دەکەمو لە پیاوەتیت دەرناچم.

وەسمان پالّی دایەوەو کلاّوەکەی لەسەر خۆی داکەند , دەستێکی بەریشە رەشەکەیدا هێنا , کە تاكو تەراك مووی سپیی تێدا بەدی دەکرا. عەبە مەقالّەکەی بە چیلکەو پارچە دار داگیرساندو قۆریە چایەکەی خستە سەریو بە وەسمانی وت:

- ترست نەبێت دلّنیابە چیتر پۆلیسەکان ناوێرن روو بکەنەوە بۆ ئێرە.

- منيش وەهای بۆ دەچم , تەنانەت پۆليسەكەيش لە رووى  نايەت بۆ چاوشەكە باسى ئەوە بكات كەمن چەكم كردووەو تفەنگەكەم لێسەندووە..
عەبە پێكەنیو وتی:
- ئيشێكى باشت كردو چاويت شكاند.

عەبەی باخەوان نانو ماستو چايى خستە بەردەم وەسمان ئەويش دەستى بە خواردن كرد. شنەبايەك هەڵی دەكردو بەڕوووياندا دەپژاو ناخی مرۆی دەبووژاندەوە. بەڵام جاروبار مێشووله بەگيزەگيز لەسەر دەستو لامل دەنيشتنەوەو جۆرە بێزاريەكی لەگەڵ خۆيدا دەهێنايە ئاراوە. چراكەيش تيشكی بەملاو بەولادا پەخش دەكردو ئاوێتەی تريفەی مانگە شەوەكە دەبوو. پاش ئەوەی وەسمان لە خواردن بووەوە , شانی دايەوە سەر سەرينەكەی تەنيشتیو هەردوو پێی درێژكرد. ئەوسا عەبە دەستی كرد بە قسە كردنو وتی:
- من ساڵانی زوو تۆو خولە زێوێيی براتم لە دوورەوە دەناسی , بەڵام هەردووكتان تێگلان بە كێشەو رووداوەكەی گاورباخيەوەو لەپڕ وون بوونو لەبەر چاو بزر بوون.!
- من ئێستا بێ تاقەتو ماندووم , بەڵام خوايار بێت سبەی بەدوورو درێژی باسی سەرگوزشتەی ژيانی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە. بەوردی چيم بەسەر هاتووە هەموويت بۆ باس دەكەم. ئێستا ماندوێتی تەنگی پێ هەڵچنيومو ناتووانم بە دوورو درێژی هەموو رووداوێكی ژيانی خۆمانت بۆ بگێڕمەوە.
- واباشە بخەويتو تۆزێك بحەسێيتەوە.
- خولەی برام كاتی خۆی ژنی هەبوو , داخۆ ئێستا ژنو مناڵەكەی چييان بەسەر هاتووە؟



- لە راستيدا سارای براژنت بۆ دە ساڵ زياتر دەچێت كە وادەزانێت مێردەكەی نەماوە , بەديار كاروانی تاقە كوڕيەوە بێوەژن كۆشی دەكات. ئەم سەر لە ئێوارەيە پێش ئەوەی تۆ بێيت بۆ ئێرە كاروانی كوڕی لێرەبوو.
- يانی كاروانی كوڕی خولەی برام؟
- بەڵێ كاروان ئێستا تەمەنی چواردە ساڵانە. خۆی دەڵێت كاتێك كە باوكم ڕۆيشتووە تەمەنی من دوو ساڵان بووە , بۆيە ئێستا روخساری باوكی خۆم لەياد نييە.
- ئەی گوزەرانيان چۆنە؟
- ژيانی كولەمەرگی دەبەنەسەر. كاروانو سارای دايكی لە ماڵی مام ئۆمەری باوكی سارادا دەژين. لەسەربانی خانووەكەدا ژوورێكيان كردوەو داويانە بە ساراو كاروان.
- من كە برای خولە زێوێيمو كاروانيش برازامە , پێويستە سەردانيەكی ماڵی مام ئۆمەر بكەم.
- ئێستا ماڵی مام ئۆمەر لە ماڵەوە نين.
- ئەی لە كوێن؟
- مام ئۆمەرو ميمكە نێرگزی ژنیو حەمەمينی كوڕيان لە چەمی خۆشين لەسەر بێستان. بەتەنيا ساراو كاروان لە ماڵەكەدان.
- داخۆ هەر لە شوێنی خۆياندا ماون.؟
- بەڵێ هەر لەهەمان شوێنی جارانی خۆياندانو بە تاقە ماڵی پشتيان بە گۆڕستانەكەوەيە.
- هەر دەبێت بەم زووانە خۆم بگەيەنم پێيان.
- ئەسپێكی سپيی رەسەنم لە ڤالەی فەرەجە كڕيوەو سبەی بۆمی دەهێنێت , ئەگەر توواناو تاقەتت تێدايە سبەی سوواری بەو بڕۆ بۆ لايان بۆ سەر بێستان لە چەمی خۆشی.

به بیستنی ئەم قسانە رووی وەسمان گەشایەوە , تۆزێك خۆی گورج كردەوەو وتی:

- ئەگەر ئەم كارەم لەگەڵدا بكەیت قەت لە پیاوەتیت دەرناچم.

- بڕوا ناكەم بەو ئاسانیە بتناسنەوە , تەنانەت منیش گەرچی ساڵانی زوو تۆو خولەی براتم بینی بوو , بەڵام لە سەرەتادا هەرگیز نەتمناسیەوە. بە راستی ریشت لێ درێژ كردووەو رەنگو روخساریشت گۆڕاوە.!

- با ئەم شەو بخەوین بەبێ خەم , خوا دەزانێت لە رۆژانی داهاتوومانـدا چارەنووسو ئەنجاممان چی دەبێت.!؟

وەسمان لەسەر جێگاكەیدا راكشاو وەها دیار بوو ماندوێتی بڕستی لەبەر بڕی بوو. یەكسەر خەوی لێكەوتو لە دنیای جەنجاڵو پڕ لە نەهامەتی دوور كەوتەوەو چووە دنیای خەوەوە. بەتەنیا بەس خوا دەیزانی كە وەسمان لە خەونیدا چی دەبینێتو چیی دەكەوێتە پێش چاو!؟. جاروبار پرخەیەكی بۆ دەكردو هەندێ جاری تریش لە نێو خەوەكەیدا رادەچەنی. عەبە شانی دایەوە سەر سەرینەكەیو جگەرەیەكی داگیرساند , بە چاوی پشكەنەرانەیش دەیڕووانیە دەوروبەری خۆیان. مژی لە جگەرەكەی داو نیگای بە چراكەی بەرامبەری گیرسایەوە. دوو پەپوولەی وردیلەی سپی بێ پەروا بەدەوروبەری شووشەی چراكەدا دەخولانەوە , جاروباریش باڵیان دەكێشا بە شووشە گەرمەكەدا. گەر لەسەر ئەو سووڕانەوەی خۆیاندا بەردەوام بوونایە , ئەوا لە ئەنجامدا باڵیان هەڵدەپڕوكاو بەردەبوونە خوارەوە. عەبە دەستێكی درێژ كردو شووشەی چراكەی بەرز كردەوەو فوویەكی لە فتیلەكەی كردو كوژاندیەوە , بەو جۆرەیش گیانی هەردوو پەپوولەكەی لە مردن رزگار كرد. مانگو ئەستێرە زۆرەكان بە ئاسمان دەدرەوشانەوەو هێمنیو بێ دەنگی باڵی كێشابوو بەسەر ئەو نێوەندەدا. تەنانەت ماڵەكانی گەڕەكەكەی ئەو سەرەوەیش كشو ماتو بێ دەنگیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو. نیوە شەو رەت



ببوو هەموو خەڵكی لەو ساتو كاتەدا لە پرخەی خەودا بوون. هەموو بوونەوەرێك لە جووڵە كەوتبوو , بەس بەتەنیا مانگەكەی ئاسمان بێ وچان هەر لە جووڵەدابوو. عەبە لە ناخەوە دڵی بە خۆیو وەسمان سووتا , دەركی كرد كە هەردووكیان تاكو تەنیاو بێ كەس لێی كەوتوونو بە دەربەدەری لە پەراوێزی ژیاندا گوزەران دەكەن. وەهای بۆ چوو كە سەگەكەیشی لەو ساتە وەختەدا خەوی لێكەوتووە , بەڵام لە پڕ لەنێو خاسەوە چەند سەگێك دەنگیان لێ هەڵبڕیو كەوتنە لوورە لوور. لە ناكاودا سەگەكەی ئەمیش لەوسەرەوە لەنێو سەوزە گیاكەوە دەنگی لێ هەڵبڕیو وەڵامی سەگەكانی داوە. عەبە پاشماوەی جگەرەكەی فڕێداو لەسەر پشت لەسەر جێگاكەی خۆیدا لەملای جێگاكەی سمایلەوە لێی راكشا , پێڵووی چاوەكانی وێك ناو خەو بردیەوە.

سەرلەبەیانی لەگەڵ یەکەم گزنگی خۆردا لە پێش دەرگای ژوورەکەیان کاروان لەخەو هەڵساو پێخەفەکەی لوولدا. ژوورەکەیان لە سەربانی خانووە قوڕەکەی ماڵی باپیریدا بوو. پێخەفەکەی بەباوشەوە گرتو بردیە نێو ژوورەکەیانەوە. دەرگا دارینەکەی ژوورەکەیان دەیڕووانیە باشوور. ئەو تاقە پەنجەرەیەیش کە لەقەد دیواری ژوورەکەیاندا بوو , لە بەرزیەوە دەیڕووانیە ڕێگای بەردەم ماڵیان. هەر کەسێك بەو ڕێگایەدا ڕەتببووایە ئەو تاقە خانووەی دەکەوتە پێش چاو کە پشتی بە گۆڕستانەکەوە بوو. هەروەها لەسەربانی خانووەکەیشدا ئەو تاقە ژوورەیش بەدی دەکرا کە کاروانو دایکی بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر بوو تیایدا حەوابوونەوە. بەوبەر ڕێگاکەیشەوە ڕیزە خانوویەکی بەقوڕ دروستکراوی خوارو خێچیش دەیانڕووانیە تاقە خانووەکە , کە لەپشتی ئەو تاقە خانووەوە لە گۆڕی مردووان بەولاوە هیچ شتێکی تر لەئارادا نەبوو. کاروان لە دڵەوە سەرزەنشتی خۆی کردو وەها هەستی کرد کە دووا کەوتووە. لە ژوورەکەیاندا دەرپەڕیو پێڵاوەکانی لەپێ کردو لە پەرژینی سەربانەوە تەماشای ڕێگاکەی بەر ماڵیانو ڕیزە ماڵەکەی بەرامبەریانی کرد. بینیی کە هێشتا دەرگای ماڵەکان پێوەدراونو هیچ کەسێکیش بە گەڕەکەدا تێناپەڕێت , لەم کاتەدا دڵی داسەکاو هەستی کرد کە دووا نەکەوتووە. بە پێپلیکانە قوڕینەکاندا دابەزیە خوارەوە بۆ نێو حەوشە. خۆی گەیاندە بەر بۆڕیە ئاوەکەو بە سابوونو ئاو دەمو چاوی خۆی شوشت. گوێی لە کەوتنی هەندێك شت بوو , بۆی ئاشکەرا بوو دایکی بەو بەیانیە زووە لە خەو هەڵساوەو ماڵی باپیرەی گسك دەدات کە لەماڵ نەبوونو لەسەر بێستان بوون. هەرکە دایکی هەستی کرد کوڕەکەی لەخەو هەڵساوە بە دەنگێکی نزم پێی وت:



- کوڕی خۆم چ پەلەتە بۆچی بەم بەیانیە زووە لە خەو هەڵساویت؟

ئەمیش بەدەمو چاوی تەڕەوە وەڵامی دایکی داوە:

- دەبێت بچم بۆ سەر باخ بۆلای عەبەی باخەوان , چونکی ڕایسپاردووم هەندێك سەوزە کەوەرو کەرەوزی بۆ بەرم بۆ بازاڕ. داوایشی لێکردووم لە ماڵی میم خونچە چینیەك ماستی بۆ بکڕم.

سارای دایکی تەمەنێکی زۆری نەبوو , سەرەڕای هەموویشی لە نێو جلو بەرگە ڕەشەکەیدا خەمو خەفەتو کەساسی بە ڕوخساریەوە دیاربوو. گەرچی بۆ ماوەی دەساڵ زیاتر بوو کە بێوەژن کۆشیی دەکرد , بەڵام زەبروزەنگی زەمانەو چەرخی چەپگەرد جوانیەکەی لێ نەسەندبووەوە. گسکەکەی دەستی نیشانەی ئەوەبوو کە سووربوو لەسەر بەردەوام بوون لە ئیشی نێو ماڵدا. سەرپۆشە سپیەکەی کەوتبووە سەرشانیو لە گەردنی ئاڵابوو. قژە خاوەکەیشی بەملاو بەولادا پەخش ببوو. بۆ جارێکی تریش ڕووی دەمی کردە کوڕەکەیو پێی وت:

- ئەی گوایە قاوەڵتیش ناکەیتو دەڕۆیت.!؟

کاروان ئەوەندە بە پەلەبوو , بەڕادەیەك وەڵامی پرسیارەکەی دایکی نەداوەو دەرگای حەوشی کردەوەو ئاودیوی کۆڵانەکە بوو. بەسەر ڕێگاکەیەوە ڕووبەڕووی نەوزادی برادەری نۆك فرۆش بووەوە , کە مەنجەڵێك نۆکی کوڵاوی بەسەری هەڵگرتبوو بانگی بۆ دەکرد. چاوی پێوەبوو ژنێك بە دەوریەکەوە لە ماڵێکەوە دەرچوو بە مەبەستی نۆك کڕین.

هەنگاوی ناو هێشتا بە تەواوەتی خۆرەتاوەکە تیشکی خۆی پەخش نەکردبوو. خۆی گەیاندە سەرجادە گشتیەکەو دوو ئۆتۆمبیلی بینی کە شەقامەکەیان دەبڕی. لەوبەریشەوە چاوی بە فڕنێك کەوت کە دوو ژنی عەبا بەسەرو کوڕو کچێکی تووڵاز نانیان دەکڕی. هەروەك ئەوەی دووا کەوتبێت بەپەلە هەنگاوی بۆ پێشەوە دەنا. کۆڵانە باریکەکانی گەڕەکی زێویەی بڕی تا

لەو سەرەوە گەیشتە بەردەم ماڵی میم خونچە , کە خانووەکەیان لە نێو ریزی خانووە قوڕەکانی تردا دەیڕووانیە باخە سەوزەکەی کەناری خاسە. لەوبەر رێگاکەی بەردەم ریزە ماڵەکەوە جۆگەلە ئاوەکە سەربەرەوخوار دەبووەوەو بەمەدیوو بەودیویدا سەوزایی بەدی دەکرا چەند پۆلە قازو مراوییەك لە نێو ئاوی جۆگاکەدا مەلەیان دەکرد. بەودیوی جۆگاکەوە باخەکان سەوزیان دەکردەوە کە بە قەراخی خاسەدا درێژەیان کێشابوو. لەو کاتەیدا خۆرەکە نەختێك بەرز ببووەوە , کاروان چاوی بەشەمەندەفەرەکە کەوت کە بەوبەری خڕی خاسەوە بەسەر هێڵی ئاسنینەوە بەرەو باکوور بۆ شاری هەولێر رێگای گرتبووە بەر. شەمەنەفەرەکە بەدەنگێکی بەرز چکەچکی دەکردو مەکینەکەیشی دووکەڵی رەشی دەهاویشتە ئاسمان , لە پاشاندا دووکەڵەکە دەگەڕایە دوواوە بۆ سەر فارگۆنەکانی خۆی. لەبەر ئەوەی کاروان بێ بەش بوو لە هەموو یاری‌و گەمەو ئامرازێکی تەسەللا , بۆیە بەدیتنی رۆیشتنی شەمەنەفەرەکە فەرامۆشیەك بەدڵیدا دەهات بەتایبەتی لەو کاتەیدا کە شەمەنەفەرەکە بە دەنگێکی بەرز شاوری لێدەدا کاروان پڕ بە دڵ حەزی دەکرد سواری شەمەنەفەرەکە ببێت‌و بەرەو شارێکی دوور سەفەر بکات. خۆی گەیاندە بەردەم دەرگای ماڵی میم خونچە کە لادرابووە لاوە. لە بەردەم دەرگاکەیان هەڵوێستەیەکی بۆ کردو هەڵیڕووانیە جووڵەی شەمەنەفەرەکە تا لە چاو ون بوو. لەبەر دەرگای ماڵی میم خونچەوە باخەکانی لێواری خاسە دەبینران. رێگایەکی سەرەکی بە بەردەمی ماڵەکاندا رەت دەبوو. لەوبەری رێگاکەیشەوە دوو داری تووی زەبەلاح بەمبەری قەراخی جۆگا ئاوەکەوە رووابوون. بەلای تەرەڤ رۆژهەلاتی دارتووەکانیشەوە دیواری مزگەوتی زێویە بەرز ببووەوە. میم خونچە خۆی بە خاوەنی ئەو دوو دارتووەی پێش ماڵیان دادەنا. زۆرجار منالان بە دارتووەکاندا هەڵدەگژان بۆ توو خواردن , میم خونچەیش بە لەشە زلەکەی‌و چاوە کزەکانیەوە بە



هەڵەداوان لە دەرگای ماڵی خۆیانەوە دەردەپەڕی‌و دەکەوتە جوێندان بە منالەکان , ئەوانیش بە پەلە دادەبەزینە خوارەوەو هەریەکەو بەلایەکدا رایاندەکرد. زۆر رۆژیش ئەو پیرەژنە مانگاکانی لە ژێری دار تووەکاندا دەبەستەوە. لەبەر دەرگاکەدا کاروان گوێی لە نووزە نووزێك بوو. بۆ ماوەیەك لە جێیەکەی خۆیدا نەبزوواو گوێی رادێراو لە پاشاندا خۆی کرد بە حەوشەکەدا. تەماشای کرد میم خونچە خۆی گرمۆڵە کردووەو کروشکەی بەستووەو بە هێواشی دەگری. کاروان وەهای بۆچوو ئەو پیرەژنە لەداخی هەردوو کوڕەکەی دەگری , کە زۆرجار گازندەی بوو بە دەستیانەوەو بۆ ژنەکان رەفتاری ناقۆلای کوڕەکانی دەگێڕایەوە. کوڕە گەورەکەی محێدین فەرمانبەر بوو بە رەبەنی لە نهۆمی سەرەوەی خانووەکەدا دەژیا کە بەو نهۆمە دەووترا باڵەخانە. وەك کەسێکی فاسق لە گەڕەکەکەدا ناوی دەرکردبوو کە هەمیشە بوتڵی بەتاڵی عارەقی لەبەردەم دەرگاکەی خۆیاندا کەڵەکە دەکرد. جاروباریش لەگەڵ برادەرەکانیدا ژنیان دەهێنایە باڵەخانەکە بۆ رابوواردن. لە نهۆمی خوارەوەیش میم خونچەو سەرداری کوڕی پێکەوە دەژیان , ئەو کوڕە هەرزەکارەی وەك کەسێکی هەڵەشەو نالەبار لەلایەن مەلا حامیدی مەلای مزگەوتەوە وەسف دەکرا. هەرچەند سەردار شەڕو گۆبەنێکی بنایەتەوە , مەلا حامید بە خۆی‌و لەشە باریکەکەیەوە سوور هەڵدەگەڕاو رووبەڕووی میم خونچە دەبووەوەو پێی دەووت , کە هۆی ناهەمواری‌و نالەباریی کوڕە بچووکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رەفتاری ناقۆلای برا گەورەکەی. بە ئاگاداریەکی زۆرەوە کاروان بەنێو حەوشەکەدا هەنگاوی ناو لە میم خونچە نزیك بووەوە. میم خونچە چاوە کزەکانی سوور هەڵگەڕابوون‌و بە کەساسیەوە تەماشای کاروانی کردو وتی:

- وەرە هەی لەمن نەگبەت تر.!

- میم خونچە بۆچی دەگریت؟

- بۆ حاڵی خۆم دەگریم.

- ئایا کەسێك ئازاری داویت؟

- نەخێر هیچ کەس ئازاری نەداوم.

میم خونچە هەڵسایە سەرپێ‌و چووە سەر بۆڕیە ئاوەکەی نێو حەوشەکەو دەم‌و چاوی خۆی شوشت‌و ئەوسا بە دەنگێکی هەڵبزڕکاوەوە وتی:

- من بێوەژنێکی ئاخر شەڕو بەدبەختم. تۆیش ناشوکری نەبێت ساڵەهای ساڵە وەکو هەتیو بەبێ باوك لەگەڵ دایکە رەشپۆشە کلۆڵەکەتدا بە کولە مەرگی دەژین. هەقە من‌و تۆ پێکەوە دابنیشین‌و بە جووتە بۆ حاڵی شڕی خۆمان بە کوڵ بگرین‌و بلاڵێینەوە.

- میم خونچە وەها چاکە نەگریت‌و پێشم بڵێیت کە چیت لێ قەوماوە؟

- هیچم لێنەقەوماوە , بەڵکو مانگا بازەم زۆر ناساخەو لە دوێنێکەوە هەر کزەکزیەتی‌و شیرەکەیشی نەماوە.

- ئەگەر دەتەوێت بۆتی دەبەم بۆ بەیتەڵخانەکە تاوەکو چارەسەری بکەن. وەك خۆت دەزانیت بەیتەڵخانەکە لێرەوە زۆر دوور نییە.

- کوڕەکەم بابزانین چۆن دەبێت.! لەڕاستیدا گوزەران‌و بژێویی من لەسەر ئەو دوو مانگایەیەو هەموو رۆژ دەیاندۆشم‌و ماستەکەیان دەفرۆشم. هەرچیشم دەستدەکەوێت سەرداری کوڕم بەزۆر دەیبات بۆ خۆی‌و بەدەست بڵاوی سەرفی دەکات.

لە کاتێکدا کە پیرەژنەکەو کاروان قسەیان دەکرد , یەکێك لە مانگاکان لە ژوورێکی نێو حەوشەکەدا بە دەنگێکی زل بۆڕاندی‌و بە پێیەکانی کەوتە زرمەزلێ. کاروان وەك شتێکی کەوتبێتە بیر وتی:

- میم خونچە هاتووم بەڵکو چینیە ماستەکەی عەبەی باخەوانم بدەیتێ..

پیرەژنەکە چووە ژوورەکەیەوە بۆ ئەوەی چینیە ماستەکە بهێنێت‌و بیدات بەدەستی کاروانەوە.

هەر سەرلەبەیانی زوو وەسمان لەخەو هەڵسابوو. عەبەیش لەپاشاندا کەوتە خۆیو لەخەو راپەڕی. عەبە لاوێکی رەشتاڵەی خڕیلە بوو. دەمو چاوێکی خڕی گۆشتنی پێوەبوو. گەر هەر کەسێك بەباشی لە روخساری ورد ببووایەتەوەو خۆی رانەگرتایە ئەوا یەکسەر دەیدایە قاقای پێکەنین. تەمەنی خۆی لەسی ساڵێك دەداو بۆ ماوەی چەند ساڵێك بوو لەو کەپرەدا لەنێو باخەکەدا دەژیا , وەك باخەوانێك بەکرێ بۆ حاجی عەودل ئیشی دەکرد. لەبەر ئەوەی بێ کەسو بێ دەرەتانو بێ ماڵو مناڵ بوو , بۆیە هەر لەنێو کەپرەکەدا شەوو رۆژی دەبردە سەرو بەتەنیا دەژیا. بەڕادەیەکی زۆریش خووی دابووە خواردنەوە , سەبارەت بەو رەفتارەیشی هەندێك لە خەڵکی بە چاوی پڕ لە رقەوە تەماشایان دەکرد , بەڵام ئەم گوێی بە قسەو قسەلۆکی خەڵکی نەدەداو بەردەوام بوو لەسەر رەفتاری خۆی. بە مەسینەیەك ئاو دەمو چاوی خۆی شوشت. لە پاشاندا بە جووتە لەگەڵ وەسماندا لە سێبەری کەپرەکەدا لێی دانیشتن. خۆرەکە بەرز ببووەوەو تیشکی خۆی هاویشتبووە سەر گژو گیاو کەوەرو کەرەویزو سلقی نێو باخەکان. چۆلەکەکانیش بەژوور سەریانەوە هەڵدەفڕینو بێ وچان ئەمسەرو ئەوسەریان دەکرد. عەبە هەڵی دایەو بە وەسمانی وت:

- با زۆر ئاگادار بین نەوەك لە ناخافڵدا زەفەرت پێبەرن.

- ترست نەبێت دەمانچەکەم لە باخڵدایەو خۆم بۆ هەموو پێشهاتو نەهامەتیەك ئامادە کردووە.

- ئەمشەوت چۆن بردەسەر؟



- بەباشی لێی خەوتمو باباشیش بزانیت کەمن بۆ ساڵانێکی زۆر دەچێت فێری ئەم راکەڕاکەیەم. ئەم وەزعو بارودۆخەی ئێستام شتێکی تازە نییە بەلامەوە.

عەبەی باخەوان چایەی لێناو تاخمی چای خواردنەوەو نانی حازر کردو وتی:

- با چاوەڕوان بین تاوەکو کاروانی برازات ماستمان بۆ دێنێت؟

هەرکە وەسمان ناوی کاروانی کەوتە بەرگوێ یەکسەر وەك مارانگەست راچەنی. یاخود هەروەك ئەوەی تیرێك لە هەناوی بدرێت وەهابوو. بەپەلە لە شوێنەکەی خۆیدا هەڵساو کەوتە سەرپێ. عەبەیش هاوبەشیی لە هەڵچوونی کردو ئەویش هەڵسایە سەرپێو سەری لەو دیمەنە سوڕما.! عەبە کەوتە دیقەتدانی رێگا باریکەکە کە بەرەو گەڕەکەکە دەچوو. لە دوورەوە کاروانی کەوتە پێش چاوو بەدەستی ئیشارەتی کرد. وەسمانیش سەیری پەنجەی عەبەی کردو لە پاشانیشدا هەڵێڕووانیە ئەوسەری رێگا باریکەکە. کاروان چینیەك پڕ لە ماستیماڵی میم خونچەی هەڵگرتبوو بەرەو کەپرەکە هەنگاوی دەنا. بەنێو سەوزیەکاندا دەڕۆیشتو رێگای دەبڕی. لەگەڵ نزیك بوونەوەیدا وەسمان چوو بەتاساو ویستی قسە بکات , بەڵام زمانی لەدەمیا پەڵپ بوو نەیتووانی بێتەگۆ. کاروانیش لە ئاستی خۆیەوە بەسەرسوڕمانەوە لەو کابرا نامۆیە ورد بووەوە کە پێشتر بەچاوی خۆی نەیبینی بوو.! لە شوێنەکەی خۆیدا قیت وەستاو لە پاشاندا هاتەوە سەرخۆیو چینیە ماستەکەی دا بە دەستی عەبەوە. ئەویش لێی وەرگرتو بەتەنیشتی پریاسکە نانەکەی لای مەقاڵەکەوە لەسەر زەویەکەی دانا. عەبە وەکو پەردە لەسەر نهێنیەکی گرنگو سەرسوڕهێنەر هەڵماڵێت لە کاروانی پرسی:

- کاروان ئەم پیاوە ناناسیت؟

- نەخێر نە پێشتر بینیومەو نەدەیشی ناسم.!

وەسمان لە کاروان نزیك بووەوەو لە ناخەوە حەزی دەکرد باوەشی پێدا بکاتو بەکامی دڵ ئەملاو ئەولای ماچ بکات. کاروان هەنگاوێك بەرەو دووا کشایەوەو وەسمانیش زیاتر لێی نزیك بووەوە. کاروان لە ئاستی خۆیەوە سەری سوڕما سەبارەت بە تێڕامانو هەڵڕووانینی کابرا نامۆکە. ئەوسا عەبەی باخەوان هەڵی دایەو وتی:

- کاروان ئەمە وەسمانی مامی تۆیەو برای خولە زێویی باوکتە.

کاروان بە تەواوەتی واقی وڕماو چاوەڕوانی رووبەڕوو بوونەوەی رووداوێکی لەو جۆرە نەبوو. دەمی داپچڕیو بەتاسا چوو , ئەگەر بە باشی خۆی نەگرتایە لەوانەبوو بە چۆکا بهاتایەو بەربووایەتە سەر زەویەکە. لەوەتی خۆی ناسی بووەوە نەباوکیو نە وەسمانی مامی بەچاوی خۆی نەدیبوو , بەس بەتەنیا جنسیە زەرد هەڵگەڕاوەکەی باوکی لە ماڵەوە بینی بوو , کە دایکی لەسەر رەفەکە بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر پاراستبووی. وێنەی بچووکی باوکی خۆی بەسەر رووی جنسیەکەوە بینی بوو , کە وەك لاوێکی تووك رەشی لاواز خۆی دەنووانـد. زۆرجار لەلایەن دایکیو خەڵکیەوە وەسفی روخساری باوکی بۆ کرابوو , کە گوایە لەگەڵ وەسمانی برایدا جمك بوونو تاڕادەیەکی زۆر شێوەیان لە یەکتر دەچوو. سمایل فرمێسك لە چاوەکانیدا زاو بە دەنگێکی هەڵبزڕکاوەوە بە کاروانی وت:

- رۆڵەکەم من وەسمانی مامی تۆم. گەرچی منو باوکت هەرگیز بەگەورەیی تۆمان بەچاوی خۆمان نەبینیوە , بەڵام تۆ جگەرگۆشەی ئێمەیتو وەرە با تێر ماچت بکەمو سەرت لە ئامێز بگرم.

رقو تووڕەیی لەنێو چاوانی کارواندا بریسکەیانداو بە رەنگو روویدا دیاربوو کە ئەو قسانە بەهیچ کلۆجێك کاری تێنەکردو زیاتر بەرەو دووا کشایەوە , هەڵوێستێکی توندو تیژی بەکارهێناو بەتووڕەییەوە وتی:

- نەتۆ مامی منیتو نەمنیش برازای تۆم.!



- بۆچی وەها دڵڕەقیت رۆڵەکەم؟

- ئەی بۆچی ئێوە ئێمەتان بەجێهێشتو رۆیشتن؟

- ئیتر دەستی زەمانە ئێمەی لەیەکتری کردو هەموومانی لەیەکتری دابڕی. دەوەرە پێشەوە رۆڵەی شیرینمو برازا خۆشەویستەکەم.

- نەخێر نەدێمە پێشەوەو نەتۆیش مامی منیت.

فرمێسك لە چاوانی کاروان بەخوڕ داباریو پاشەو پاش بووەوە , رێگا بارێکەکەی گرتەبەرو بەڕاکردن بەرەو گەڕەکەکە رۆیشت. لە هەمان کاتیشدا فرمێسك بەسەر روومەتی وەسماندا دابارینو تێکەڵ بە ریشە رەشەکەی بوون. ئەوسایش دەستی بۆ کڵاوەکەی سەری درێژکردو راستی کردەوە , لەدوواییشدا دەستەسڕەکەی لە گیرفانی خۆیدا دەرهێناو فرمێسکی چاوەکانی پێ سڕیەوە. رەنگی سوور هەڵگەڕابوو , دیاربوو دەروونی کوڵی دەدا. عەبە لێی هاتە قسەو پێی وت:

- ئەم مناڵە هەقی خۆیەتی کەتۆ بەمامی خۆی دانەنێتو خولەیش بە باوکی خۆی دانەنێت.

- منیش هەقی دەدەمێ بەڵام رۆژگار ئەمەی بەسەرمان هێناو شتەکە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نەبوو. چارەنووسەکەیشمان بەو شێوەیە بوو.

- ئێستا دەچێتە ماڵەوەوە هەواڵی هاتنی تۆیش بەسارای دایکی رادەگەیەنێت.

- دڵنیام لەو شتە.

- ئەی گوایە دوێنێکە کە تۆو خولەی برات هەڵاتن بۆچی رووتان نەکردە ماڵی سارا؟

- لە راستیدا منیشو خولەیش شەرممان لە خۆمان دەکردو زاتی ئەوەمان نەکرد پەنا بەرینە بەر ماڵی سارا.

- ئێوە باش دەزانن چیتان کردووەو چیتان کێڵاوە..!

- بێ گومان هەر وەهایە.

سوارێك له پرده بچووکەکەی سەر جۆگاکەی بەرماڵانی گەڕەکەکەوە پەڕیەوە , بەخۆیو ئەسپە سپیەکەیەوە بەنێو ڕێگا باریکەکەی جێوەی سەوزەکاندا ڕێگای دەبڕی. یەکسەر عەبە زانیی سوارەکە قالەی مام فەرەجەیە کە کڕیارو فرۆشیاری بەرزە وڵاخە لە گەڕەکەکەدا. سوارەکە گەیشتە ئاستیانو دابەزیو ئەسپەکەی لە نێو سەوزە گیاکەدا بەجێ هێشت. لێیان نزیك بووەوەو سەڵاوی لێیان کرد. عەبەی باخەوان بەگەرمیەوە پێشوازیی لێکرد. ئەوسا قالە هاتە قسەو وتی:

- ئەوە ئەسپەکەیەو بۆتم هێناوە.

عەبەیش پێکەنیو وتی:

- باشت کرد کە هێنات , بەڵام لەو پارەیە زیاترت نادەمێ.

- یانی بەچەند لێمی دەکڕی؟

- بە سی دینار.

- بۆ تۆ حەز دەکەیت هەر بەبەلاش بێت. بەڵام باوەڕیت بێت کە ئەسپێکی ڕەسەنت دەدەمێ. دوێنێکە لە چەمچەماڵەوە پێی هاتمەوە بۆ کەرکوك. هەر لەگەڵ بانگی مەغریبدا گەیشتمە ماڵی خۆمان. بەڵام زۆرم ماندوو کردبوو بەڕادەیەك هەموو ئازای لەشی ئارەقەی دادەدا.

قالەی مام فەرەجە تەماشایەکی وەسمانی کردو لە پاشاندا لە عەبەی پرسی:

- پێم ناڵێیت ئەم برادەرە کێیە؟

- ئەمە میوانی منە.

- بەخێر بێت بەسەر چاوان. با تۆیشو ئەم برادەرەیش گەر لە بەرزە وڵاخ شارەزایە تەماشای ئەسپەکە بکەنو دیقەتی قەپۆزیو ددانەکانی بدەن.

- پێویست بەوە ناکاتو من بڕووام بە قسەی تۆ هەیە.

لە ناکاودا عەبە وەکو شتێکی کەوتبێتە بیر هاواری کرد:



- خۆ ئەوە قۆریە چایەکەی سەر مەقاڵەکەمان لەبیر چوو. با هەرسێکمان پێکەوە دابنیشینو قاوەڵتی بکەین.

قالەی فەرەجە کراسێکی درێژی لەبەردابوو کە شۆڕ ببووەوە سەر کڵاشەکانی. پشتێنێکی قایشیشی بە نێو قەدی خۆیەوە بەستبوو. کڵاوو جامانیەکەیشی قیت بەسەریەوە وەستابوو. بەپەلە وەڵامی عەبەی داوەو وتی:

- ئێوە قاوەڵتی خۆتان بکەنو من ئیشم هەیە دەڕۆم.

قالە خواحافیزیی کردو بە تەنیا کەوتە ڕێ. عەبە لە بەردەم مەقاڵەکە دانیشتو پاش ئەویش وەسمان بەرامبەری دانیشت. عەبە چایەی بۆ خۆیو وەسمان تێکرد , دەستی کرد بەنانو ماست خواردن بە چایەوە. وەها دیار بوو کە وەسمان مەیلی خواردنی نەبوو , چونکی دڵی پڕ بوو لەژانو خەفەتێکی زۆریش تەنگی پێهەڵچنی بوو. عەبە زۆری لێکرد کە دەست درێژ بکاتو قاوەڵتیی ئەو سەر لەبەیانیە بکات.

کاتی چێشتەنگاو کەروبارێکی زۆر لە ژورووی خڕی خاسەوە رێچکەیان بەست , یەك لەدووای یەك بەرزە وڵاخو کەری بارکراو بەنێو زیخو چەوی خاسەدا بەرەو خوار دەهاتن. ژنو پیاوو منداڵێکی زۆریش لەنێو ئەو کاروانەدا رێگەیان دەبڕی. خۆرەتاوی چێشتەنگاو وەختەکە دەیکێشا بەجلو بەرگی ئاڵو واڵاو رەنگاو رەنگی ژنەکانداو دیمەنێکی جوانی پێکدەهێنا. عەبەو وەسمان بەسەرسوڕمانەوە تەماشای کاروانەکەیان کردو بەباشی لێی ورد بوونەوەو دیقەتیان دا. کاروانەکە هێدی هێدی رێگای خۆی گرتبووە بەرو زیاتر بەرەو خوار بوونەوە , لە پاشانیشدا رووی خۆیان وەرچەرخاند بەلای ئەوبەری رۆخی خڕی خاسەدا. لەنێو سەوزە گیای کەناری خاسەداو لە خووار هێڵی ئاسنی شەمەندەفەرەکەوە بنەو بارگەیان خست. لە سەرەتادا کەس پەی بەو کاروانەو خەڵکەکانی نەدەبرد , بەڵام لە پاشاندا عەبەی باخەوان دەمی هەڵهێناو بە وەسمانی وت:

- ئێستا زانیم کە ئەو کاروانە قەرەجن.

- چۆنی دەڵێیت هەروایە.

- قەرەج جێو مەکانی بۆ نییە , مەگەر هەرخوا بزانێت داخۆ لە کوێوە هاتوون.!

وەسمان هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشاو بە عەبەی وت:

- بەخوا منو خولەی برامیش هەر وەکو قەرەجمان لێهاتووەو جێو شوێنی تایبەتیی خۆمان نییەو , هەر رۆژەی لەشارو وڵاتێکدا خۆمان دەبینینەوە.

- منیش بە پێچەوانەی قەرەجەوە دەژیم , چونکی هەموو ژیانم لەم گەڕەكو دەوروبەرەدا بردەسەر. وابزانم هەر لەم ناوچەیەیشدا دەمرم. خۆزگە



دەخوازم منیش ئەوەندە دەستە پاچەو کلۆڵ نەبوومایەو چەند شارو وڵاتێکم وەکو ئێوە ببینیایە.. بەڵام بەختەکەی منیش ئاوەهایە.

- چارەنووسەکەی ئێمە وەهابوو بەدەربەدەریو سەرلێشێواوی ژیانمان بەرینەسەر. بەهەر حاڵ بمانەوێتو نەمانەوێت چارەنووسمان وەهایە.

لەوبەرەوە لە کەناری خاسەدا قەرەجەکان کەوتبوونە خۆیانو هەر ئەمسەرو ئەوسەریان دەکرد , وەها دیاربوو خەریکی رەشماڵو خێوەت هەڵدان بوون لەو پانتاییەدا. عەبە خۆی لێهاڵماڵی بوو وەهای پیشان دەدا کە مەبەستی کارکردنە لە نێو باخەکەدا. رووی دەمی کردە وەسمانو پێی وت:

- من وەها پێویست دەکات بکەومە نێو جێوەی سەوزەکانو بیاندوورمەوەو حازریان بکەم بۆ بازاڕ. تۆیش ئەگەر ئارەزوو دەکەیت سوواری ئەسپەکە ببەو رووبکە لای خزمەکانی خۆت لە چەمی (خۆشی). ئێستا مام ئۆمەرو میمکە نێرگزو حەمەمین لەوێدان لەسەر بێستان.

کاتێك وەسمان ئەو قسانەی بیست فێنکاییەك بەدەروونیدا هات , ماوەیەك بوو هەر چاوەڕوان بوو کە عەبە ئەو قسانەی بۆ بکات. بەپەلە خۆی گورج کردەوەو کڵاوەکەی قیت لەسەر خۆی وەستاندو رووی کردە لای ئەسپە سپیەکە کەلەنێو گژو گیاکەدا سەری دانوواندبوو دەلەوەڕا. وەسمان وەك ئەوەی کارێکی گرنگ چاوەڕوانی بکات پێی لە ئاوزەنگی گیرکردو خۆی هەڵدایە سەر زینی ئەسپەکە. لەسەر پشتی ئەسپەکەوە بە دەستێکی جڵەوی گرتبوو , بە دەستەکەی تریشی خواحافیزی لە عەبە کردو بەدەنگێکی بەرز وتی:

- عەبەکە وامن رۆیشتم بەو هیوایەی زۆر دووا نەکەومو زوو بگەڕێمە دوواوە.

ئەسپەکە لەسەرخۆ کەوتە هەنگاوونانو رێگای باریکی قەراخی خاسەی بە هێواشی گرتەبەر. وەسمان بەسەر ئەسپەکەوە گەلێك یادگاریو بیرەوەریی

کۆنی کەوتەوە یاد. بەسەدان جار لە ساڵانی زوودا بەو گوزەرەدا هامو شۆی کردبوو. زۆرجار لە تەمەنی هەرزەکارییدا لە ئاوی خاسەدا لەگەڵ برادەرەکانیدا مەلەی کردبوو. بە تایبەتی کە وەرزی زستانو بەهار دەهات ئیتر ئاوی لێخنی خاسە لەسەردا وروژمی دەهێناو شەپۆلی گەورە گەورەی دەدا. زۆر جاریش هەر لەگەڵ لافاوو هەڵچوونیدا کۆتەرە داری گەورەی لەگەڵ خۆیدا رادەماڵیو دەیبرد. لەو ساتو وەختانەیشدا رێگای لە رێبوارانو ئەمبەرو ئەوبەر کەر دەگرت. چەندین جاریش منداڵو گەورە دەبوونە قۆچی قوربانیو لەنێو ئاوی خاسەدا دەخنکان. هەر ئەم خڕی خاسەیە دەروازەیەکی گەورەی شاربوو. هەڵاتووانی دەستی دەوڵەت لە پیاوە سیاسیەکانو بگرە بکوژو تاوانبارانیش رێگای خاسەیان دەگرتەبەرو خۆیان لە دەستی میری دەشاردەوە. کە وتت کەرکوک ئیتر لە سەرەتادا چەند شتێکو دیاردەیەکی گەورەت دێتەوە پێش چاو , لە پێش ئەو هەموو دیاردانە ئاگری باوەگوڕ گوڕو قەڵاو خڕی خاسە دێن. بەدرێژایی چەندین ساڵە ئەم پیاوە ئەسپ سووارە شارەکەی بەجێ هێشتووەو لە دوورە وڵات بە پەرتەوازەیی ژیاوە , بەڵام سەرەڕای هەمووی ئێستا برینی کۆنی هاتەوە سوێو بیرەوەریو یادگاریە کۆنەکانی تەوژمیان بۆ هێناو مێشکو دڵو دەروونیان تەنی.

جڵەوی بۆ ئەسپەکەی شل کردبوو , ئەویش هێدی هێدی لەسەرخۆی رێگای دەبڕی. وەهادیار بوو سەوزاییەکە نەك بەتەنیا سەرنجی سوارەکەی راکێشتبوو بەڵکو سەرنجی ئەسپەکەیشی بەتەواوەتی بەکێش کردبوو. سەوزایی هەردەم زاخاودەری چاوی ئەسپ سوارەو لە هەمان کاتیشدا خۆراکی بەرزە ووڵاخە. بە سواری ئەسپەکە گەیشتە ئەوسەری باخەکانو بەردەوام بەرەو ژوورتر دەبووەوە. لە سەرەتادا مەبەستی بوو بگاتە سەر ئەو رێگا سەرەکییەی کە بە قەراخی خاسەدا بە هەورازو نشێو بەرەو گوندی یارەوەلیو لە پاشانیشدا بەرەو گوندەکانی ناوچەی شوان دەکشا. جاروباریش پیکابی



جێمسیو شۆفرلێت بەو رێگایەدا هاتو چۆی نێوان شاری کەرکوکو گوندەکانی نێو شوانیان دەکرد , لە نێو بۆدیەکانی دوواوەیاندا گوندنشینیان بەشتو مەکەکانیانەوە هەڵدەگرت. هەر لەگەڵ گەیشتنی بەسەر ئەو رێگا سەرەکیەدا چاوی کەوت بە ماتۆڕسکیلێك کە بەخۆیو لێخوڕەکەیەوە بەرببونەوە سەر زەویەکە. چەند بەتانیەکیش لە ماتۆڕەکە کەوتبووە سەر زەویەکەو خۆڵاوی ببوون. ماتۆڕسوارەکەیش کە لاوێکی تازە هەڵچوو بوو تووانی بووی هەڵبستێتە سەرپێو بەشەلەشەل بەدەوروبەری خۆیدا بێ هوودە بسووڕێتەوە. وەها دەرکەوت بە کەوتنی ماتۆڕەکە کوڕەکەیش ئازار بە ئەژنۆی گەیشتبێت , بۆیە دەمی داپچڕی بوو دەستی بەهەردوو ئەژنۆی خۆیەوە گرتبوو. وەسمان گەیشتە ئاستیو بەپەلە لە ئەسپەکەی دابەزی بەمەبەستی ئەوەی بچێت بە هانای لاوەکەوە. لێی نزیك بووەوەو لێی پرسی کە چی روویداوە؟ ئەویش هاتە وەڵامو وتی:

- لەم راستە رێیەدا تایەی ماتۆڕەکەم هەڵخزاو بەخۆمو ماتۆڕەکەمەوە بە خراپی بەربوومەوە.

- کوێت ئازارت دەدات؟

- وابزانم شتێکی وانییەو بەڵکو هەردوو ئەژنۆم رووشاونەتەوەو تۆزێك ئازارم دەدەن. بەهەر حاڵ دەتوانم بڵێم بارو وەزعم خراپ نییە.

- بەرەو کوێ دەڕۆیت؟

- دەمویست بەرەو چەمی خۆشی بڕۆم , چونکی باوکم لەوێدایەو بەو نیازەی ئەم بەتانیانەی بۆ بەرم.

- باوکت کێیە؟

- من کوڕی مامۆستا قادرم. لە راستیدا باوکم لەبەر سیاسەتو سیاسەتکاری هەڵاتووەو لەو ناوچەیەدا خۆی مەڵاس داوە.

- من له مێژه ئەم دەوروبەرەم بەجێ هێشتووەو تازە هاتوومەتەوە وابزانم ئێستا تۆم ناسیەوە.. وەك له یادم بێت باوکت ساڵانی زوویش هەر لەگەڵ سیاسەتدا خەریك بوو , تەنانەت بۆ چەند جارێکیش تووشی گرتنو زیندانی بوو..

کوڕەکە بەسەرسامیەوە تەماشای کردو دەمی داپچڕیو بە نەختێك ئازارەوە ویستی زۆر له خۆی بکاتو پێبکەنێت. لەو کاتەیدا ئەمان لەم قسانەدا بوون ئەسپەکەیش بەسەر لاڕێکەوە سەری ژەنی بووە نێو جۆگاکەوەو ئاوی دەخواردەوە. وەسمان یارمەتیی کوڕەکەیداو ماتۆڕسکیلەکەی بۆ هەلگرتەوەو له پاشانیشدا بەتانیەکانی تەکاندو لوولیانی دا. ئەوسا به کوڕەکەی وت:

- منیش دەمەوێت بچم بۆ چەمی خۆشی. وەها باشە بەتانیەکانم بدەیتێ تاوەکو بۆتی بەرمو خۆتیش بگەڕێیتە دوواوە بۆ ماڵەوە.

کوڕەکە بەبیستنی ئەو قسانە گوڕێکی هاتەوە بەرو وتی:

- من سوپاسی ئەم یارمەتیەت دەکەم , بەڵام خۆزگە دەمزانی تۆ کێیت.!؟

ئەم پرسیارە بەلای وەسمانەوە زۆر قورسو گران بوو , وەڵامدانەوەی بەو ئاسانیە نەبوو , بۆیە له وەڵامدا وتی:

- پێویست ناکات ناوی خۆمت پێ بڵێم. بەڵام من بەڵێنت دەدەمێ کە ئەم شتانەی پێ بگەیەنم.

وەسمان کوڕەکەی بەرەو خوار بەڕێ خستو بەتانیەکانیشی لێوەرگرت. ئەوسایش بەخۆیو بەتانیەکانەوە سواری پشتی ئەسپەکەی بوو ملی ڕێگای گرتەبەر. ئاوڕی دایە دوواوە تەماشای کرد کوڕەکە ماتۆڕسکیلەکەی خستۆتە گەڕو سواری بووەو بەرەو پاش گەڕاوەتە دوواوە. جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشتو دایەغار. بەلای ڕۆژهەڵاتەوەو بەدرێژایی تەنیشتی ڕێگاکەوە تەلبەندی بارودخانەی سەربازی ڕایەڵکرابوو. بەلای تەرەفی ڕۆژئاوایشەوە لە خوارەوە زیخو چەوی نێو خاسە لەژێر تینی خۆرەتاوەکەدا سپییان



دەکردەوە. لە مەزارگای خدری زیندە نزیك بووەوە کە بریتی بوو لەدار تووەیکی زەبەلاحو بەقەدیەوە چەند پەڕۆیەکی سەوز پێچرابووەوە. لەژێر دارەکەیشدا کۆمەڵە بەردێکی ڕەش کەڵەکە کرابوون. لە خوارەوەیشیدا گۆماوە قووڵەکە دەبینرا , کە ئاوی جۆگاکەی کەناری خاسەی تێدەڕژا , چەند مناڵێکیش کە لە شارەوە لە تاوی گڕو گەرمای ئەو هاوینە هەڵاتبوون مەلەیان تێدا دەکرد. هەر کونو قوژبنو پارچە زەوییەك لەو ناوچەیەدا چەندین بیرەوەریو یادگاریی دەهێنایە بەرچاوی وەسمان. خۆیشی کاتی خۆی لە ساڵانێکی زوودا لەگەڵ کوڕو کاڵی گەڕەکدا دەهاتە خدری زیندەو لەنێو گۆماوە قووڵەکەیدا مەلەی دەکرد. هەر بە هۆی ئەو گۆمەوە فێری مەلەکردن بوو. خدری زیندە بەلای خەڵکی سادەوە کەسایەتیەکی زۆر پیرۆز بوو , خەڵکی وەهای بۆ دەچوون گوایە ئەو کەسایەتیە نەمرەو هەمیشە زیندووەو بەچاو نابینرێت , بەڵکو جاروبار خۆی پیشانی خەڵکی دەداتو یارمەتیی لێقەوماوان دەداتو بەهانای کەسانی لارەوخوارەوە دەچێت. گوایە لە چەند شوێنێکی جیاجیادا بینراوەو ئێستایش ئەو شوێنانە بوونەتە مەزارگاو خەڵکی پیرۆزییان پێدەبەخشێت؟! ئەم خدری زیندەیەی ڕێی گوندی یاروەلی یەکێکە لەو شوێنە پیرۆزانەی گوایە خەڵکی خدری زیندەیان تێدا بینیوە..! وەسمان سەرجەمی بیرەوەریەکانی هاتەوە یادو بزەیەکی بۆ کرد. لە خوار گۆمی خدری زیندەیشەوە خڕی خاسە بەزەقی خۆی دەنوواند. وەسمان لە نێو باروودخانەی عەسکەریدا چەند ژوورو هۆڵێکی گەورەی بینی کە بەڕیزێك دار قەڵەمتۆزی گەورە دەوریان گیرابوو. هەروەها لە دوورەوە چاوی بەسێ سەرباز کەوت بەجلو بەرگی خاکیەوە بە تەنیشتی یەکترەوە بەنێو پووشو پەڵاشی زەرد هەڵگەڕاوی سەربازگەکەدا دەڕۆیشتن بەڕێوە. ئەسپەکە هێور ببووەوەو وەسمان لە ئاستی کۆنە ئاسیاوەکەی تەنیشتی جۆگاکە هەڵوێستەیەکی بۆ کردو تەماشای کۆنە ئاسیاوە کوێر بووەوەکەی

کرد کە جاران خەڵکی باراشیان تێدا دەهاڕی. بۆ جارێکی تریش ئەسپەکەی دایەغارو لەژوور ئاسیاوەکەوە چایخانەکەی قوربان عەلیی کەوتە پێش چاو.



## - ١١ -

پاش ئەوەی ئەسپەکەی گژوگیای کەناری جۆگاکەی بەجێ هێشت. خۆی گەیاندە چایخانەکەی قوربان عەلی بەو نیەتەی چایەك بخواتەوەو تۆزێك بحەوێتەوە. چایخانەکە بریتی بوو لە کەپرێکی بەقوڕ دروستکراو کە بە قامیش‌و پووش‌و پەلاش سەری گیرابوو. سێ دارتووی گەورە لەبەر دەرکی کەپرەکە رووابوون‌و سێبەریان خستبووە بەردەم کەپرەکە. لە سایەی دارەکاندا سەکۆیەکی درێژ بەقوڕ دامەزرابوو بۆ دانیشتنی رێبواران. دارەکان‌و گژوگیا چڕەکەی دەوروبەری جۆگاکە فێنکاییان بۆ دانیشتووانی سەر سەکۆکە دەهێنایە ئاراوە. وەسمان کابرایەکی لادێیی بینی کە لەسەر سەکۆکە دانیشتبوو قومی لە پیاڵە چایەکەی دەداو لەبەردەمیشیدا مێزێکی درێژکۆلەی بەتەنەکە دروستکراوی ژەنگاوی داندرابوو. لە خوار مێزەکەیشەوە بەچکە ئاسکێکی جوانکیلە لەژێر پێی کابراکەدا ئۆقەرەی گرتبوو. دیمەنی جوانی ئاسکۆڵەکە سەرنجی راکێشت‌و چاوی بڕیە چاوە گەشەکانی کە پڕ بوون لە جوانی‌و بێ زەواڵی. بەسەر سەکۆکەوە دانیشت‌و لە ناخەوە خۆزگەی ئەوەی دەخواست هەموو خەڵکیش وەك ئەو بەچکە ئاسکەیە بێوەی بوونایە. مام قوربان عەلی پیاوێکی باریکەلەی سمێڵ سپی بوو. شەوو رۆژی لەو چایخانەیەدا بەسەر دەبردو بە گورج‌و گۆڵییەوە پێشوازیی لە رێبواران دەکردو چای‌و ئاوو ماستاوو سیفۆنی دەخستە پێشیان. شەوانیش بەتەنیایی‌و رەبەنی هەر لەنێو چایخانەکەدا دەژیا. وەك چایچیەکی زیت‌و وریا لەنێو چایخانەکەوە ئەم رێبوارە تازەیەی دایە بەرنیگاو نەیناسیەوە. بەزۆری وەها راهاتبوو سەرجەمی رێبواران‌و گوندنشینەکان بناسێتەوە , چونکی ساڵانێکی دوورودرێژ بوو لەو

چایخانەیەدا چایچێتی دەکرد. بە پیاڵەیەك چایەو جامێك ئاوەوە دەرچووە دەرەوەو بەخێرهاتنی لە وەسمان کردو پێی وت:

- ئەم پیاڵە چایەت بۆ دابنێم؟

- داینێ و سوپاست دەکەم.

چایچیەکە پیاڵە چایەکەو جامە ئاوەکەی خستە بەردەم وەسمان. ئەمیش بەپەلە جامە ئاوەکەی خواردەوەو چایچیەکەیش جامە بەتاڵەکەی هەڵگرتەوەو وتی:

- ئەوە بۆ دوو رۆژ دەچێت شاگردەکەم نەخۆش کەوتووەو نایەت بەردەستیەکم بکات.

ئەمەی وتو رۆیشتەوە نێو چایخانەکەی. وەسمان دەستی بەچای خواردنەوە کرد. دوواتر بە کابرا گوندنشینەکەی تەنیشتی وت:

- ئەم بەچکە ئاسکە جوانەت لە کوێ دەستکەوتووە؟

- لە سەرەتادا دوو بەچکە ئاسك بوون لەو دەشتو دەرەدا هەردووکیانم گرت. زۆری پێ نەچوو یەکێکیان مردو بەتەنیا ئەمیان مایەوە. ماوەیەکە هەر بە شیری ئاژەڵ بەخێوی دەکەمو وەك منداڵ مەمە شیرم دەخستە دەمیەوەو بەباشی بەخێوم کردووە.

- ئەی گوایە بۆچی دەرتکردوەتە دەرەوە؟

- مەسەلەکە دوورو درێژە. لە راستیدا دەمەوێت لە دەستی خۆمی بدەم..!

- گوایە مەبەستتە بیبەیت بۆ شارو بیفرۆشیت؟

- نەخێر نیازی ئەو شتەم نییەو پڕ بەدڵ حەز ناکەم لە دەستی خۆمی بدەم , بەڵام بەهەر حاڵ ناچارم لە خۆمی دوور بخەمەوە.!

کابرای گوندنشین بۆ ماوەیەك تێڕاماو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو ئەوسا وتی:



- کورێکم لەسەر کێشەو قەزییەیەك خراوەتە زیندانەوە. ئێستایش پارێزەرێکم بۆ داکۆکی کردن لە کوڕەکەم گرتووە , بەنیازم ئەم بەچکە ئاسکە بەدیاری بەرم بۆ ئەو پارێزەرە لە شاردا. بەهەر حاڵ چارەنووسی کوڕەکەمم لەلا گرنگە.

وەسمان لەگەڵ بیستنی ئەو قسانەدا قومی لە چایەکەی دەداو هەستی بە دڵنەوایی دەکردو خۆشیەکی لە رادەبەدەر دڵو دەروونو مێشکی دەگرتەوە. ماوەی چەند ساڵێك بوو بێ بەش بوو لەم ژیانەی ئێستا. ژیان لەم ناوچەیەدا گەر ژەهری ماریش بووایە , هێشتا هەر پێی خۆش بوو بەژیانی پاشایەتیی دوورە وڵاتی نەدەگۆڕیەوە. لە چایخواردنەوە بووەوەو چووار فلسی پارەی چایەکەی لە گیرفانی دەرهێناو دای بە دەستی مام قوربان عەلیەوە. سێبەری دارتووەکانی چایخانەکەی بەجێ هێشتو بۆ جارێکی تریش سواری ئەسپەکە بوو بەتانیەکانیشی لە پێشی خۆی دانا. کەوتە بەرتیشکی گەرمی خۆرەتاوەکە. ئەسپەکەی دایەغارو ئارەقە بەلاملیو بەسەر روومەتیدا هاتە خوارەوە. زیاتر ئەسپەکەی بەسەر ئەو رێیەدا تاوداو بەرەو ژوور بووەوە. پیکابێکی جێمسی کە لە پشتەوە چەند مەڕێکی هەڵگرتبوو , لە ژووردا هاتە خوارەوەو ئەمیش لاڕێی گرت تاوەکو ئۆتۆمبیلەکە رەت بوو. گەیشتە ئەو شوێنەی کە چەمی خۆشی تێکەڵ بەخڕی خاسە دەبوو. ئەسپەکە لەنێو زیخو چەوی نێو جۆگاکەدا سەری نەوی کردەوەو بینی نایە ئاوەکەوەو تینوێتی خۆی شکاند. چەمەکەی بڕیو کەوتە دەشتاییەکی گەرم کە پڕ بوو لە بنچکی دڕكو داڵ کە بە پەرشو بڵاوی بەسەر زەویە رووتەنیەکەدا سەوزیان دەکردەوە. گڕەی گەرمای ئەو قرچەی نیوەڕۆیە بەڕوویدا پژاو , خەریك بوو دەمو چاوی هەڵبپرووکێنێت. لە نێو چەمی خۆشیدا بێستانەکانی کەوتە پێش چاو کە بە سەوزی لەملاو لەولای جۆگا ئاوە روونەکەدا خۆیان دەنوواند. بەلای تەرەفی رۆژهەڵاتی چەمەکەوە ریزێك

گردو تەپۆلکە ڤیت ببوونەوە. یەکەم کەپر رووبەڕووی بووەوە کەپرەکەی حاجی جەمال بوو , کە بەسەر لێواری چەمەکەوە ئۆقەرەی گرتبوو. وەها دەهاتە پێش چاو گەر رەشەبایەکی قایم هەڵی بکردایە بۆی هەبوو فڕێی بداتە نێو چەمەکەوە , بەڵام لە راستیدا وەهانەبوو , چونکی ئەو کەپرانە لە لێواری رۆژئاوای ئەو چەمەدا بەدرێژایی ساڵەهای ساڵ بە خۆڕاگریەکی زۆرەوە جێگیر ببوون. هاوینان دادەمەزرانەوەو لەگەڵ هاتنی پاییزیشیدا هەڵدەوەشانەوە. ئیتر مانو نەمانیان بەو شێوەیە بوو. کە گەیشتە ئاستی کەپرەکە ئەسپەکەی حیلاندی. حاجی جەمالو مامۆستا قادر بە جووتە دەرچوونە دەرەوە. حاجی جەمال هەردەم مێزەرێکی سپیی بەسەریەوە دەپێچا , بەڵام ئێستا بەسەری رووتی لە کەپرەکەی دەرپەڕیە دەرەوە. ئەم لە ئاستی خۆیەوە هەردووکیانی ناسیەوە , چونکی ساڵانی زوو وەك خەڵکی گەڕەك هەردووکیانی بینی بوو. بەڵام ئەوان کە رووبەڕووی ئەسپ سوارەکە بوونەوە نەیانناسیو نەیانزانی کێیە. ئەویش بەسەر پشتی ئەسپەکەوە لێیان ورد بووەوەو بەتانیەکانی مامۆستا قادریشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. تەماشای کرد مامۆستا قادر رانكو جۆخەیەکی قاوەیی لەبەر کردووەو سەرو سمێڵیشی سپی بوونە. لە جارانیش قەڵەوتر بووەو رەنگو رووە سوورو سپیەکەیشی وەك جاران هەر ماوەتەوە , ئێستایش پێوەی دیارە هێشتا هەر بەگوڕو بەتووانایە. جۆرە خزمایەتیەکیشی هەبوو لەگەڵ حاجی جەمالدا. وەسمان لە ئەسپەکەی دابەزیو بەتانیەکانی بەدەستەوە گرتو لێیان نزیك بووەوەو سەڵاوی لێیانکرد. لە پاشاندا بەدەستی راستەی تەوقەی لەگەڵ هەردووکیان کرد. ئەوانیش بەسەرسامیەوە پێشوازییان لێکردو نەیانناسیەوە. چونکی میوان بوو بۆیە پێیان شەرم بوو یەکسەر پرسیاری ئاراستە بکەنو بڵێن تۆ کێیتو کێت دەوێت؟ ئەمیش زانیی ئەوان نایناسنەوە بۆیە لە سەرەتادا نەیویست خۆی پێیان بناسێنێت. لە دڵی



خۆیەوە وتی دوواتر کات زۆرە بۆ ئەوەی هەموو شتێکیان بۆ بدرکێنێت. لە هەمان کاتدا دڵی بەو دوو کەسە سووتا کە یەکێکیان بەو پیریە لەسەر بێستانەو بەتەنیا بەشەوو بەڕۆژ لەو چۆڵەوانیەدا دەژێت. دووەمیشیان مامۆستای قوتابخانەیەو هەڵاتووەو ژیانی دەشتو دەری هەڵبژاردووەو لە ماڵو مناڵو خێزانی خۆی بێ بەشە , سەرەڕای هەموویشی مووچەی مانگانەیشی حەتمەن لێبڕاوە. زەردەخەنەیەکی بۆ مامۆستا قادر کردو پێی وت:

- ئەم بەتانیانە بۆ تۆ هاتوون.
- کێ پێی داویت!؟
- کوڕەکەت لەو رێیەدا لە ماتۆڕسکیلەکەی بەربووەوەو پەکی کەوتبوو. منیش بەتانیەکانم لێوەرگرتو ئەوەتا بۆتم هێناوە.

کە باسی بەربوونەوەی کوڕەکەی کرد , مامۆستا قادر خۆی پێڕانەگیراو کسپە لە نێو دڵیەوە هاتو بەپەلە قسەکەی وەسمانی بڕیو بە پەرۆشەوە پرسی:

- چۆنو بەچ جۆرێك کەوتبوو؟
- دڵ لە دڵ مەدەو رووداوێکی سەرپێیی سووکەڵە بوو.

خۆرەکەی ئاسمان هەروەکو ئاگر گڕی خۆی دەهاویشتو ئارەقەی بەشانو ملو دەمو چاوی هەرسێکیانا دەچۆڕاندەوە. مامۆستا قادر چاوەڕوانی وەڵامی نەکردو زانیی شوێنەکەیان گەرمە , فەرمووی لە میوانەکەیان کردو هەرسێکیان خۆیان کوتایە نێو کەپرە فێنکەکەوە , کە بەقەد دیوارەکانیەوە ریزێك کون هەبوون تاوەکو باو هەوا بەردەوام ئەمدیوو ئەودیو بکات. لە نێو کەپرەکەدا حەسیرو دۆشەك راخرابوون. لە قوژبنێکی کەپرەکەیش سەندووقێکی دار داندرابوو کە بە رەنگی سەوز بۆیە کرابوو. بەڕادەیەکی زۆر لە سەندوقی سەربازگەی عەسکەری دەچوو. بەسەر سەندوقەکەوە چرایەك داندرابوو کە بەس بە شەوان دادەگیرسا. لە نێوەڕاستی کەپرەکە

خۆراكی نیوەڕۆژە لەسەر سینیەك داندرابوو , كە بریتی بوو لە گۆشتی ماسیی برژاوو لۆبیای كوڵاوو تەماتەو نان , بە تەنیشتیانەوەیش تەماتە قاژ كرابوو. شەربەیەكی ئاوو جامێكیش بە تەنیشتی سینیەكەوە بوو. هەرسێكیان بەدیار سینیەكەوە ئەلقەیان بەست. مامۆستا قادر بە بیستنی هەواڵی كەوتنی كوڕەكەی شپرزە ببوو , دەمو چاوە سوورەكەی زیاتر سوور هەڵگەڕابوو. وەسمان هەستی بە پەشۆكاویی مامۆستا قادر كردو دڵنیای كردەوەو پێی وت:

- خەمت نەبێت هیچ شتێكی ئەوتۆ نەبوو. بەتانیەكانی بەمن سپارد تاوەكو بۆتی بهێنمو خۆیشی بە سەلامەتی گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆتان.

مامۆستا قادر ئەم قسانەی كەوتە بەرگوێو دڵی داسەكاو هێور بووەوە. ئەوسا بیری كردەوە كە لەسەر خوانن و دەبێت نیوەڕۆژە بكەن. بۆیە نەیویست درێژە بە قسەو وتو وێژ بداتو بە میوانەكەی وت:

- ئەوەتا تۆی میوانی ئازیزیش هاتیت بەسەرداو دەبێت بەشداریمان لەگەڵدا بكەیت.

هەرسێكیان دەستیان درێژكردو كەوتنە خواردنی ژەمی نیوەڕۆ. لە دەرەوەدا بێ وچان با هەڵیدەكردو لە كونەكانەوە بۆ ژوورەوە تەوژمی دەهێنا. حاجی جەمال قژە تەنكەكەی سپی دەكردەوەو كە لەبەردەمیشەوە هەندێك سەری رووتابووەوە. دەستی درێژ كردو جامێك ئاوی لە شەربەكە پڕ كردو پێشكەش بە میوانەكەی كردو پێی وت:

- لە دوورەوە هاتوویتو دەزانم تینووتە.

میوانەكە جامە ئاوەكەی لێوەرگرتو لێی خواردەوەو لە پاشاندا جامەكەی خستەوە سەر دەمی شەربەكە. بەبێ دەنگی هەموو خەریكی خواردن بوونو بەوپەڕی خۆشیەوە نیوەڕۆژەیان كرد. پاش ئەوەی لە خواردن بوونەوە



حاجی جەمال بە گورجو گۆڵیەوە سینیەكەی هەڵگرتو لە دەرەوەی كەپرەكەی داناو گەڕایە دوواوەو وتی:

- پاش نەختێكی تر سینیەكە دەبەمە نێو چەمەكەو دەیشۆم.

مامۆستا قادر پێكەنیو وتی:

- یاخوا هەر لەش ساخ بیتو لە بەڵاو موسیبەتی دونیا بەدوور بیت.

حاجی جەمال كەوتە خۆیو مەقاڵە لە قوڕ دروستكراوەكەی لە بەردەم كەپرەكەدا ئاگرداو قۆریەكەی خستە سەریو گەڕایەوە دانیشت. ئەوسا وەسمان كەوتە گێڕانەوەی رووداوی بەربوونەوەی كوڕەكەی مامۆستا قادر بەسەر ماتۆڕسكیلەكەوەو وتی:

- مامۆستا كوڕەكەت بەتەمای ئەوەبوو بەتانیەكانت بۆ بهێنێتو لەو رێیە بەربببووەوەو دۆش دامابوو.

- یانی ئازادی كوڕم.؟

- لە راستیدا نەمپرسی ناوی چییە , بەڵام بەكورتیەكەی دەستی یارمەتیم بۆ درێژكردو بەتانیەكانم لێوەرگرتو پێم وت من بەرەو چەمی خۆشی دێم , ئەویش بەرەو پاش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

- ئیشێكی چاكت كردو مایەی سوپاسیت.

- ئایا كوڕەكەی جەنابت چ كارەیە؟

- ئازادی كوڕم خوێندكارە لە كۆلیجی یاساناسی لە شاری بەغداو ئێستا پشووی هاوینەو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە.

وەسمان تەماشای روخسارو دەمو چاوی هەردووكیانی كرد , هەستی بەوەكرد هەردووكیان خەریكە دیق بكەن , سەبارەت بەوەی بزانن ئەم میوانە ناوەختەیان كێیەو لە كوێوە هاتووە!؟ بەڵام سەرەڕای هەموویشی لە ڕوودامابوونو نەیاندەزانی بەچ شێوەیەك ئەو پرسیارە بورووژێنن. لەو كاتەیدا كە قۆریەكە لەسەر مەقاڵەكە بوو ئەم لە ئاستی خۆیەوە بەدوورو

دریژی باسی ژیانی خۆی بۆ حاجی جەمالو مامۆستا قادر کرد. هەرچیەکی بەسەرهاتبوو لەو ساڵانەی پێشوودا هەمووی بۆیان گێڕایەوە. ئیتر ئەوانیش میوانەکەیان ناسیەوەو زانیان کێیە , چونکی ئەویش لە بنەڕەتدا وەك ئەوان خەڵکی گەڕەکی زێویەبوو , بەڵام ساڵانێکی دوورو درێژ بوو لەو گەڕەکە دوور کەوتبووەوە. پاش ئەوەی لە قسەکانی بووەوە لە کونێکی کەپرەکەوە تەماشای دەرەوەی کرد , چاوی بە ئەسپەکەی کەوت کە سەری خۆی شۆڕکردبووەوەو دەلەوەڕی. لە ناخەوە دڵی بەو گیانلەبەرە سووتا کە بەو نیوەڕۆ گەرمە لەبەر تیشکی خۆرەتاوەکەدایە. قۆری هاتە کوڵو حاجی جەمال بەلەش سوکیەکی زۆرەوە چایی تێکردو پیاڵەی خستە بەردەم هەرسێکیان. لەگەڵ چایخواردنەوەدا مامۆستا قادر هاتەگۆو بە وەسمانی وت:

- بەم رۆژگارە دوورو درێژە دەستم بەتاڵەو هەر لەگەڵ ماسی گرتندا خەریکم. ئەو ماسیە برژاوانەی کە پێشتر خواردمان , سەرلەبەیانی خۆم بە قولاب لە گۆمە قووڵەکەی پێچپیەکەی چەمەکە راوم کردن. جا نازانم بەدڵت بوو یاخود نا.!

وەسمان دەستێکی بۆ سەری خۆی بردو کڵاوەکەی راست کردەوە. لە پاشاندا دەستی بەریشە رەشەکەیدا هێناو بە پێکەنینەوە وتی:

- لێرەدا تۆ ماسی راودەکەیت , لە شاریشدا دەوڵەت دەیەوێت منو تۆ راو بکات.!

- ئیتر ئێمە لەسەر ئەم بگرەو بەردەیەو ئەم ژیانە پڕ لە کوێرەوەریو مەینەتیە راهاتووین.

- بمانەوێتو نەمانەوێت هەتا مردن ئەمە چارەنووسمانە.

مامۆستا قادر سەری بۆ قسەکانی لەقاندو , ئەوسا وەسمان بەکتو پڕی مەسەلەیەکی کەوتەوە بیرو پرسیاری لە حاجی جەمال کردو وتی:



- دەمەوێت سەردانیی کەپرەکەی مام ئۆمەری خەزووری خولەی برام بکەم. ئایا هەر لە شوێنی جارانی خۆیاندان؟

حاجی جەمال لە وەڵامدا وتی:

- چۆن کەپرەکەی من هەر لە شوێنی خۆیدایە , کەپرەکەی ئەوانیش بەهەمان شێوە لە جێی خۆیدا جێگیرەو بەمەودای چەند سەد هەنگاوێك کەوتۆتە ژوورووی کەپرەکەی منەوە.

- دەبێت باری تەندروستیان چۆن بێت؟

- مام ئۆمەرو میمکە نێرگز باشنو هێشتا هەر گوڕیان تێدا ماوەو بەم رۆژگارەیش لە هاتو چۆدان. حەمەمینی کوڕیشیان لەگەڵدایە لەسەر بێستان.

- ساڵانێکی دورو درێژە کە نەمبینیون. دەترسم بچم بۆلاینو ئەوانیش لە رقی خولەی زاوایان پێشوازیم لێنەکەن.!؟

- جا گوایە هەقی خۆیان نییە گەر دڵیان لە براکەت پڕ بێتو خۆشییان بە چارەیدا نەیەت. ئەوا بۆ دە ساڵ زیاتر دەچێت ئەو ژنو تاقە کوڕەی بەجێ هێشتووە.

ئەو قسانەی حاجی جەمال کاری تەواوی کردە سەر دڵو دەروونی وەسمان. بەڵام نقەی لە خۆی بڕیو زمانی نەهاتە گۆ کە چۆن بتوانێت وەڵامی قسەکانی بداتەوە. مامۆستا قادر تەماشای سەعاتەکەی دەستی خۆی کردو حاجی پرسیی:

- سەعات چەندە؟

- سەعات یەكو نیوە.

پاش بێدەنگیەك وەسمان پرسیارێکی ورووژاندو بە حاجیی وت:

- ئەرێ دەنگە خۆشەکەی جارانت ماوە؟

پێش ئەوەی حاجی وەڵام بداتەوە , مامۆستا قادر دەست پێشخەریی کردو وتی:

- دەنگی هەر وەك جاران خۆشە. بەردەوام بەدەنگە خۆش‌و پڕ لە ئاوازەکەی مەقامەمان بۆ دەچڕێت‌و ئەم نێوەندە دەخاتە لەرزە , بە تایبەتی کە شەو دابێت‌و دنیا تاریك هەڵگەڕێت حاجی دەست پێدەکات. گەر دەنگی حاجی‌و دەنگی شمشاڵی شوانەکانی ئەم ناوچەیە نەبێت , ئەوا من لەم ژیانەم بێزارو وەڕس دەبم.

وەسمان خۆی گورج کردەوەو کەوتە خۆی‌و هەڵسایە سەرپێ. دەستێکی بۆ بەرباخڵی بردو دەمانچەکەی بەسەر کردەوەو وتی:

- پێش ئەوەی بچمە کەپرەکەی مام ئۆمەر , وەها چاکە لە گۆماوەکە ئەسپەکەم ئاو بدەم.

ئەوانیش هەڵسانە سەرپێ‌و زۆری پێنەچوو وەسمان خواحافیزی لێیان کرد. خۆی گەیاندە لای ئەسپەکەو خۆی هەڵدایە سەرپشتی. لە ئاسمان‌و لەسەر رووی زەویەکەوە گەرماکە شاڵاوی بۆ هێنا. بە لێژاییەکەدا ئەسپەکە شۆڕبووەوە بۆ نێو چەمەکە. لە ئاستی گۆماوەکەدا وەسمان لە ئەسپەکە دابەزیە سەر زیخ‌و چەوی ئەو شوێنە. بڕکە سەوزەکان بەرهەمی خۆیان بەسەر زیخ‌و چەوەکەدا بڵاوکردبووەوە. لە هەموو لاوە ترۆزی‌و کالیارو شووتی‌و کاڵەك‌و تەماتەو لۆبیاو بامیە دەبینران. بە زۆری ئەم بەرو بوومانەی بێستانەکان سەر لە ئێواران دەچنران‌و سەرلەبەیانی لە کازیوەدا بە کەروبار یاخود بە عەرەبانە یاخود بە پیکاب بەرەو بازاڕەکانی شاری کەرکوك رەوانە دەکران بۆ فرۆشتن. بەزۆریش پارەیەکی ئەوەندە زۆریان نەدەکرد کە خۆشگوزەرانی بە بێستانچییەکان ببەخشێت. ئەسپەکە هەنگاوەکانی زیاتر هەلگرت‌و بەپەلە روویکردە گۆماوەکەو قەپۆزی خستە نێو ئاوەکەوەو بە ملچە ملچ کەوتە ئاو خواردنەوە. وەسمان بە وردی دیقەتی ئەملاو ئەولای خۆیداو تەماشای گردە رووتەنیەکانی ئەوبەرەوەی کرد کە بێدەنگی خۆی سەپاندبوو بەسەریاندا. زۆر بە وریاییەوە هەنگاوی نا , لەوە چەکەرەی دەکرد نەوەك بکەوێت بەسەر تەڵەیەکداو بە پێیدا بتەقێتەوە. لە ئاستی گۆمەکەدا خۆی دانوواندو کڵاوەکەی داکەندو بە شەپە شەپ دەم‌و چاوی خۆی شوشت. لە پاشاندا خۆی رووتکردەوەو جل‌و بەرگەکەی‌و دەمانچەکەی خستە سەر تاشە بەردێك. خۆی هاویشتە نێو ئاوەکەوەو کەوتە مەلەکردن. جاروباریش تەماشای ئەسپەکەی دەکردو لەوە دەترسا نەوەك دەمی لە بڕکی بێستانەکە گیر بکات‌و بیانخوات. پاش ئەمسەرو ئەوسەرکردنێکی زۆر بەنێو ئاوەکەدا دەرچووە دەرەوەو لەبەر تینی خۆرەتاوەکەدا لەشی خۆی وشك کردەوە. ئەوسا جل‌و بەرگەکەی لەبەرکردو دەمانچەکەیشی خستەوە بەر باخەڵی. دەستی بردو ترۆزیەکی لەبڕکەکەی کردەوەو بە ئاوی گۆمەکە شوشتیەوە. ترۆزیەکەی کرد بە دوو لەتەوە , بەشێکی خۆی خواردی‌و بەشەکەی تریشی خستە نێو دەمی ئەسپەکەیەوە. گیانلەبەرەکە بە خرمە خرم دایکرماندو خواردی. سواری ئەسپەکە بووەوەو سەرەو ژوور بووەوە بە مەبەستی رۆیشتن بۆ کەپرەکەی ماڵی مام ئۆمەر.

**بەسـەر ئەسـپەكەوە لـە كەپرەكـە نزيـك بـووەوە. سـەگێك بـە حەپەحـەپو وەڕين تێيان ئالاَ. ئەسپەكەيش بە دەنگێكی بەرز حيلاندی. سێ كەس لە نێو كەپرەكەوە دەرپەڕينە دەرەوە بە مەبەستی ئـەوەی بـزانن ئـەو ئەسـپ سـوارە كێيە كە ئەسپەكەی دەحيلێنێت؟ مام ئۆمەرو ميمكە نێرگزی ژنیو حـەمينی كوڕيان بە پەشۆكاويەوە لە ژێر تيشكی گەرمی خۆرەتاوەكـەدا هەڵيانڕووانيـە ئەسپ سوارەكەو نەياننـاسيەوە. لە ئەسپەكەی دابەزیو بـەرەو رووويـان چـوو. سـەلاَوی لێيـان كـردو تەوقـەی لەگـەڵ مـام ئۆمـەرو حەمـەمين كـردو دەسـتی خستە سەر شانی ميمكە نێرگز. دەمی هەڵهێناو وتی:**

**- ئايا ميوان رادەگرن؟**

**مام ئۆمەر هاتە وەلاَمو وتی:**

**- فەرموو ماڵی خۆتەو هەر كەسێكيت بەخێر هاتيتو سەرچاومان.**

**- سوپاست دەكەم مام ئۆمەر.**

**مـام ئۆمـەر سـەری سـوڕما كـە ئـەو ميوانـە نامۆيـە نـاوی هێنـا. مـام ئۆمـەر پێكەنیو دەمو دانە كەلۆسەكەی دەركەوتو وتی:**

**- گەرچی من تۆ ناناسم بەلاَم وەها ديارە تۆ من دەناسيت.!؟**

**وەسمان وەلاَمی نەداوەو لە پاشاندا يەك لە دووای يەك هەر چواريان چوونە نێـو كەپرەكـەوە. ميوانەكـە چـاوی گـڕداو بـۆی دەركـەوت كـە نێوەنـدی ئـەم كـەپرەيش هـەروەكو نێوەنـدی كەپرەكـەی پێـشوو بـوو , بـەلاَم لێـرەدا لـە سووچێكدا كوڵە بڕنەوێك لەسـەر قۆناخەكـەی دانـدرابوو. هـەروەها حەسـيرو دۆشـەگی تـەنك راخرابـوو لـە نێوەڕاستيـشدا سـينيەكی گـەورە دانـدرابوو كـە شووتیو كاڵـەك لەسـەری كوزو قـاژ قـاژ كرابـوو. وەهـا ديـار بـوو هێـشتا لێـی نـەخورابوو. هـەر چـواريان بـەديار سـينيەكەوە ئەلقـەيان بەسـتو بـەخێر**



**هـاتنيش لـە ميوانەكـە كـرا. هـەموو لـە ميوانەكـە ورد بوونـەوەو لـە ناخـەوە ئاواتـەخواز بـوون بێتـە گـۆو نـاوی خـۆی پێيـان بڵێـت.. مـام ئۆمـەر دەسـت پێشخەری كردو دەستی بۆ سينيەكە درێـژكرد , داوای لـە هـەموويان كـرد كـە دەست بە خواردنی شووتیو كاڵـەك بكـەن. هـەموو بـە قسـەی مـام ئۆمـەريان كردو دەستيان بۆ سينيەكە درێژ كـرد. هەرچـەند لـە دەرەوەدا بايـەكی تونـد هەڵيبكردايـە , ئـەوا كونـەكانی قـەد ديـواری كەپرەكـەيان دەبـڕیو دەهاتـە ژوورەوە.**

**لە خواردن بوونەوەو سەر سينيەكان بەتاڵ كرد. يەك لە دووای يـەك چوونـە دەرەوەو بـە ئـاوی مەسـينەيەك دەسـتو دەمـی خۆيـان شوشـتو گەڕانـەوە. ئەوسا ميوانەكە هاتە قسەو پێيانی وت:**

**- ئێوە لەمنتان نەپرسی من كێمو بۆچی هاتووم؟**

**مام ئۆمەر بە چاوە وردەكانيەوە ديقەتی داو پێی وت:**

**- ئێمە لەم سـەر بێـستانەدا زۆر جـار ميـوان روومـان تێدەكـەن. لـە راستيـشدا لەڕوو دادەمێنين كە بە ميوانەكان بڵێين ئێوە كێنو چ كارەن.!؟**

**- مـن ئێـوە بەباشـی دەناسـمو خزمـی ئێوەيـشم , بـەلاَم ئێـوە هەقتانـە مـن نەناسنەوە.!**

**- خۆزگە ناوی خۆتت دەووتو خۆت پێمان دەناساند.**

**- ماوەی دە ساڵ زياترە كەوتوومەتـە وڵاتـی غـەريبیو ئـەم ناوچـەيەم بـەجێ هێشتوە.**

**- ئێمـەيش دەشـێت هـەر لەبـەر ئـەو هۆيـە بێـت نەتناسـينەوە. خـەڵكی ئـەم دەوروبەرە هەموو خزمو ناسيارنو هەموو كەسێكيش دەناسرێتەوە.**

**- بە كورتيەكەی من وەسمانم برای خولەی زاواتان.**

**هەركە ئەم قسەيە لە زاری ميوانەكەوە دەرچوو , هەموو قيـت بوونـەوەو بـە تەواوەتی شڵەژان , هەروەك ئەوە وەهابوو بەردێكی گەورە فـڕێ بدرێتـە نێـو**

گۆماوێکەوەو ئاوە مەنگەکەی بشڵەقێت. میوانەکە هەر لە سەرەتادا حیسابی بۆ هەموو شتێك کردبوو , بەباشی دەیزانی ئەم ماڵە دڵو دەروونیان زەدەدارەو بە بیستنی ناوی خولەی زاوایان کۆنە برینیان دەکولێتەوەو دێتەوە سوێ. لە ئاستی خۆیەوە تەماشای هەرسێکیانی کرد , لە دەمو روو روخساریاندا هەموو جۆرە پەژارەو رقو کینەیەکی بە ئاسانی خوێندەوە. حەمەمین لە هەموویان زیاتر رەنگو روخساری سوور هەڵگەڕا. بە تووڕەییەکی زۆرەوە هەڵسایە سەرپێو لە سووچی کەپرەکەدا کوڵە بڕنەوەکەی هەڵگرتو بە دەنگێکی بەرزهاواری بەسەر میوانەکەدا کردو وتی:

- بەس پێم بڵێ کە خولە لە کوێیە؟ شەرتبێت بیکەم بە قوربانی یەك گوللەو وەك سەگ بیتۆپێنم. دەبێت هەقی ئەو خوشکە کلۆڵەو کوڕە بەستزمانەکەی لێبکەمەوە.

مام ئۆمەر کوڕەکەی خۆی هێور کردەوەو داوای لێکرد دابنیشێتو بە هەڵەشەیی هەڵنەچێت. ئەوسا میوانەکە رووی دەمی کردە حەمەمینو پێی ووت:

- دابنیشەو خۆت هێور بکەوە , چونکی خولەی برام لەم ناوچەیەدا نییەو دەستی تۆی پێناگات.

میمکە نێرگزیش لە ئاستی خۆیەوە هەڵچوو , کەوتە دوعاو نزا لە زاواکەیانو لە خوا پاڕایەوە کە بەرخوردار نەبێتو قەتیش خێر بەڕێی نەیەت. میوانەکە ویستی هێوریان بکاتەوەو پێیانی وت:

- هەرچییەك بڵێن هەقی خۆتانە. بەڵام چارەنووسو موقەدەری خوا وەهابوو ئەو شتانە رووبدەن. باش دەزانم هەمووتان ئێشو ئازاری زۆرتان چەشتووەو خەمو خەفەتو کوێرەوەریش رووی تێتان کردووە.

میمکە نێرگز لە هەموویان زیاتر هەڵچووبوو , دەستی راوەشاندو وتی:



- ئەم کابرایە بۆچی وەهای لە ئێمە کردو بۆچی ئەو ژنو منداڵەی خۆی بەجێهێشتو بەرەو نادیار ملی شکاندو رۆیشت!؟ تۆیش کە لەگەڵیدا بوویت وەها ئیجابی دەکرد رێنمایی بکەیت , بۆیە من دەڵێم کە تۆیش وەکو ئەو تاوانبارو خەتاباریت.

مام ئۆمەریش قسەکانی ژنەکەی سەلماندو وتی:

- ئەم هەموو ساڵە نەدەبوو ئەو پیاوە بیری لە ماڵو منداڵی خۆی بکردایەتەوە!؟ لە خۆی بپرسیایە داخۆ ئەو ژنو منداڵەی چییان بەسەرهاتووە.؟ ئایا ماون یاخود نەماونو ژیانو گوزەرانیان بەچ شێوەیەك بەڕێوە دەچێت.!؟

میوانەکە سەری دانوواندو بە دەنگێکی نزم وتی:

- چی بڵێن قسەکانتان راستەو لەسەر سەرمو هەقتان بەدەستە , بەڵام دەستی زەمانەو چەرخی چەپگەرد سەری لە هەمووومان شێواندو لەیەکی دابڕین.

میمکە نێرگز زۆر بەحیدەتەوە بەرپەرچی داوەو وتی:

- هەرگیز پاکانەی بۆ مەکەو بۆی مەپاڕێوە. ئەوەی ئەو برایەی تۆ بەسەری ئێمەی هێنا دوژمن بەسەر دوژمنی خۆی ناهێنێت. گەر بکەوێتە بەردەستم شەرت بێت تۆڵەی کچەکەمی لێ بسێنمەوەو , بە نینۆك هەردوو چاوی هەڵکۆڵمو بیکەم بە پەندو عیبرەت بۆ هەمووان.

حەمەمین بەرامبەر میوانەکە دانیشتو رووبەڕووی بووەوەو تفەنگەکەیشی نابووە باوەشیەوەو بە زمانێکی پڕ لە هەڕەشەوە وتی:

- تۆ بەس پێم بڵێ ئەو جانەوەرە لە کوێیە؟ ئەوسا دەتوانم لە هەقی بێمو تۆڵەی خۆمانی لێ بسێنمەوە.

- ئەگەر مەبەستت خولەیە , ئەوا دڵنیابە ئێستا گەرچی گەڕاوەتەوە بەڵام لە شوێنێکی دوورەوە دەستی تۆی پێناگات.

قسەو باس‌و وتو ویژەکان زۆر گەرم بوون‌و ئاگریان لێدەباری. تێکڕای راوبۆچوونەکان ئاکامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە. بۆیە سەرەنجام ناچاربوون خۆیان هێور بکەنەوەو لە هەڕەشەو گوڕەشە دوور بکەونەوە. مام ئۆمەر کۆتایی بە سەرجەمی هەڵچوون‌و داچوونەکان هێناو بە میوانەکەی وت:

- تۆ کە میوانی ئێمەیت زۆر ناشیرینە بۆمان ئازارت بدەین‌و تۆڵەی براکەت لە تۆ بسەنینەوە. بەڵام پێمان بڵێ ئێوە ئەوەندە ساڵە لە کوێ بوون‌و بۆ کوێ چوون؟ بۆچی گوم بوون‌و هەواڵتان نەبوو.!؟

وەسمان سەری هەڵبڕی‌و دەستی بەگێڕانەوە کردو وتی:

- کاتێك کە هەراکەی گاورباخی لە ساڵی (١٩٤٦)دا دەستی پێکرد , من‌و خولەیش بەشداریمان تێدا کرد. ئەوەبوو وەك دەزانن لە ئاکامی ئەو راپەڕینەدا چەندین کەس کوژران‌و بریندار بوون. من‌و خولەی برامیش خراینە زیندانەوەو خۆشبەختانە توانیمان سجن بشکێنین‌و هەڵبێین. ئەوەبوو روومان کردە ولاتی ئەودیو. ئەوا ماوەی دە ساڵ زیاترە لە ولاتی ئەودیودا دەژین. لەم چەند رۆژەی پێشوودا گەڕاینەوە بۆ شاری کەرکوك , بەڵام سیخوڕەکانی دەوڵەت ئێمەیان ناسی بووەوەو خەبەریان لێمان دابوو. ئەوەبوو لەلایەن پۆلیسەوە گەمارۆ دراین‌و بۆ جارێکی تریش هەڵاتین.

مام ئۆمەر نەیهێشت میوانەکەیان لەسەر گێڕانەوەکەی بەردەوام بێت‌و قسەکەی پێ بڕی‌و لێی پرسی:

- ئەی گوایە خولە پاش هەڵاتنەکەتان چی بەسەرهات.؟

- هەردووکمان پێکەوە هەڵاتین‌و بەدەم رێ بڕینەوە خولە پێمی وت کە رووناکاتە ئەم دەوروبەرە.

- جا کوێی ئیکەی هەیە تاوەکو ڕووی تێبکات؟

- وتی گوایە بەپێ رێگا دەگرمەبەرو روو دەکەمە لادێ.

- نەیوت روودەکاتە کام گوند؟



- زۆر هەوڵمدا لەگەڵیدا. بەڵام نەهاتە ژێربارو نەیویست بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان.

- گوایە بۆچی نەگەڕایەوە بۆ نێو ماڵ‌و منالی خۆی؟

- وەهای تێگەیشتم کە یا دەترسێت یاخود رووی نییەو شەرمەزارە.

- گەر هەست بە شەرمەزاری بکات ئەوا لە جێی خۆیدایە. گەر گریمان بترسێتیش هەر راستە , چونکی ئێمە دەمانتووانی لە هەقی بێین‌و بە باشی مارکوژی بکەین.

میمکە نێرگز هەڵی دایەو ئەویش لە ئاستی خۆیەوە دەنگی خستە پاڵ دەنگی مێردەکەی‌و وتی:

- شەرتبێت بە شەرتی خوا گەر بکەوێتە ژێر دەستمان , دەبێت وەك مار سەری پان بکەینەوەو جەستەی بپلیشێنینەوە. ئێستایش دەمەوێت بەڕاست‌و رەوانی پێمان بڵێیت لەچ کونجێکدا خۆی حەشار داوەو بەڕووڕەشی خۆی شاردۆتەوە.؟

- ئەگەر بڕووام پێدەکەن بەهیچ ئەندازەیەك نازانم لەکوێدایە. بەس ئەوەندە دەزانم کە لە کاتی هەڵاتندا خۆی لێم جیاکردەوەو وتی گوایە روودەکاتە گوندولادێ.

مام ئۆمەر ویستی زیاتر بچێتە بنج‌و بنەوانی مەسەلەکەو لەو رووەوە پرسیاری کردو وتی:

- نەیووت داخۆ روودەکاتە کام گوندو لادێ؟

- نەخێر نەیووت. گەر بیووتایە ئێستا من دەمدرکاندو پێتانم دەووت. بەس بڕووا بفەرموون منیش هەندی ئێوەی لێدەزانم‌و خۆزگە پێم دەزانی لە کوێ خۆی حەشارداوە.؟

- ئێستا تۆ لە کوێوە هاتوویتە بۆ ئێرە؟

- دوێنێ دەمەو مەغریب پێکەوە هەڵاتین , ئەوەبوو خولە لێم جیابووەوەو منیش بەرەو باخەکانی کەناری خاسە هەڵاتم. پۆلیس بەدووامەوە بوون‌و تەقەیان لێم کردو یەکێك لە گوللەکان بەر لاقی راستەم کەوت‌و خۆشبەختانە برینەکەم کاریگەر نەبوو.

میوانەکە لە قسەکەی وەستاو دەلنگی شەرواڵەکەی هەڵماڵی‌و برینە پێچراوەکەی لاقی پیشانیان دا. ئەوسا درێژەی بە قسەکانی داو بە هەناسە سوواری وتی:

- ئەوەبوو توانیم خۆم دەرباز بکەم‌و خۆم بگەیەنمە کەپرەکەی عەبەی باخەوان. ئەویش خوا دەست بە عەمریەوە بگرێت بەهانامەوە هات‌و داڵدەی دام. شەویش هەر لەلای ئەو ئۆقەرەم گرت‌و خەوتم. سەرلەبەیانیش ئەسپەکەی خۆیی دامێ‌و هەر بە ئەسپەکەی ئەویش هاتووم بۆ دیدەنیی ئێوەی بەرێز.

حەمەمین بەددانە چیڕەو بە تووڕەییەکی زۆرەوە بە میوانەکەی وت:

- بە بڕووای من تۆیش تاوانبارو خەتاباریت , خۆزگە گوللەی پۆلیسەکان دەتیپێکاو دەتیکوشت. گەر میوان نەبوویتایە ئەوا هەموو شتێکم لەگەڵتدا یەکلایی دەکردەوە.

- حەمەمین گیان یەکەم من تاوانبار نیم‌و دووەمیش ئێمە خزم‌و قەوم‌و قیلەی یەکترین‌و لەیەك نابین , بۆیە من لە قسەکانی جەنابت دلگیر نیم‌و لێت زویر نابم. هەرچییەکیش دەڵێیت بیلێ. گفتت دەدەمێ لەگەڵتاندا دەستبەکاربم‌و سۆراخی خولەی برام بکەین تا دەیدۆزینەوە. ئەوسایش بڕووا ناکەم دەستتان تێی بچێت‌و دەستی لێبوەشێنن. بڕووا ناکەم ئەویش حەزی بەوە کردبێت ژن‌و منداڵ‌و خزم‌و کەس‌و کاری خۆی بەجێ بهێڵێت‌و وڵاتی غەریبی بکاتە مەنزڵگای خۆی.





خۆرەکە لەسەرخۆ بەرەو گردەکانی رۆژئاوا دادەکشا. لەو کات‌و وەختی دەمەو عەسرەدا دنیا بەرەو فێنکی دەڕۆیشت. گردۆلکەکان لەژێر تیشکی خۆرەتاوەکەدا دەتووت فەردەیەك پەتاتەن‌و بەسەر زەویدا رۆکراون. میمکە نێرگز لە سێبەری کەپرەکەدا جێی راخست. هەموویان لە نێو کەپرەکە دەرچوون‌و سایەی کەپرەکە گرتیانیە خۆی. میوانەکە بە قسەی خۆش‌و لەبزی شیرین توانیی ماڵەکە هێور بکاتەوەو رق‌و کینەیان دابمرکێنێتەوە. هەرکەسێك هەڵبچووایەو تووڕەیی دایبگرتایە , ئەوا میوانەکە رێی پێدەگرت‌و ساردی دەکردەوە. هەموو هەڵیانڕووانیە سەرەو ژوورو چاویان بە کەسێك کەوت کە بەرەو خوار دەبووەوە , زانییان مام کەریمەو لە کەپرەکەی خۆیەوە بۆ لای ئەمان رێگای گرتۆتەبەر. لە مەجلیسەکەیان نزیك بووەوەو سەڵاوی لێکردن‌و بە رەنگ‌و روویدا دیاربوو کە شتێك لە ناخیدا گێنگڵ دەخوات. تەنانەت لە کاتی سەڵاو کردنیدا هەر بە دەنگی دیاربوو کە شڵەژاوەو لەسەر خۆی نییە. حەمەمین‌و میوانەکە لە بەردەمی هەڵسان‌و میوانەکە یەکسەر مام کەریمی ناسیەوەو دەستی درێژ کردو تەوقەی لەگەڵیدا کرد بەڵام ئەو ئەمی نەناسیەوە. مام ئۆمەر لێی هاتە قسەو بە پێکەنینەوە پێی وت:

- وەرە دانیشەو پێمان بڵێ بۆ ئاوەها شێواویت‌و داخۆ چیت لێقەوماوە.؟

مام کەریم بە تووڕەییەوە وەڵامی داوە:

- ئەی دوێنێ چیم بۆت باس کرد.؟

- نازانم لە بیرم نەماوە چیت بۆم باس کردووە.

- ئەی گوایە پێتم نەووت کە بۆ چەند رۆژێك دەچێت عەسکەرێك فێربووە خۆی دەکوتێتە نێو بێستانەکەمەوەو بە ئارەزووی خۆی برکەکان دەشێوێنێت.

- نازانیت کێیەو لەم ناوچەیەدا چی دەکات؟

- لە کوێ بزانم کێیەو کوێندەریە.؟ بەس ئەوەندە هەیە جاروبار بەجلو بەرگی سەربازیو سەری روتەوە , دەکەوێتە پێش چاومو لە ناکاودا لەبەرچاو خۆی گوم دەکات هەروەکو ئەوەی زەوی قووتی بدات وەهایە.

لەو کاتەیدا کە هەموو بەسەر پێوە قسەیان دەکرد , چاویان پێوەبوو سەربازەکە لە دوورڕا لە نێو بێستانەکەی مام کەریمەوە دەرچوو , بەقەدپاڵی ئەوبەرەوەی چەمەکەدا هەڵگژاو خۆی گەیاندە لێواری بەرزی سەر چەمەکە. لە نێو راستە زەویەکەدا بەجلو بەرگی سەربازیو سەری رووتی بێ سدارەوە لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا. حەمەمین کەوتە خۆیو لە نێو کەپرەکەوە کوڵە برنەوەکەی دەرهێنا. ویستی تەقە لە سەربازەکە بکات , بەڵام باوکی خورِی بەسەریداو نەیهێشت تەقە بکات. لەپڕ وەسمان تفەنگەکەی لە دەستی حەمەمین راپسکاند , بە پەلە خۆی گەیاندە ئەسپەکەیو خۆی هەڵدایە سەرپشتی. هەر لەگەڵ تاودانی ئەسپەکەی ژێریدا مام ئۆمەر هاواری بەسەردا کردو پێی وت:

- هۆ وەسمان.. نەخەڵەتێیت ئەو زەلامە بکوژیت یاخود بریندراری بکەیت. بەس بەتەنیا چاوترسێنی بکە.

وەسمان بە دەستی راستەی تفەنگەکەی گرتو بە دەستی چەپەیشی جڵەوی ئەسپەکەی رادەکێشت. ئەسپەکەی دایە چوار ناڵەو غاردان. سەربازەکە لە دوورەوە وەها دیاربوو هەستی بەوە کردبێت کە کەسانێك لە دوورەوە داویانەتە بەرنیگاو ئەسپ سوارەکەیش بەرەو رووی خۆی دەچێت , بۆیە کەوتە خۆیو بەڕاکردن لە گردەکانی رۆژهەڵات خۆی نزیك دەکردەوە.



وەسمان گەیشتە ئاستی کەپرەکەی مام کەریمو بەسەرەو لێژەکەدا بەرەو خوار بۆ نێو چەمەکە شۆڕ بووەوە. چەمەکەو جۆگاکەی بڕی. لەولاوە بەقەدپاڵی چەمەکەدا بە زەحمەت بە خۆیو ئەسپەکەوە هەڵگژا. کە لە لێواری ئەوبەرەوەی چەمەکەوە دەرکەوت , ئەمان هەموو دابوویانە بەرنیگاو چاوەڕوانی ئەوەبوون بزانن چی دەکات؟ سەربازەکە بە هەموو توانایەوە رایدەکردو جاروباریش ئاوڕی لە ئەسپ سوارەکە دەدایەوەو وەها دیاربوو ترس پەڕی بووە چاوی. بەقەدپاڵی گردەکەدا هەڵگژاو مەبەستی ئەوەبوو کە لەودیو گردەکەوە خۆی بزر بکات. وەسمان هەڵوێستەیەکی بۆ کردو میلی تفەنگەکەی هێنایەوەو گوللەیەکی تەقاند بەسەریدا , دەنگی گوللەکە بەنێو گردۆلکەو شیوو چەمەکەدا دەنگی دایەوە. کاتێك کە بۆ جارێکی تریش میلی تفەنگی هێنایەوە سەربازەکە گەیشتبووە لوتکەی گردەکە. گوللەی دووەم شریخەی کردو تۆزی لەژێر پێی سەربازەکەدا بەرز کردەوەو بەسەر دەما رماندی. وەسمان بەسەر ئەسپەکەوە زانیی کەوا سەربازەکەی نەپێکاوەو بەڵکو بەسەر دەم خستوویەتیو گوللەکەیش بەر خاكو خۆڵی ژێر پێی کەوتووە. بۆ جارێکی تریش تاوی لە ئەسپەکەی داو جڵەوەکەی راکێشتو بە هەردوو پێی دەیکێشا بە تەنگەی ئەسپەکەدا. بە گردەکەدا هەڵگژاو بەدووی سەربازەکە کەوت. گەیشتە ترۆپکی گردەکەو تەماشای کرد سەربازەکە بەسەر دەما رماوەو لە نێو خاكو خۆڵدا گەوزاوە. بەسەرپشتی ئەسپەکەوە بەدیار سەریەوە وەستاو لوولەی تفەنگەکەی ئاراستەی کرد. سەربازەکە هەردوو دەستی لەزەویە خۆلاویە پڕ لە دڕكو داڵەکە گیرکردو بەزار تەرەکی هەڵسایە سەرپێ. دەمی داپچڕیو چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون. لاوێکی سوورکەلانەی باریکی مووزەردی تەمەن بیست ساڵان دەبوو. پێش ئەوەی وەسمان قسە بکات , ئەو هاتە دووانو بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وتی:

- تەقە مەکە.. تەقە مەکە..

وەسمان دەنگی بەسەردا هەڵبڕیو پێی وت:

- پێشم بکەوەو ئەملاو ئەولا نەکەیت ئەگینا دەتکوژم. بە لۆقە لۆقو ترسو لەرزەوە پۆستاڵەکانی پێی لە زەوی گیر دەکردو هەنگاوی دەناو تاونەتاوێك دەیوت:

- تەقە نەکەیت.. تەقە نەکەیت.. من دز نیم.

شۆڕ بوونەوە بۆ نێو چەمەکە. ئەسپەکە لە نێو جۆگاکەدا هەر چووار پەلی چەقاندو نەیویست بەرەو پێش بڕوات. سەری دانوواندو کەوتە هەڵلووشینی ئاوەکەو خۆی تێر ئاو کرد , ئەوسا کەوتەوە ڕێو سەربازەکەیش وەك سەرخۆش پێش ئەسپەکە کەوتبوو بە لەترەلەتر هەنگاوی دەنا. بەمدیوی قەدپاڵی چەمەکەدا سەرکەوتنو لە ئاستی کەپرەکەی مام کەریم دەرکەوتنو بەرەوخوار بوونەوە. سەربازەکە گەیشتە ئاستی کەپرەکەی مام ئۆمەر , تەماشای کرد پیرەژنێكو دوو پیرەمێردو لاوێك ئاگر لە چاویان دەباریو بە تووڕەییەوە تەماشای دەکەن. دەمی داچەقاندبوو هێزی لەبەربڕابوو. وەسمان لە ئەسپەکەی دابەزیو خۆی لە سەربازەکە نزیك کردەوەو لێی پرسی:

- تۆ لەم دەشتو دەرەدا ئیشت چییە؟

سەربازەکە بە هەناسەبڕکێو بە زمانێکی کوردیی شلۆق تووانیی بێتە وەڵامو بڵێت:

- من دز نیم.. من دز نیم..!

مام ئۆمەر لێی نزیك بووەوەو ویستی پرسیاری لێبکاتو زمانی بسەنێتو پێی وت:

- تۆ خەڵکی کوێیتو بۆچی هاتوویتەتە ئێرە؟

- من تورکمانمو ناوم سەباحەو خەڵکی مەحەلەی موسەڵلامو ئێشتە هەڕاکردوومە لە خۆمو لە عەسکەری فیرار کردوومە..!



کە ئەم قسانەی لەدەم دەرچوو , ئیتر هەموو زانیان ئەم لاوە پیاو خراپ نییەو بگرە بەس بەتەنیا لە سەربازی هەڵاتووەو زەرەرو زیانیشی بۆ کەس نابێت. میمکە نێرگز دڵی پێسووتاو جامێك ئاوی بۆ هێنا. ئەویش لێی وەرگرتو بەدەستی لەرزۆکەوە دەمی نا بە جامەکەداو ئاوەکەی خواردەوە. لە پاشاندا بە چاوی کراوەوە تەماشای کەسانی دەوروبەری خۆی کردو نەختێك ترسەکەی ڕەویەوە. مام ئۆمەر بەسەریدا هاتو پێی وت:

- کوڕی خۆم کە تۆ هەڵاتوویتو بێ دەرەتانیت , دەبوو رووت بکردایەتە ئێمەو داوای پارمەتیت لێمان بکردایە.

- مامەکە.. ئیشتە قسەی تو راستە..

وەسمان کە زانیی بە باشی ئیشەکەی راپەڕاندووەو هیچ مەترسیەك لە ئارادا نییە , تفەنگەکەی دایەوە دەستی میمکە نێرگزو ئەویش گەڕاندیەوە جێی خۆی بۆ نێو کەپرەکە. سەربازەکەیان دانیشاند لەگەڵ خۆیاندا. سێبەری کەپرەکەیش لە ئاکامی شۆڕبوونەوەی خۆرەکە بەرەو رۆژئاوا , تا دەهات زیاتر فێنك دەبووو پانتاییەکەی زیادی دەکرد. مام ئۆمەر بە میمکە نێرگزی وت:

- بۆ ئێمەیشو ئەم لاوە هەڵاتووەیش چایەك لێبنێ.

میمکە نێرگز کەوتە خۆیو قۆریی جۆشداو لەپاش ماوەیەك چایەی نایە بەردەستیان. ئەوسا سەربازە هەڵاتووەکە بە کوردیەکی خوارو خێچ کەوتە قسەو گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیو وتی:

- من مەسئول بووم لەسەر ئێستر. چەند ئێستر بەمن درابوو. یەکێك لە ئێسترەکان کەوتو هەڵنەستاو مرد.. ئیتر ویستیان پارەکەی لەمن دەرکەنو منیش پارەکەم نەبوو.. ئیشتە بۆیە فیرار کردم لە خۆم. وتم لە خۆم ئێرە لە هەموو شوێن باشترەو هاتم لێرە..!

هەرکە لە قسەکانی بووەوە هەموو دایانە قاقای پێکەنینو زیاتر دڵیان پێ سووتاو خەمیان بۆ خوارد , زانیان کە بەدبەختو لێقەوماوو بێ دەرەتانە.

مام ئۆمەر پێی وت:

- کوڕی خۆم هەرکات پێویستیەکت بوو , یاخود برسیت بوو وەرە لای مامی خۆتو ئێمەیش بە پێی توانا دەستی یارمەتیت بۆ درێژ دەکەین.

لاوەکە سەری لەقاندو قسەکانی مام ئۆمەری پەسەند کردو وتی:

- مەمنون.. مەمنون.. مامەکەم.. ئێوە پیاو باشن..



- ١٤ -

دەمەو عەسرێکی درەنگ بوو کە وەسمان بە سواری ئەسپە سپی ڕێی شاری گرتەبەر. مام ئۆمەر کاڵەکێكو شووتیەکی بۆ خستبووە نێو گونیەیەکەوەو بە باشی دەرکی بەستبوو ئەمیش خستبوویە پێشی خۆی. چەمی خۆشی بڕیو گەیشتە راستە ڕێیە سەرەکیەکەی کەناری خڕی خاسە. خۆرەکە خەریك بوو لە ئاسۆدا بەسەر ماڵەکانی شاردا ئاوابێت. تیشکی سوور باوی بەسەر ڕێگاوبانو نێو خاسەدا بڵاو کردبووەوە. ئەسپەکەی ژێری تاو داو بە چوار ناڵە بەسەر ڕێگا پڕ لە زیخو چەوەکەدا بەرەو خوار بووەوە. ناوچەی قایە کوناداوەی بڕیو گەیشتە بەرزاییەکەی چەگلی حەیدەر. ئاوڕێکی دایە دووای خۆیەوە , لە دوورەوە چاوی بە پیکابێکی سەوزی پۆلیس کەوت کە بەرەو شار دەهات. نەیویست خۆی پیشانی پۆلیسەکان بدات , بەپەلە خۆی گەیاندە لای چایخانەکەی قوربان عەلی. لەوێدا دابەزیو گونیەکەیشی لەگەڵ خۆیدا برد , لەسەر سەکۆکەی بەردەم چایخانەکە دانیشت. تەماشای کرد لە ژوورەوە مام قوربان عەلی خەریکی چرا داگیرساندنە وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ داهاتنی شەوێ. لەبەر ئەوەی دەمەو مەغریب نزیك ببووەوە , بۆیە چایخانەکە چۆڵ بوو هیچ ڕێبوارێك لە بەردەم چایخانەکەدا بەدی نەدەکرا. چایچیەکە دەرچووە دەرەوەو پێشتەماڵێکی بە نێوقەدی خۆیەوە پێچابوو. بەخێر هاتنی لەم کردو بەرەولای جۆگا ئاوەکە ڕۆیشت. ئەمیش لە ئاستی خۆیەوە خۆی مات کردو نەیدەویست پیاوانی پۆلیس چاویان پێبکەوێت. چاوی بڕیە سەر ڕێگاکەو ئۆتۆمبیلی پۆلیسەکانی بینی کە بەبەردەم چایخانەکەدا بەرەو شار ملی ڕێگای گرتبووەبەرو ڕەتبوو. پاش ڕۆیشتنی ئۆتۆمبیلەکە هەڵسایە سەرپێو گونیەکەی هەڵگرتەوەو دەستی بۆ دەمانچەکەی بەرباخڵی خۆی بردو قایمی کرد. هەموو کاتو وەختێك

چاوەڕوانیی ڕێکەوتێکی ناهەمواری لابەلایی دەکرد. گەیشتە لای ئەسپە سپیو خۆی هەڵدایە سەر پشتی. بەرەو رۆژهەڵات ئەسپەکەی تاوداو خۆرەکەیش خەریك بوو دەلکا بە ئاسۆوە. گەیشتە رۆخی خاسەو تیلماسکە ڕێگاکەی گرتەبەر. کاتێك گەیشتە کەپرەکەی عەبەی باخەوان. گوێی پێوەبوو مام مەولود لە سەربانی مزگەوتەکەی زێوێ بانگی مەغریبی دەدا. لە نێو جێوەیەکی سەوزەدا عەبە خۆی هەڵکردبوو بێڵتەپی دەکرد. بە تەنیشتی کەپرەکەوە لە نێو گژو گیاکەدا ئەسپەکەی بەستەوەو گونیەکەی هەڵگرتو لە بەردەم کەپرەکەدا داینا , لە پاشاندا دەرکی گونیەکەی کردەوەو شووتیو کاڵەکەکەی دەرکرد. شووتیەکە خڕو گەورەو خەت خەتاوی بوو , کاڵەگەکەیش خڕو گەورەو زەرد بوو. عەبە بێڵەکەی بەسەر شانەوە بوو , هاتو بەخێر هاتنی لە وەسمان کرد. دنیا وردە وردە تاریك دادەگەڕاو هەردووکیان تەماشای خێوەتگای قەرەجەکانیان لەوبەری خاسەوە کرد کە خەریك بوو لە نێو تاریکایی شەودا بزر بێت. لە نێو خاسەو ئەو دەوروبەرەدا بێ وچان دەنگی بۆق دەهاتو بەقیڕەقیڕ ئەوناوەیان پڕ کردبوو. تەیرو تووالۆ مەلێکی زۆریش ئاسمانیان تەنی بوو , کە بە زۆری لە بەرزیدا هەڵدەفڕینو رەشیان دەکردەوە. عەبە بێڵەکەی لە دوور دانا , چووە نێو کەپرەکەوەو چراکەی داگیرساندو لە پاشانیشدا حەسیرو سەرینو دۆشەکی بۆ خۆیو وەسمان دەرهێناو لە بەردەم کەپرەکەدا دایخست. دەستو دەمو چاوی بە مەسینەیەك ئاو شوشتو لە پاشانیشدا کلاشەکانی داکەندو ئاوی بەسەر پێی خۆیدا رۆکرد. وەسمانیش بەردەوام دەیڕووانیە ئەملاو ئەولای خۆیو هەموو کونجو کەلەبەرێکی دەدایە بەرنیگا. عەبە هاتە قسەو وتی:

- ئاکامی سەفەرەکەت چۆن بوو؟

- خوا کردیو بە سەلامەتی بۆم چووە سەرو هەموو خزمو کەسو ناسیاوی کۆنی خۆم بینیەوەو لەگەڵیاندا کەوتمە قسەو گفتو گۆ.



- بە رووتدا هەڵنەشاخان؟

- ویستیان بە قسە بکەونە گیانمو دامپڵۆسن , بەڵام بە قسەی خۆش تووانیم هێوریان بکەمەوەو هەموو شتێکیان بۆ روون بکەمەوە.

- ئەی باسی خولەی برات نەهاتە گۆڕێ؟

- جا چۆن نەیانورووژاند.!

- نەیانووت گوایە رەفتاریان چۆن دەبێت بەرامبەری؟

- زۆری لێ پڕ بوونو گەر بێتو بەردەستیان بکەوێت لەوانەیە پارچە پارچەی بکەن , بەڵام خواوڕاسان خولە دوورکەوتۆتەوەو بەو ئاسانیە بەردەستیان ناکەوێت.

- خولەی برات هەقیەتی بترسێتو خۆی پیشانی ماڵی خەزووری نەدات. گەر هەرچیەکی بەسەر بهێنن هەقی خۆیانە. گەرچی براتە بەڵام توخوا بۆی مەپاڕێوەو هەرگیز پاکانەی بۆ مەکە.

- نەخێر. ناوێرم بە باشو بە خراپ لەبەر چاویان ناوی بهێنم. بەس ئەوەندەم بۆیان روونکردەوە کە خولە نەیوێرا بێتە ئەم دەوروبەرەو بەرەو گوندو لادێ هەڵات.

- ئەوەی راستی بێت منیش خۆشیم بە چارەی ئەو برایەی تۆدا نایەت , چونکی منیش وەزعو بارودۆخی سارای ژنیو کاروانی کوڕی بە باشی ئاگادارمو هەردەم دڵم بۆیان دەکوڵێتو بەزەییم پێیاندا دێتەوە.

کاڵەكو شووتیان کوز کردو لە بانی سینی قاژ قاژیان کردو هەردووکیان پێکەوە بەنانەوە دەستیان بە خواردنی کرد. تاریکایی شەو داهاتبوو چراکەیش کز کز لەو نێوەڕاستەدا دەسووتاو مێشوولەیش ئابلۆوقەی شووشەکەیان دابوو بێ وچان بە دەوروبەریدا دەسووڕانەوە , وەها دیار بوو مەبەستیان بوو هەڵبکڕووزێنو بە فەتارەت بچن. مانگە شەوەکە هێدی هێدی بەرەو بەرزایی ئاسمان هەڵدەکشاو تاریکایی شەوی دەڕەواندەوە. پاش

بەرزبوونەوەی بانگی عیشا , دەنگی گۆرانی وتنێك بەرز بووەوەو عەبە خاوەن دەنگەکەی ناسیەوەو بە وەسمانی وت:

- ئەوە دەنگی رەوف عاشقە , کە عاشقێکی وێڵی سەرەڕۆیەو هەموو شەوێك چۆڵەوانی دەگرێتە بەرو دەنگی گۆرانی وتنی لێهەڵدەبڕێت.

رەوف گەیشتە ئاستیانو سەلاوی لێکردنو لە عەبەی پرسی:

- کاکە عەبە ئەم میوانەی تۆ کێیە؟

- رەوف گیان تۆ لەگەڵ گۆرانی وتنی خۆت خەریك بەو هەقت بەسەر کەسەوە نەبێت.

رەوف هەر لەشی لەوێ بوو , بەلام بەدەمو روویدا دەردەکەوت کە وێڵو سەرگەردانەو بە تەواوەتی ئاگای لە دەوروبەری خۆی بڕاوە , هەردەم چاوەکانی وەك کەسێکی شێتگیر بەملاو بەولادا دەگێڕا. پرسیاری ئاراستەی عەبە کردو وتی:

- ئەوە چۆنە ناخۆیتەوە؟ وەها دیارە لە شەرمی میوانەکەت بوتڵت لەبەردەستدا نییە!؟

- لووتت مەژەنە کاروباری منو بەردەوام بە لەسەر سەوداسەریەکەی خۆت , هەروەکو مەکۆی جۆلایش بێ وچان ئەمسەرو ئەوسەر بکە.

- خەمت نەبێت زۆرم نەماوەو لەم وێڵو سەرگەردانیە رزگارم دەبێت.

- لە مەبەستی قسەکانت تێناگەم.!

- مەبەستم روونو ئاشکەرایەو هەرچەند رۆژێکی ترەو ئیتر شاییو زەماوەند ساز دەکەم.

- چۆن. چۆن.!؟ یانی کچەتیوەکەیان داپێت؟

- ئەرێ وەڵلا بەسەری تۆ باوکیم بە دوعا کوێر کردو ئاخیری رازی بوو کچەکەیم بداتێ.



- داخۆ چۆن ئەو باوکە پیرەیو ئەو دایکە پیرەژنەیت دەمبەست کردو قایل بوون بەوەی کچەکەیانت پێشکەش بکەن.؟

- چووومە لای شێخ ئەولاو کەوتمە بانی کەوشەکەیداو دەستیم ماچ کرد. داوای دوعاو نوشتەیەکی دەمبەستم لێکرد , ئەویش نەیکردە نامەردیو دوعایەکی یەکاو یەکی بۆم نووسی. ئەوە بوو سەرەنجامەکەی خێربوو. منیش سەرقەڵەمانەیەکی باشم دایە سەبارەت بەو دوعاو نوشتەیە.

- یانی خۆمان بۆ شاییو لۆغان تەیار بکەین؟

- خۆت ئامادە بکەو تفەنگە بڕنەوەکەیشت بهێنە , لەگەڵ هەر شاباشێکی مام فەرەجی دووزەلە ژەنیشدا گوللەیەك بهاوە بە ئاسمانداو ماڵی خەزوورم زارتەریك بکە.

- پیرۆزە... پیرۆزە..

- ناوی ئەو برادەرەی میوانت نازانم. داواکارم ئەویش لەگەڵ خۆتدا بهێنیتە سەر شاییو هەڵپەڕکێ.

رەوفی عاشق لە قسەکانی بووەوەو سمێڵی باداو بەلەش سووکیەکی زۆرەوە بە گۆرانی وتن بەرەو دووا کشایەوە. وەسمان دەمانچەکەی دەرکردو بە دەستە سڕەکەی پاکی کردەوەو لە پاشاندا خستیەوە جێی خۆیو لەبەر باخەڵی قایمی کرد. عەبەی باخەوان پاڵی لێدایەوەو بە زەحمەت پێڵووی چاوەکانی هەڵدەهێنا. خەوە کوتکێی بوو , پێوەی دیاربوو کە ماندوو شەکەت بوو. لە دوورڕا لە نێو خاسەوە دەنگی لوورەی چەقەڵێك بەرز بووەوە. لە ئەنجامدا سەری عەبە بەسەر سەرینەکەیەوە لار بووەوەو خەوێکی قووڵ بردیەوە. وەها دیار بوو کە بەرۆژ کارێکی زۆری کردبێتو بەرادەیەکی زۆریش ماندوو بووبێت. وەسمانیش لەولایەوە خەوی لێکەوت.

## - ١٥ -

له نیوەشەودا دەنگی حەپەحەپی سەگەکەی دەوروبەری کەپرەکە وەسمانی لە خەو راپەڕاند. مانگە شەوەکە بە بانی سەریانەوە بە نێوەڕاستی ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە. ئەستێرەیەکی زۆریش بە وردو درشتی لە دوورو نزیکی ئاسماندا جریوە جریویان بوو. سەگەکە رووی دەمی کردبووە نێو خڕی خاسەو پەیتا پەیتا بێوچان هەر دەوەڕی‌و بە توندی دەحەپی. جاروبار بەرەو پێشەوە تەکانی دەداو پاشتریش بەرەو دووا دەکشایەوە. ترسێك لە ناخی وەسماندا چەکەرەی کرد. ترسی ئەوەی لێنیشت نەوەکو کەسێك پایدۆزی بێت‌و بیەوێت زەفەری پێبەرێت. تا دەهات وەڕینی سەگەکە هەر لە بەرز بوونەوەو زیادبووندا بوو. لە نێو خاسەیشەوە لە شوێنانی دوورو نادیارەوە سەگەلێکی زۆر هاوسۆزییان لەگەڵ ئەم سەگەدا دەنوواندو ئەوانیش لە ئاستی خۆیانەوە دەوەڕین، هەروەك ئەوەی لەو شەوەدا ئاگایان لە یەکتری بێت‌و شەونخوونی بکەن‌و بە هانای یەکترەوە بێن. وەسمان دەمانچەکەی لە باخەڵی دەرهێناو خستیە سەرپێ , لە پاشاندا بە رووتی لە تەنکەی باخەڵی دانایەوەو خۆی خستە باری ئامادە باشیەوە بۆ هەر پێشهاتێکی کوت‌و پڕی. دەستی بۆ چراکەی سەر زەویەکە بردو بە فوویەك کوژاندیەوە. عەبەی ماندوویش بە بێ خەبەری‌و بەسەر دینجی پرخەی دەهات‌و لە شیرین خەودابوو. وەسمان بەدەوروبەری کەپرەکەدا سووڕایەوەو هەموو شوێنێکی دوورو نزیکی دایە بەرنیگا , هیچ شتێکی نائاسایی نەکەوتە بەرچاو. لە ناخەوە بە مەزەنە هەستی دەکرد شتێك لە ئارادایەو پەی پێنابات. گەرچی وریاو ئاگادار بوو , بەڵام جۆرە ترسێکی لێ نیشتبوو. هەڵیڕووانیە ماڵە قوڕەکانی گەڕەکەکەو مزگەوتەکە. هەموو دنیای خامۆش‌و کپ هاتەپێش چاو. هیچ جۆرە دەنگێکی مەترسیدار نەدەبیسترا جگە لە وەڕینی سەگەکە



بەولاوە نەبێت. لە پڕ لە نێوەڕاست خاسەوە چاوی بەدوو تارمایی کەوت کە بەیەکا دەهاتن. جاری وەها هەبوو هەردوو تارماییەکە ئاوێتەی یەکتری دەبوون‌و , جاری ئەوتۆیش هەبوو لەیەکتری دوور دەکەوتنەوە. تارماییەکان درێژکۆلە بوون. لەبەر خۆیەوە وتی گەر تارمایی گیانلەبەرو سەگ بن ئەوا بە کورتی بە زەویەکەوە دەلکان.! زیاتر لە تارماییەکان ورد بووەوەو بۆی دەرکەوت کە تارمایی دوو کەسە. خۆی ئامادەکرد کە لەهەر کاتێکدا رووبەڕووی رووداوێك ببێتەوەو دەستیش بۆ دەمانچەکەی بەرباخەڵی خۆی بەرێت‌و زوو بەزوویی بێتە دەست. لە دڵی خۆیەوە وتی ئەگەر ئەو دوو کەسە دزیش بن ئایا لە نێو خاسەدا چی دەکەن.؟ یاخود ئەگەر پیاو خراپیش بن هەر لەو چۆڵیەدا چی دەکەن.!؟ بەڕادەیەکی زۆر سەری سوڕماو سەری لە نهێنیی ئەو دوو تارماییە دەرنەچوو.! بە هێواشی لەسەر خۆ بەبێ چرپە دابەزییە نێو خاسە بە مەبەستی ئەوەی لە نزیکەوە تارماییەکان بداتە بەر نیگا , هەنگاو بە هەنگاو خۆی لە تارماییەکان نزیك دەکردەوە. زۆریشی لا مەبەست بوو کە تارماییەکانیش لە ئاستی خۆیانەوە ئەمیان نەکەوێتە پێش چاو. بە وریایی‌و ئاگاداریەوە هەنگاوی دەناو بە زۆریش لە پەنای کۆمەڵە قوم‌و چەگلەکاندا خۆی مەڵاس دەدا. بەڕادەیەکی باش لە دوو تارماییەکە نزیك بووەوەو لە پاڵی پارچەیەکی بەرز لە قوم‌و چەگل خۆیدا بە زەویداو راکشا , بەبێ چرپە بە ئاسپایی هەناسەی دەدا. لە پێش چاویداو لە راستاییەکدا لە ژێر تریفەی شینباوی مانگە شەوەکەدا دیمەنی کوڕو کچێکی لاو دەرکەوتن. بەجل‌و بەرگەکانیان دیاربوو سەر بەو قەرەجانە بوون کە هۆبەیان لەوبەرەوەی خاسەدا هەڵدابوو. هەردووکیان دنیایەکی ئەندێشاویی سەیرو سەمەرەیان بۆ خۆیان پێکهێنابوو. بە چپە چپ لەگەڵ یەکتردا دەدووان‌و خەم‌و پەژارەی دڵی خۆیان هەڵدەڕشت، تاونەتاوێکیش قەدیان لە یەکتر دەئاڵاندو دەمیان دەخستە نێو دەمی یەکترەوە , بە ماچێکی

دوورو درێژ خەمو پەژارەیان دەڕەواندەوە. چاوی رەشی کوڕەکەو کچەکە بەو شەوە وەك لایت تیشکیان دەهاویشت. بۆ ساتە وەختێك وەها هاتە پێش چاوی وەسمان کە سەرچاوەی رۆشنایی نێو خاسە چاوی گەشی ئەو دوو لاوە عاشقەیە نەك تریفەی مانگە شەوەکە. جاری ئەوتۆ هەبوو کوڕەکە دەمی دەنایە بنا گوێی کیژەکەو لە پاشاندا لە نێو دەمیدا دەیگێرساندەوە. هەندێ جاری تریش کچەکە سەری درێژ دەکردو دەمی لە دەمی کوڕەکە گیر دەکرد. مانگە شەوەکەو بێ دەنگیو کشو ماتیەکەی ئەو راستیەی نێوەڕاستی خاسە بەهەشتێکی بۆ ئەو دوو لاوە هێنابووە کایەوە. ئەوەی ئەوان پێی هەڵدەستان هەر وەکو خەونێکی ئەفسووناوی وەهابوو. بە هەموو پارەو سامانی دنیا ئەو دیمەنە نەدەخوڵقا. کوڕەکە دانیشتو کچەکەیش بە تەنیشتیەوە دانیشت. لە پاشاندا خۆی بە پشتا بردو سەری خستە ئامێزی کوڕەکە. کوڕەکەیش بە هەموو هێزو تووانایەوە بۆ چەند جارێك کەوتە مژینی دەمو لێوی کچەکە. وەسمان بە باشی خۆی حەشاردابوو نقەی لە خۆی بڕی بوو. لە دڵەوە ئیرەیی بەو دوو ئەویندارە دەبرد. لە ناخەوە حەزی دەکرد ئەو دیمەنە زیاتر درێژە بکێشێتو ئەمیش بە کامی دڵەوە سەیریان بکات. کوڕەکە بە دەنگێکی نزمی پڕ لە چپە بە کچەکەی وت:

- مەنیج گیان دایکت رای چییە بەم ئەویندارییەی ئێمە؟

- شەکۆ گیان لە دەورت گەڕێم , دایکم بەم کەینو بەینەی ئێمە دەزانێتو ئاگاداری هەموو پەیوەندییەکانی ئێمەیە.

- ئەی بەختت بۆ ناخوێنێتەوە؟

- بەڵێ. دایکم هەموو رۆژێك تەماشای نێو لەپم دەکات , دەڵێت ئەستێرەکانی کاکێشانی ئاسمان لەنێو لەپتدا دەبینم ئەی کچی لە دڵا شیرینم. بەڵام زۆر ئاگادارو وریابەو هەردەم هەورێکی چڵکنی رەش دەیەوێت بەری ئاسمانت لێبگرێت.



- ئەو هەورە رەشە دەزانم چییەو کێیە..!

- منیش وەکو تۆ دەزانم..!

لە قسەکانیان بوونەوەو باوەشیان لە یەکتری داو بەسەر قومو چەگلی ئەو راستیەدا راکشان. دەمیان خستەوە نێو دەمی یەکترو بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ جووڵە مانەوە. لە دوورەوە تارماییەکی تر کەوتە پێش چاوی وەسمان. ئەمیش خۆی گورج کردەوەو زۆر بە دیقەت دایە بەرنیگا. تارماییەکە هەتا دەهات نزیك دەبووەوە. وەسمان دانی بە خۆیدا گرت تاوەکو زیاتر نزیك بێتەوەو بزانێت چییە.؟ روخساری تارماییەکە ئاشکرابوو کە پیاوێکی رەشتاڵەی تووکن بوو. ئەویش لەولاوە کەوتە پایدۆزی دوو لاوە عاشقەکە. ئەوانیش ماچێکی ئەفسووناوی بیرو هۆشی لێڕاپسکاندبوونو ئاگایان لە دەوروبەری خۆیان بڕا بوو. تەنانەت گەر بوومەلەرزەیش روویبدایە وەها دیار بوو گوێیان پێنەدەدا. وەسمان لەناخەوە راچەنیو دەرکی بەوەکرد کە ئەم کابرا رەشتاڵە تووکنە غایلەیەکی خراپ لەدڵیدا چەکەرەی کردووە. خۆی چەماندبووەوەو لەسەر نووکی پەنجە بە هێواشیو بەبێ دەنگی هەنگاوی دەنا , مەبەستی بوو لە ناخافڵدا بدات بەسەری دوو دڵدارەکەداو بەبێ ئەوەی دەرك بە بوونی کەسێك لەولاوە بەناوی وەسمانەوە بکات. هەردوو لاوەکە ئاوێتەی یەکتری ببوونو یەك تەختە لەسەر زەویەکە راکشابوون هەروەك ئەوەی مێشێك میوانیان نەبێت. وەسمان دڵی داخورپا کە بینیی کابراکە خەنجەرێکی لە کێلان دەرهێنا , دیار بوو دەیویست بە خەنجەرەوە شاڵاو بەرێتە سەر ئەو دوو لاوە. کابرا خۆی راست کردەوەو بەرەو لای دوو لاوەکە بەڕاکردن رۆیشت. وەسمانیش بە پەلەو خێرایی دەستی بۆ باخەڵی بردو دەمانچەکەی دەرهێناو , ئامبرازی کابرا بوو لوولەی دەمانچەکەی ئاراستە کردو خوڕی بەسەریداو پێی وت:

- لە جێی خۆت نەبزوێیت. ئەگینا دەتدەمە بەر گوللەو دەتکوژم.

کابرا کە چاوی بە دەمانچەکەی دەستی وەسمان کەوت , لە پەلو پۆ کەوتو دەستی بە خەنجەرەکەوە سارد بووەوە.! هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو بەو شەوەو لەو شوێنەدا کەسێکی چەك بەدەستی لێ پەیدا بێتو ڕێی پێبگرێت.! ڕاکەڕاکەو هەراو هوریاکە هەردوو لاوەکەی ڕاچەڵەکاندو لە دنیای پەمەییەوە گەڕاندیانیەوە بۆ دنیای تاریك. ئامێزی یەکتریان بەرداو بە شپرزەییەوە هەڵسانە سەرپێ‌و بینیان دوو کەس بەدیار سەریانەوەن. یەکێکیان دەمانچەی بەدەستەوەیەو ئەوی تریان خەنجەری بەدەستەوەیە , خەریك بوو عەقڵ‌و هۆشی خۆیان لەدەست بدەن..! دەمانچە بەدەستەکەیان نەناسیەوە , بەلاّم خەنجەر بەدەستەکەیان ناسیەوە کە (فەرۆ)ی ئامۆزای مەنیج بوو کە بە خەنجەرە تیژەکەیەوە ڕووبەڕووی لوولەی دەمانچەکە ببووەوە.. لە هەمان کاتدا ترس پەڕیبووە چاوی‌و لە ترسانا چۆکی دەلەرزی. بۆ دوو لاوەکە ئاشکەرابوو ئەو کابرایە بە خەنجەرەوە ویستوویەتی هەڵبکوتێتە سەریان. وەسمان بۆ جارێکی تریش هاواری بەسەریدا کردو پێی وت:

- بە پەلەو خێرایی خەنجەرەکەت فڕێبدە.

بەواق وڕمانەوە تەماشای بەرامبەرەکەی کردو لە سەرەتادا نەیویست دەستبەرداری خەنجەرەکەی بێتو تووڕی هەڵدات. بەلاّم وەسمان سووربوو لەسەر داواکاریەکەی. لەناکاودا دەنگی گوللەیەکی دەمانچەکە بەسەر کابراکەدا ڕەت بوو ئەوناوەی هێنایەوە یەك‌و پەردەی شەوی شەق کرد. ئەوسا کابرا بەناچاریەوە خەنجەرەکەی هەڵدایە سەر زەویەکە , مەنیج بەتووڕەییەوە ڕووبەڕووی بووەوەو یەخەی کراسەکەی گرتو پێی وت:

- دەك ڕووت ڕەش بێت فەرۆی ئامۆزام. بەتەمابوویت بەم نیوەشەوە لەتو پەتمان بکەیتو , لەم چۆڵ‌و دەرەدا بێکەس کوژمان بکەیت.!



ترسێکی زۆر کابرای داگرتبوو زمان لەدەمیدا نەمابوو , نەیدەزانی چۆن قسە بکاتو چی بڵێت؟ بۆ ماوەیەك بەو حاڵە مایەوە. پاش ماوەیەك هاتەوە سەرخۆی‌و وتی:

- مەنیج تۆ ئامۆزای منیتو من بەتەمای تۆم. نامەوێت کەسێکی تر لێت نزیك ببێتەوە. هەر خۆشەویستی پاڵم پێوە دەنێت کە ئەم کوڕە بە خەنجەر دادوورمو بیکوژم.

- نەخێر بۆت نییە دەستی بۆ بەریت , چونکی منو ئەو ئەوینداری یەکترینو تۆزقاڵێك خۆشەویستیی تۆ لەدڵمدا نییە. بڕۆ کەسێکی تر بدۆزەوە تاوەکو خۆشت بوێ‌و ئەویش تۆی خۆش بوێت.

کابرا بە نیوە گریانێکەوە هاواری کرد:

- نا.. نا.. مەنیج ئامۆزای شیرینم من هەر تۆم خۆش دەوێتو دڵم بە کەسێکی تر داناسەکێ.!

- نەخێر.. نەخێر.. فەرۆ بڕۆ دووربکەوەو من تۆم خۆش ناوێتو بڕایەوە.!

کابرا فرمێسك لە چاوانی قەتیس مابوون. لە ژێر تریفەی مانگە شەوەکەدا فرمێسکەکانی بریقو باقیان بوو. ئەوسا بە پەلەو بە خێراییەکی زۆرەوە خەنجەرەکەی لەسەر زەویەکە هەڵگرتەوەو رایکرد. ڕێی ڕۆخی ئەوبەری خاسەی گرتەبەر بەرەو لای رەشماڵەکانیان. کوڕە لاوەکە بە میهرەبانیەوە لە وەسمان نزیك بووەوە پاش ئەوەی دەمانچەکەی گێڕابووەوە باخەڵی‌و پێی وت:

- وەها دیارە تۆ فریشتەی ئاسمانیتو لە ئاسمانەوە بەم نیوەشەوە هاتوویتەتە خوارەوەو , ئێمەت لە چنگی ئەو ملۆزمە رزگار کرد.!؟

- نەخێر من فریشتەی ئاسمان نیم , بەڵکو من ناوم وەسمانەو کوڕی ئەم دەوروبەرەم.

کچەکە لەسەر زەویەکە هەڵکروشکاو بەکوڵ دەگریاو فرمێسکی هەڵدەڕشت. چاوە رەشو گەشەکانی لە ژێر تریفەی مانگە شەوەکەدا دەبریسکانەوە.. وەسمان ویستی بەڕێیان بخاتو هەرسێکیان کەوتنە رێ بەرەو ئەوبەری رۆخی خاسە بۆلای رەشماڵەکان. چەند چرایەك كز كز لە دوورەوە لە نێو رەشماڵەکاندا دەسووتان. لە دوورەوە تروسکایی تاقە چرایەك دەرکەوت , کە دیاربوو بەدەستی کەسێکەوە بوو بەرەو کەناری خاسە دەهات. یەکسەر مەنیج زانیی کە فانۆس بەدەستەکە دایکیەتیو منەی کچەکەی دەکات. هەردوولا بە یەکتری گەیشتنو رووبەڕووی یەکتری بوونەوە. دایکی مەنیج بەتەمەن گەورە نەبوو , بەڵام لەو کاتو ساتەدا روخساری شێوابوو , سەرو پرچە رووتەکەیشی تێکئاڵا بوو. وەها دیار بوو بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنەوەی کچەکەی دەکرد. بەسەر سورمانەوە تەماشای شەکۆو وەسمانی کرد. بە دەنگێکی هەڵبزرکاوەوە لە کچەکەی خۆی پرسی:

- کچی خۆم بۆچی ئاوەها دوواکەوتیت؟ پێش ماوەیەك گوێم لە دەنگی تەقەیەك بوو خەریك بوو دڵم لە جێی خۆیدا دەرچێت.

- دایکە خۆت تێکمەدەو بەیانی هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوەو وەها چاکە خۆت سەخڵەت نەکەیت.

وەسمان خواحافیزی کردو گەڕایە دوواوە. کوڕە لاوەکەیش روویکردە رەشماڵەکەی خۆیان. دایکەو کچەیش بە فانۆسێکەوە بەرەو رەشماڵی خۆیان رێیان گرتەبەر.



- ١٦ -

کاتێك وەسمان گەیشتە ئاستی کەپرەکە. مانگەشەوەکە نێوەڕاستی ئاسمانی رەت دابوو. دنیا هەموو کشو ماتو بێ دەنگ بوو. هەموو بوونەوەرێك لەو کاتو ساتەدا لە جووڵە کەوتبوون. بە تەنیا سەگەکە بەئاگابوو خەوی لێنەکەوتبوو. وەها دیاربوو ئەو گیانلەبەرە لە ماوەی ئەو دوو رۆژەدا ئاشنای وەسمان بووبێت , بۆیە پێی نەوەڕیو بە کلکە لەقێ بەرەو رووی هاتو بە دەوروبەریدا سووڕایەوە. عەبەی باخەوان لە پرخەی خەودابوو. بێ ئاگا لە رووداوەکان لەسەر لا راکشابوو. وەسمان هەرچەندەی کردو کۆشا نەیتووانی رابکشێتو بخەوێت. بەردەوام ماخولانی بوو , بێ پەروا هەر دەهاتو دەچوو , هەروەك ئەوەی شتێك لە ناخیدا گینگڵ بخوات. بە هاتو چۆکەیدا دیاربوو شتێك لە ناخیدا چەکەرەی کردبوو , بۆیە بێ پەروا ئەمسەرو ئەوسەری دەکردو ئارامی لەبەربڕابوو. کەڵەشێرێك لە نێو ماڵەکانەوە قوولاندی. لە پاش ئەویشدا چەند کەڵەشێرێکی تر یەك لە دووای یەك دەستیان بە قوولاندن کرد. دەنگی کەڵەشێرەکانیش وەك دەنگی زەنگی ئاگادار کردنەوە وەها بوو بۆ مام مەولودی بانگدەر لە مزگەوتەکەدا. تاوەکو سەرخەوێکی تر بشکێنێتو لە پاشاندا هەڵسێتو بانگی سەرلەبەیانی بدات. وەسمان کەوتە خۆیو نییەتی هێنا ڕوو بکاتە ماڵەکانی گەڕەکی زێویەو هەر هیچ نەبێت بەبەردەم ماڵی سارادا رەتبێت. بە رۆژ سڵی دەکردەوە بە ئارەزووی دڵ بە رێگا باریکەکانی نێو خانووەکاندا ئەمسەرو ئەوسەر بکاتو , چاوی بەو کەسانە بکەوێت کە ماوەیەکی دوورودرێژە نەیانیبینیوە. باریکە رێیەکی لە نێو جێوەی سەوزەکاندا گرتەبەر تا گەیشتە ئەوسەری باخەکە. لە پردە وردیلەکەی سەر جۆگاکەی ئەوسەری باخەکان پەڕیەوەو یەکسەر گەیشتە سەر رێگا پانو بەرینەکەی بەردەم ماڵەکان , ئەو ماڵانەی کە دەرگاکانیان

دەیڕووانیە باخەکانو خڕی خاسە. گڵۆپی دارتەلەکان داگیرسابوونو زەردییان دەکردەوە. پێچاو پێچ بە نێو ڕێگا باریکەکانی خانووە قوڕە خوارو خێچەکاندا هەنگاوی دەنا. لەو ساتو کاتەدا لە خۆی زیاتر کەسێکی تر بەدی نەدەکرا. بێ دەنگی هەموو لایەکی لەو کاتەدا پێچابووەوە. خانووەکانی زێویەی بڕیو لەوسەری ماڵەکانەوە کەوتە سەر جادە گشتیە قیرەکە. تەماشای کرد بە تەنیا نانەواخانەکە دەرابەیان کردۆتەوەو تەنووریان داگیرساندووەو لە خۆ ئامادەکردندان بۆ نانکردن. جادەکەی بڕیو خۆی لە نێو کۆڵانێکی تردا بینیەوە , لە دوورەوە تاقە خانووەکەی ماڵی سارای کەوتە پێش چاو کە پشتی بە گۆڕستانەکەی شێخ محێدینەوە بوو. گەرچی خانووەکە بەتەنیا لەو شوێنەدا دامەزرابوو , بەڵام لە بەردەمیدا ریزێك خانووی تر دامەزرابوون. وەسمان سەری لە خۆی سوڕماو لە دڵەوە خۆی بە شێتو وێت دانا.! ئەویش سەبارەت بەوەی کە بەو ساتە وەختە بەتەنیا لە نێو کۆڵانەکاندا بەبێ هوودە دەسووڕێتەوە.! وەهای بۆ چوو کە پاش سەعاتێکی تر دەنگی بانگی بەیانی بەرز دەبێتەوە. لە بەردەم ماڵی سارادا هەردوو پێی چەقیو نەیتووانی لە جێی خۆیدا ببزوێت. لە ناکاودا گوێی لە دەنگی شاورێك بوو , دەنگەکە بە ئاگای هێنایەوەو ئەوسا بۆی دەرکەوت لە خەونو خەیاڵدا نییە , بەڵکو ئەوەتا پاش ساڵانێکی زۆر گەڕاوەتەوە کۆنە هەواری خۆیان. بگرە لە نێو ئەم کۆڵانو گەڕەکەدا کۆمەڵێك یادەوەریو یادگاریی تاڵو شیرینی هەیە. لە کۆڵانی ئەودیوەوە بۆ چەند جارێکی تریش دەنگی شاورەکە بەرز بووەوە. لە سووچێکی تاریك بە تەنیشتی دارتەلەکەوە خۆی مەڵاس داو کەوتە چاوەڕوانی. زۆری پێنەچوو عەلی چاوشی حەسحەسی ناسیەوە کە بە خۆیو تفەنگە ئینگلیزیەکەیەوە بە لۆژە لۆژ ڕێگای دەبڕی. بۆ ماوەی سی ساڵ دەچوو کە ئەو کابرایە حەسحەسی شەوان بوو. بە درێژایی شەو بە خۆیو تفەنگە ئینگلیزیەکەیەوە کۆڵانەکانی تەی



دەکردو , لە دزو جەردەو پیاو خراپ پارێزگاریی لە ماڵەکان دەکرد. لە سووچەکەدا وەسمان خۆی حەشارداو نقەی لە خۆی بڕی. ویستی تەشقەڵەیەك بەو پۆلیسە پیرە بکات. بە هێواشی دەمانچەکەی دەرهێناو لە پشتی سەری عەلی چاوشی گیرکردو هاواری بەسەریدا کردو پێی وت:

- ئەگەر تفەنگەکەت فڕێنەدەیتە سەر زەویەکە , ئەوا ئێستا بێ سێو دوو دەتکوژم.

عەلی چاوش ترسی کەوتەبەرو خۆف چووە دڵیەوەو کەوتە پاڕانەوەو وتی:

- پیاوی چاك بەو وازم لێبهێنەو بەم دووا دوواییەی تەمەنم چەکم مەکەو حەیام مەبە. پێم بڵێ تۆ کێیتو چیت لێم دەوێت؟

- زووکە تفەنگەکەت فڕێدە , ئەگینا کوژراویت.

- کورە باوکم مەعز بۆ خوا وازم لێبهێنەو گەڕت لێم دوور بخەوە.

- هەرگیز وازت لێناهێنمو بەپەلە چیت پێ دەڵێم دەبێت جێ بەجێی بکەیت. با خوێنێ نەڕێژمو پیاوێکی پیری وەکو تۆ نەکوژم.

عەلی چاوش لە ترسی گیانی خۆی تفەنگەکەی خستە سەر زەویەکە. ئەوسا وەسمان خۆی پیشانی داو رووبەڕووی بووەوەو بە دەنگێکی بەرز پێی پێکەنی. عەلی چاوش واقی وڕماو رووبەڕووی کەسێکی نامۆی ریش درێژ بووەوە. وەسمان بە پێکەنینەوە پێی وت:

- مام عەلی شەوت باش. ویستم گاڵتەت لەگەڵدا بکەمو هیچی تر. بە قوربانی سمێڵە سپیەکەت بمو تفەنگەکەت هەڵبگرەوە. باشت دەناسمو دەزانم حەزت بە گاڵتەو فشقیات هەیە بۆیە ئەم بەزمەم پێتکرد.

عەلی چاوش بەپەلە دەستی درێژ کردو لەسەر زەویەکە تفەنگەکەی هەلگرتەوە , بە چاوی کراوەو بەسەرسوڕمانێکی زۆرەوە رووانیە وەسمانو نەیناسیەوە. ئەوسا هاتەوە سەرخۆیو بە وەسمانی وت:

- تۆ کێیت ئەی جنۆکەی نالەبار؟ تۆ چۆن من دەناسیت‌و منیش بۆچی ناتناسم!؟

- مام عەلی گیان. من وەسمانم برای خوله زێوێیی. خۆت باش دەزانیت کە بۆ دە ساڵ زیاتر دەچێت ئەم گەڕەکەمان بەجێ هێشتووەو , وا بۆ دوو رۆژ دەچێت گەڕاومەتەوە.

- دەك بە نەعلەت بن تۆو براکەت , چونکی بە منالیش هەر ناعارو نالەبار بوون‌و گاڵتەو بەزمتان پێم دەکرد. پاش ئەم هەموو ساڵە هەر لەسەر رەفتاری ناهەموارو نالەباری خۆتان بەردەوامن.

وەسمان باوەشی بە عەلی چاوشدا کردو ئەملاو ئەولای ماچ کردو پێی وت:

- لێم ببوورەو لێم زویرو دلگران مەبە.

- لێت زویر نابم بە مەرجێك.

- ئەو مەرجەت چییە؟

- ئەگەر لای کەس باسی چەککردن‌و تفەنگ فڕێدانەکەم نەکەیت.

- دڵنیابە لەلای کەس باسی ناکەم , بەڵکو بە پێچەوانەوە دەڵێم گوایە مام عەلی گرتمی‌و باڵبەستمی کرد.

- نا.. بەم شێوەیەیش باسەکە مەگێڕەوە.

- بەقسەت دەکەم..

- ئێستا بەم شەوە لە نێو ئەم کۆڵان‌و بانەدا چی دەکەیت؟

- لە راستیدا بە رۆژ زاتی ئەوە ناکەم بسوورێمەوە , بۆیە بەم شەوە هاتووم‌و کۆڵان‌و خانوو بەرەکان بەسەر دەکەمەوە.

مام عەلی چاوش شاورەکەی برد بۆ دەمی‌و , بە شاور لێدان دوور کەوتەوەو لەو سەرەوە وتی:

- من کۆڵانەکان بەسەر دەکەمەوەو تۆیش ئەگەر حەز دەکەیت بۆ خۆت هەتا بەیانی هەر لێرەدا بچەقێ..!



بە تەنیا لەبەر دەرکی ماڵی سارادا بە پێوە وەستا. وەهای بۆ چوو کارێکی ناشیاوە گەر بەو ناوەختە لە دەرگای ماڵان بدات. بۆیە وەکو بت بە پێوە وەستاو دەستەو وەستان نەیدەزانی چیبکات.! لەو سەرەوە لە ژووردا چاوی بە پیرێك کەوت کە بە کۆمە کۆم‌و کۆکەکۆك , گۆچانی بەدەستەوە گرتبوو بەرەو خوار دەبووەوە. هەر لە دوورەوە ناسیەوەی کە مام عەودلی پینەدۆزە. کاتی خۆی بینی بووی‌و چەند جارێکیش کلاش‌و پێڵاوەکانی بۆ چەك‌و پینە کردبوو. بەڵام ئێستا چۆتە نێو ساڵەوەو بە رۆیشتنەکەی دیاربوو کە گوڕو تواناکەی جارانی نەماوە. ویستی رێ بەویش بگرێت هەروەك عەلی چاوش سەر بنێتە سەری ئەمیش. بە ریشێکی رەشی درێژەوە رووبەڕووی مام عەودل بووەوە. ویستی دەست بۆ گۆچانەکەی درێژ بکات‌و بیبات , بەڵام مام عەودل زوو هاتە دەست‌و گۆچانەکەی لێبەرزکردەوەو ویستی بیکێشێت بەسەریدا. ئەم زوو هاواری کردو وتی:

- قوربانی گۆچانەکەت بم مام عەودل نەکەیت؟

لەگەڵ مام عەودلدا کەوتنە قسەو دەم‌و دوو. هەروەك ئەوەی چۆن پێشتر خۆی بە مام عەلی چاوش ناساند , بە هەمان شێوەیش کەسایەتیی خۆی بۆ ئەم پیرەیش ئاشکەرا کرد. هەر بە هەمان دەستووری پێشووی لەگەڵ مام عەلی چاوشدا , ئێستایش ئاوەها باوەشی کرد بە مام عەودلداو ئەملاو ئەولای ماچ کرد. کابرای پیرە وەها دیاربوو پەلەی بوو بۆیە وتی:

- ئینجا رێم بەردە با بڕۆم بۆ مزگەوتی ئیمام قاسم‌و زۆری نەماوە بۆ بانگی بەیانی‌و نەوەك نوێژەکەم لە دەست بچێت.

کابرای پیرە بە خۆی‌و گۆچانی دەستیەوە بە لۆژە لۆژ بەرەو مزگەوت بەرەو خوار بووەوە. وەسمان بە تەنیا مایەوەو نەیدەزانی چی بکات‌و چۆن هەنگاو بنێت.! چاوی بە قوتوویەکی بەتاڵی فڕێدراو بەسەر زەویەکەوە کەوت. هەڵیگرت‌و بە هەموو توانای خۆیەوە هاویشتیە سەربانی تاقە خانووەکەداو

له بەردەم ژووری سارادا کەوتو تەقەی لێوەهات. زۆری پێنەچوو سارا لە ئاکامی دەنگی کەوتنی قوتووەکە راپەڕی , لەسەربانەوە بەقەد ستارەی خانووەکەوە کەوتە سەرەتاتکێو هەموو لایەکی بەسەرکرەوە بۆ ئەوەی بزانێت کێ ئەو قوتووەی بۆیان هاویشتووە.!؟ بەسەرو قژی شێواوو چاوی خەوالۆوەوە بۆ نێو کۆڵانەکە سەری شۆڕ کردەوە. تووشی ساتمەیەك بوو کە لە خوارەوە لەبەر دەرکی حەوشەکەیان چاوی بە کابرایەکی ریش درێژ کەوت.! هەندێك چاوی هەڵگلۆفتو وەها دیار بوو هێشتا بە تەواوەتی خەو بەری نەدابوو. لە خوارەوە وەسمان هاواری کردو وتی:

- شەوباش سارا خان. مەترسەو خۆت سەخڵەت مەکە من وەسمانی برای خولە زێوێیی مێردتم.

سارا بە دەنگێکی پڕ لە تووڕەییەوە وتی:

- بەم بەرەبەیانەو بەم تاریکیە چیت دەوێتو بۆچی بەری دەرگات لێمان گرتووە؟!

- هاتم بەسەرتان بکەمەوەو بزانم چۆنن‌و وەزعتان لەچیدایە.؟

- هەرگیز راوپرسی تۆو براکەتمان ناوێت. بڕۆ لەم نێوەندە مەمێنەو بەر دەرکەمان لێ چۆڵ بکە.

- نیگەران مەبەو من خزمی ئێوەمو لەسەرمە هەواڵی تۆو کاروانی کوڕت بپرسم.

- هیچ پێویستیمان بە هەواڵ پرسینی تۆ نییە. تۆو براکەت بە هەتیوی دایکتان کاتی خۆی هێناتانی بۆ ئەم گەڕەکە. ئەوە بوو پاش ئەوەی گەورە بوون لە بەدبەختیدا من شووم بە براکەت کرد. ئەویش نامەردیو ناپیاوی لەگەڵماندا کردو من‌و کوڕەکەی بەجێ هێشتو ملی شکاند , کەس نەیزانی بەرەو کوێ رۆیشت!؟



- با دڵت گەورە بێتو لێبوردە بەو بەخشندەییت هەبێت. باشم لەبیرە کە ئەو ساڵەی من‌و خولەی برام لێمان قەوماو رۆیشتین تەمەنی کاروانی کوڕت دوو ساڵان زیاتر بوو پێیشی بوو پێی گرتبوو.

- لە خوا بەزیاد بێت ئێستا گەورە بووەو هەراشەو تەمەنی چواردە ساڵە , هەر ئەویش پیاوی ماڵەکەمەو هیچ پێویستیم بە خولە نییە.

- دوێنێ سەرلەبەیانی لەسەر باخ چاوم پێکەوتو بە بینینی گەشامەوە. دڵم زۆر پێ خۆش بوو کە زانیم برازاکەم گەورە بووەو پێگەیوە. ویستم ئەمەلاو ئەولای ماچ بکەمو تێر بیگوشمە خۆم , بەڵام هەڵاتو بەجێی هێشتم. بێ گومان ئێستا باسی منی بۆ تۆ گێڕاوەتەوە.

- بەڵێ باسی تۆی بۆ کردمو وتی کابرایەکی ریش درێژی شێت ئاسام بینی وتوویەتی گوایە من مامی تۆم.!

- ئەی تۆ چۆن پێشوازیت لە قسەکەی کرد؟

- وتم کوڕی خۆم دڵنیابە کە خولەی باوکیشت ئێستا دیمەنی لەو باشترو رێكو پێکتر نییە.

- هەرچییەك دەڵێیت بیڵێو لاریم لە قسەکانت نییە.

- ئەی پێم ناڵێیت ئەو ملهوڕەی برات لە چ دەڤەرو ناوچەیەکدا خۆی حەشار داوە؟

- پێرێ سەرلەئێوارە پێکەوە هەڵاتین. زۆر هەوڵم دا بەڵام لەگەڵمدا نەهاتو بەجێی هێشتم.

- نەتزانی روویکردە کوێ؟

وەسمان بە پێکەنینەوە هاتە وەڵام:

- وتی گوایە دەڕۆم بۆ لادێ بۆ لای ماڵی خاڵۆانم. لەبەر ئەوەی بە چەند قەیەك بە تەمەن لەمن گەورەترە , بۆیە لە رووم نەهات مشتو مڕی لەگەڵدا بکەمو رێی پێبگرم.

- گەر بکەوێتە بەردەستم شەرتبێت هەردوو چاوی بە نینۆك هەڵکۆڵم‌و تۆڵەی خۆمانی لێبسەنمەوە. بڕیارمداوە ملی ڕێگا بگرمە بەرو چەقۆیەکی تیژیش لەگەڵ خۆمدا هەڵبگرم‌و بیدۆزمەوە. دەبێت بەو چەقۆیە ورگی بدڕم.

- حەز دەکەیت منیش لەگەڵتدا دێم‌و دەمانچەیشم پێیەو من لەبری تۆ دەیکوژم‌و لە نێوی دەبەم. ئەگەر سەد جار برامیش بێت بەڵێن‌و گفتت دەدەمێ کە بۆتی بکوژم.

- نا.. نا.. تۆ لە هەقی نایەیت. تۆ ئەو پیاوە نیت بتوانیت خولە بکوژیت.!

- بزانم لە قسەی خۆت پاشگەز بوویتەوە. بە قسەکانتدا دیارە کە راستگۆ نیت‌و هێشتا خولەت هەر خۆش دەوێت!؟

کاروان لە خەو هەڵسابوو. لە پشتی دایکیەوە دەرکەوت‌و قسەکانی پێیان بڕی. لەسەربانەوە تەماشای خوارەوەی کردو وەسمانی بینی. بەسەرسامیەوە لە دایکی پرسی:

- دایکە. ئەو پیاوە چی دەڵێت‌و بۆچی گێچەڵمان پێدەکات‌و بەرۆکمان بەرنادات.؟

- کوڕم هاتووە گوایە رەحم‌و بەزەیی جووڵاوەو دەیەوێت خۆی پیشانی ئێمە بدات , گوایە مامی تۆیەو دەیەوێت بەسەرمانبکاتەوەو ئەحواڵمان بپرسێ. بەڵام نازانێت ئەم هات‌و هوتە بەسەری ئێمەدا رەت نابێت‌و قسەکانی ناچن بە گوێماندا.

کاروان لە جێی خۆیەوە دەنگی لێ هەڵبڕی‌و هاواری کردو وتی:

- نەتۆ دەناسین‌و نەتۆیش مامی منیت هەتا زووە بڕۆو گۆڕت گوم بکە. ئەگینا لێرەوە دەتدەمە بەربەردو بەردبارانت دەکەم.

وەسمان تووشی راڕایی بوو ترسێکی زۆر دایگرت. ئەو قوتووەی کە پێشتر وەسمان بۆ بەردەم ژوورەکەیان فڕێی دابوو , کاروان هەڵیگرتەوەو بەرەو



ناوەڕاستی کۆڵانەکە تووڕی هەڵدا. لە پشتی وەسمانەوە کێشای بە زەویداو دەنگێکی بەرزی لێوە هەڵسا. ئەوسا وەسمان ناچار بوو بەرەو پاش بکشێتەوەو بەرەو جادە قیرەکە هەنگاو بنێت. هەر لەو کاتەدا دەنگی بانگی سەرلەبەیانی لە سەماعەی مزگەوتی ئیمام قاسم بە دەنگی مەلا عوسمان بەرز بووەوە.

- ١٧ -

پاش بانگی بەیانی وەسمان گەڕایەوە بۆلای کەپرەکە , لە ماندوێتیدا هەموو لەشی وەك پەڕۆی لێهاتبوو. لەسەر جێگاکەیدا راکشاو زووبەزوویی خەوی لێکەوت. پاش خۆر کەوتن عەبە چایەی لێناو خۆراکیشی ئامادەکرد. هەرچەندی کردو کۆشا نەیتووانی وەسمان لە خەوەکەی هەڵسێنێت بۆ قاوەڵتی کردن. بۆ چەند جارێك دەستی وەسمانی راوەشاندو بانگی لێکرد , بەڵام بێ سوودو بێ ئاکام بوو. شەونخونیو ماندوێتی بوواری ئەوەی نەدەدا کە لە خەو هەڵسێتو خۆراکی بەیانیی بخوات.

چێشتەنگاوێکی درەنگ تووانیی خۆی راست بکاتەوەو لە خەو هەڵسێت. خۆی گردەوە کردو دەمانچەکەیشی لە باخەڵی توند کرد. تەماشای کرد عەبە لە دووررا خەریکی دوورینەوەی سەوزەیەو , ئاگای لە دەوروبەری خۆی براوەو بەتەنیا هەر چاوی لە ئیشەکەی خۆیەتی. پاش ماوەیەك عەبە بۆ لای هات. ئەوسایش بە جووتە بەرەولای ئەسپەکە چوون کە لەنێو سەوزە گیاکەدا دەلەوەڕا. لەپڕ هەردووکیان نیگایان بە ئەسپ سوارێکەوە لکا کە لە نێو خڕی خاسەوە بەرەولای ئەمان دەهات. ئەسپ سوارەکە کە سواری ئەسپە شێیەك ببوو , رەنگو رووىو جلو بەرگەکەی بە ئاسانی ئاشکەرای دەکرد کە یەکێکە لەو قەرەجانەی کە لەوبەری خاسەوە هەڵیاندابوو. سەڵاوی لێیان کردو هەر بەسەر ئەسپەکەوە پێیانی وت:

- لە لایەن سەرۆك هۆبەکەمانەوە (شاخان) راسپێردراوم بە ئێوە بڵێم داوات کراون بۆ لای ئێمە. شاخان دەڵێت بە تایبەتی وەسمان پێویستە سەرمان لێبدات.

هەردووکیان بەتەنیشتی یەکترەوە بەرامبەر ئەسپ سوارەکە بەواق وڕمانەوە تەماشای یەکتریان کرد. ئەوسا عەبە هاتە وەڵامو وتی:



- وەسمان ئەگەر حەز دەکەیت تۆ بڕۆ , بەڵام من ئیشم زۆرەو ناپەرژێم بەسەر ئەوەیدا باخەکەم بەجێ بهێڵم.

وەسمان سەری بەرز کردەوەو بە ئەسپ سوارەکەی وت:

- تۆ بڕۆ منیش بە دوواتەوە دێم.

ئەسپ سوارەکە بەرەودووا گەڕایەوە بۆلای رەشماڵەکانی خۆیان. وەسمان ئەسپە سپیی زین کردو خۆی هەڵدایە سەر پشتیو کەوتە رێ. خڕی خاسەی بڕیو لە هەواری قەرەجەکان نزیك بووەوە کە نزیکەی پازدە یاخود بیست رەشماڵێك لەو تەختاییەدا هەڵیاندابوو. بەرزە وڵاخێکی زۆریش بە دەوروبەری رەشماڵەکاندا بەستڕابوونەوە. چەند سەگێکی درێش ئەمسەرو ئەوسەری رەشماڵەکانیان دەپاراست. لەگەڵ نزیك بوونەوەیدا سەگەکان بەوەڕین ئەملاو ئەولای ئەسپەکەیان گەمارۆدا. وەسمان بەسەر پشتی ئەسپەکەوە چاوی کەوت بە مەنیجو دایکی کە لە نێو رەشماڵێکەوە بە هەڵەداوان بەرەو رووی هاتن. لە ئەسپەکەی دابەزیو لە پاشاندا لەگەڵ ئەو دوو ئافرەتەدا چووە نێو رەشماڵەکەیانەوە. وەسمان دانیشتو دایكو کچ بە گەرمیەوە بەخێرهاتنیان لێکرد. دایکی مەنیج سەرپۆشەکەی لەمل خۆی ئاڵاندبوو. بۆ وەسمان دەرکەوت کە لە جوانیدا هیچی لە کچەکەی کەمتر نییە. قژە رەشە خاوەکەی بەسەر شانو ملە ئەسمەرەکەیدا پەخش ببوو. زۆر بە میهرەبانیەوە هاتە گۆو بە وەسمانی وت:

- کوڕی باش نێو لەپتم بۆ بکەوە , بەڵکو بەختو شانست بخوێنمەوە.

وەسمان دەستی درێژکردو ئەویش بە هەردوو دەستی نەرمی دەستی وەسمانی خستە نێو لەپی خۆیەوە. پەنجەکانی دەساوی بە نێو لەپی وەسمانداو جاروباریش بە تیلەی چاو تەماشای دەکرد. وەسمانیش لە چاوە رەشەکانی ئەو ئافرەتە راماو پێی خۆش بوو کە تا ماوەیەکی زۆر دەستی لە نێو دەستی

ئەو ئافرەتەدا ئۆقەرە بگرێت. مەنیجیش لەولایەنەوە تەماشای ئەو دیمەنەی دەکرد. پاش دیقەتدانێکی زۆری نێو لەپی ئافرەتەکە بە دەنگێکی نەرم وتی:
- کوڕی باش. لە نێو لەپتدا زۆر شتی سەیروسەمەرەو بابەتی سەرسوڕهێنەر دەخوێنمەوە.! خەتەکانی نێو لەپت دەڵێن گوایە تۆ هەموو ژیانت بەسەرکێشیو جەربەزەیی بردۆتەسەر. نێو دڵیشت سافو بێ گەردە وەك کانیاوی روونی ژێر تاشە بەردەکان. بەڵام داخی گرانم.! هێڵێکی درێژی رەش لە نێو لەپتدا خۆی دەنوێنێت , کە بریتیە لە ژیانی پڕ لە چەرمەسەریو کلۆڵیی رابوردووت.. بەڵام سەرەڕای هەمووی ترست نەکەوێتەبەر , چونکی لە پاش هێڵەڕەشەکەوە هێڵێکی خۆڵەمێش رەنگیی بۆرم دەکەوێتە پێش چاو کە بریتیە لە رێچکەی ژیانی داهاتووت.. ژیانی ئایندەیشت وەك دەردەکەوێت وەك ژیانی بەسەرچووت رەشو تاریك نییە..!
ئەو کابرا قەرەجە ئەسپ سووارەی کە وەسمانی بانگهێشت کردبوو , خۆی کرد بە ژووورداو قسەکانی لە دەمی دایکی مەنیج بڕیو بە پەلە بە وەسمانی وت:
- تکایە لەگەڵمدا بکەوە رێ بەڵکو بچین بۆلای شاخان , کە زۆر بە پەرۆشەوەیە تاوەکو چاوی پێت بکەوێت.
وەسمان لە جێیەکەی خۆیدا راپەڕیو هەردوو ئافرەتەکەیش هەڵسانە سەرپێ. پێش ئەوەی وەسمان نێو رەشماڵەکە بەجێ بهێڵێت دایکی مەنیج پێی وت:
- سوپاست دەکەین سەبارەت بەوەی شەوێ کچەکەمت پاراست. تکایە لەبیرمان نەکەیتو زووزوو سەرمان لێبدەیت.
لە تەختیەکی راستی نێوان رەشماڵەکاندا کۆمەڵێك قەرەج لە ژنو منداڵو پیاو بەسەر زەویەکەوە بەبێ دەنگی دانیشتبوون. لەوبەریشەوە کابرایەکی ریش ماشو برنجی کەتەی زل بەتەنیا بەرامبەر بە خەڵکەکە دانیشتبوو. هەموو



دانیشتووان متەقیان لە خۆیان بڕی بوو , رووی خۆیان ئاراستەی ئەو کابرایە کردبوو. وەسمان لە دڵی خۆیەوە وتی کە ئەو پیاوە بە شکۆیە سەرۆك هۆبەی قەرەجەکانە. زیاتر لێی نزیك بووەوەو سەڵاوی لێکردو ئەویش لە جێیەکەی خۆیدا هەڵسایە سەرپێ. هەردووکیان دەستیان درێژکردو دەستیان خستە نێو دەستی یەکترەوە , لە پاشاندا لەسەر رایەخە نەرمەکە بە تەنیشتی یەکترەوە دانیشتن. قەرەجەکانیش لەوبەرەوە لە بەرامبەریاندا بێ وچان چاویان بڕی بووە میوانەکەو لێی ورد دەبوونەوە. کابرا کەوتە قسەو وتی:
- من شاخانم کە پێشڕەوی ئەم داماوانە دەکەم. ئێستایش بەناوی خۆمو خێڵەکەمەوە بەخێرهاتنی گەرمت لێدەکەین , سەبارەت بەوەی کە شەوێ وەکو فریشتەی خێر کەوتیتە نێوانەوەو نەتهێشت خوێن بڕژێت.
شاخان دەستی هەڵبڕیو ئیشارەتێکی کرد. چەند قەرەجێك (فەرۆ)یان بەدەست بەستراوی بۆلای گەورەکەیان هێناو لەبەردەمیدا خستیانە سەرچۆك. لە پاشانیشدا شەکۆی لاوو مەنیجیش پەیدابوونو لە بەردەم شاخاندا بە پێوە بەبێ دەنگی وەستان. دوو گەنجی تریش هاتنە ریزیانەوە کە یەکێکیان سازێکی بەدەستەوەبوو. شاخان ئیشارەتێکی تری کردو فەرۆی دەست کۆتکراویان بردە لای قەرەجە دانیشتووەکانی ئەوبەرەوە , بە ملکەچیو زەبوونیەوە دەیڕووانیە شاخانو خەڵکانی دەوروبەری. لەپڕ دەنگی ساز لە ئامێرە مۆسیقیەکەوە بەرز بووەوە. گەنجەکە بەدەستو پەنجەی ژێی سازەکەی دەژەنیو , شەکۆو مەنیجی دەزگیرانیشی لەگەڵ دەنگو ئاوازی سازەکەدا دەستیان بە سەما کردن کرد. لەپڕ کابرایەکی چاوو برۆ قەویی شەڕانیان لێ پەیدا بوو , کە بە خەنجەرێکی تیژەوە دەیویست شاڵاویان بەرێتە سەر. ئەم کابرایەیش وەها دیاربوو دەوری فەرۆی شەڕخوازی دەنوواند. فەرۆیش لە نێو خەڵکەکەوە بە تووڕەییەوە تەماشای

دیمەنی سەماکردنەکەی دەکرد. شاخانو وەسمانیش بە تەنیشتی یەکترەوە دانیشتبوونو چایەیان دەخواردەوەو زەردەخەنەیش بەدەمو لێویانەوە نەخشابوو. بە کامی دڵ تەماشایان دەکردو خۆشیو شادی بە روخساریانەوە دیاربوو. مەنیجو شەکۆ لە یەکتری نزیك دەبوونەوە تاوەکو باوەش بە یەکتردا بکەن. بە جۆشو خرۆشێکی زۆرەوە لەسەر ئاوازی سازەکە سەمایان دەکرد. دەوری دوو ئەویندارى بەسۆزیان دەبینی , لە کاتێکدا کەسێکی شەڕانگێز بە خۆیو خەنجەرێکەوە دەیویست هەڵبکوتێتە سەریانو بەزمی دڵدارییەکەیان لێتێکبدات. ئەم دیمەنە هەست بزوێنەرە بۆ ماوەیەك بەردەوام بوو. بینەرانیش بێ وچان بەکەیف خۆشیو شادیەوە تەماشای دیمەنەکەیان دەکرد. ساز ژەنەکەیش ئاوازی بە جۆشی لەگەڵ سەمای مەنیجو شەکۆدا دەهێنایە کایەوە. لە ناکاودا لاوێکی ریش درێژ بە دەمانچەیەکەوە تێکەڵ بە دیمەنەکەبوو , کە وەسمان لە شوێنەکەی خۆیەوە بزە گرتیو زانیی ئەو لاوە ریش درێژە دەوری ئەم خۆی دەبینێت. کابرای خەنجەر بەدەست بێ وچان بەدووی دوو دڵدارەکەوە بوو , کابرای دەمانچە بەدەستیش تا ماوەیەك بەدووی خەنجەر بەدەستەکەوە بوو. دوواتر رووی لوولەی دەمانچەکەی ئاراستەی کابرای خەنجەر بەدەست کردو لەئەنجامدا خەنجەرەکەی لە دەست بەربووەوەو بە هیوا بڕاویو نائومێدیەوە کەوتە سەرچۆك. هەر لەو کاتەیشدا هەردوو ئەویندارەکە بەکامی دڵ باوشیان بەیەکتردا کردو یەکترییان لە ئامێز گرت. هونەرمەندە لاوەکەیش لە ژەنینی سازەکەی بووەوە. ئەمە هەمووی دیمەنی رووداوی شەوی رابوردوو بوو کە لە نێو خاسەدا روویدا بوو لە ژێر تریفەی مانگەشەودا چووار کەس دەوری راستەقینەیان بینی بوو. ئێستایش دیمەنی رووداوەکە وەك نمایشێك پێشکەش کرا , مەنیجو شەکۆی ئەویندار دەوری دوو دڵداری شەوی رابوردوویان نوواند. سێ کەسی تریش ئێستا بەشدارییان لە نمایشەکەدا کرد.



کە یەکێکیان دەوری فەرۆی شەڕخوازی بینی , ئەوی تریان دەوری وەسمانی بینی کە شەوێ بەهانای هەردوو دڵدارەکەوە هاتبوو نەیهێشت فەرۆ دەستیان لێ بووەشێنێت. لاوێکی سازژەنیش بەشداریی لە نمایشەکەدا کردو بە ئاوازی پڕ جۆشو خرۆش دیمەنەکانی رازاندەوەو گیانی خستەبەر نمایشەکە.. بە کۆتایی هاتنی نمایشە پڕ لە سەماو تراژیدیاکە , هەموو قەرەجەکان کەوتنە چەپڵەڕێزانو لە پاشاندا بڵاوەیان لێکرد , بەس بەتەنیا فەرۆ بەدەست بەستراوی لەوبەردەمەوە مایەوە. ئەوانەی دەوریان لە نمایشەکەدا بینی ئەوانیش ئەو بەردەمەیان چۆڵکردو رۆیشتن. شاخان دەستی خستە سەر شانی وەسمانو پێی وت:

- سوپاسی تۆ دەکەینو یاخوا نموونەی پیاوی جوامێری وەکو تۆ هەر زۆر بێت.

- منیش سوپاسی ئێوە دەکەم کە رێزتان لێناومو میوانداریتان لێکردووم. ئەوەی کردوومەو پێی هەڵساوم بەتەنیا ئەرکێکی سەر شانم بووەو هیچی تر.

- ئێستایش پێمان بڵێ چی داواکاریەکت هەیە بەسەری دیدەمان بۆتی جێبەجێ دەکەین.؟

- یەك داواکاریم هەیە ئەویش دڵتان گەورەبێتو بەخشندەیی بنوێننو ئەو کابرا کۆتکراوە ئازاد بکەنو لێی ببوورن.

- هەر ئێستا فەرمان دەردەکەمو سەرفرازی دەکەم.

شاخان ئیشارەتی بۆ یەکێك لەو سێ زەلامە قەرەجە کرد کە لەوسەرەوە دەبینران. یەکێکیان لە مەبەستی شاخان تێگەیشتو خۆی گەیاندە لای فەرۆو هەردوو دەستی شەتەك دراوی بەپەلە کردەوە. ئەوسا فەرۆ بەچاوی پڕ لە ترسو لەرزەوە هەڵسایە سەرپێو خۆی کرد بە نێو رەشماڵەکانداو لە چاو بزر بوو. ئەمانیش هەردووکیان وەك ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر بێت یەکتری بناسن کەوتنە گفتو گۆو شاخان وتی:

- ئێمە ئۆقەرە بە خۆمان ناگرینو لە شوێنێکدا سرەوتمان نییە. بگرە هەر چەند رۆژێك لە دەڤەرو ناوچەیەکدا هەڵدەدەین. ئێستایش لە وڵاتی ئەودیوەوە سنوورمان بڕیوەو ئامدیو بووینە. هەر خوا دەزانێت چەند رۆژێکی تریش بەرەو چ شوێنێکی نادیار رێگا دەگرینە بەر.!

وەسمان پێکەنیو بۆی دووا:

- منیش گەرچی قەرەج نیم بەڵام هەموو ژیانم وەکو قەرەج بە سەرەڕۆیو ئەمسەرو ئەوسەر بردۆتە سەر. دەیان گوندو لادێو شارو شارۆچکەم بینیو تێکەڵاوی خەڵکانێکی زۆر بووم , چەند میللەتو نەتەوەی جیاجیام چاو پێکەوت. ئەوا بۆ چەند رۆژێکیش دەچێت کە لە وڵاتی ئەودیوەوە ئامدیو بوومەو , بەرەو ئەم دەڤەرە گەڕاومەتەوە کە جێگاو مەسکەنو هەواری راستەقینەی خۆمە.

- بۆچی پیاوێکی ئازاو بوێرو چاونەترسی وەکو تۆ نایەیتە رێزی ئێمەوە.. لەگەڵماندا هەڵبکەیتو ببیت بە یەکێك لە ئێمە.؟

- ئێوە فێرن بە کۆمەڵ بژینو وەها راهاتوون کە گرد ببنەوەو پێکەوە گوزەران بکەن , بەڵام من رێچکەی ژیانی تایبەتیی خۆم هەیەو ئولفەتم بەوەوە گرتووە کە هەردەم بە تاكو تەنیاو سەڵتەزەلامی بژیم.

لە ناکاودا هاتنی عەبەی باخەوان بە پیادە قسەی بە هەردووکیان بڕی. لە ژێر تیشکی خۆرەتاوەکەدا هەنگاوی دەنا. وەها دیاربوو لە دوورەوە دانیشتنەکەی ئەمانی بەدی کردبێت , بۆیە بەبێ لادان بۆ هیچ لایەك بەرەو روویان هات. خۆرەکە لەگەڵ بەرزبوونەوەیدا گڕەو گەرماکەیشی بەرزتر دەکردەوە. هەردووکیان هەڵسانە سەرپێو پێشوازییان لە عەبە کردو ئەویش تەوقەی لەگەڵ شاخاندا کرد. شاخان دەستی بە ریشی خۆیدا هێناو لەسەر خۆی هاتە قسەو وتی:



- خەریکە وەختەکە بەرەو نیوەڕۆ بڕواتو دنیا گەرم دابێت. بۆیە وەها چاکە بچینە دیوەخانەکەی من لە نێو رەشماڵەکەمانداو نیوەڕۆژەیشمان لەگەڵدا بکەن.

تیشکی خۆرەتاوە گەرمەکە خۆی کێشابوو بەسەر رەشماڵەکاندا. نێو رەشماڵەکەی شاخان بە فێنکی خۆی پاراستبوو. هەرسێکیان بە تەنیشتی یەکترەوە دانیشتن. لە بارەی گیانلەبەرو گژو گیاوە بۆ ماوەیەك کەوتنە دووانو قسەکردن. نیوەڕۆژە ئامادەکراو خۆراك بەسەر سینیەکی گەورەوە دوو زەلام هەڵیانگرتبوو , لە بەردەمی رەشماڵەکەوە هێنایانە ژوورەوە. چێشتی برنجێکی کوڵاو بەسەر سینیەکەوە بەرزبووەوە. بەسەر برنجەکەیشەوە کۆمەڵێك گرتکە گۆشتی گەورە داندرابوون , ئەمان خۆیان سێ کەس بوون کە دەبوو نیوەڕۆژە بکەن , بەڵام خۆراکەکە ئەوەندە زۆر دەهاتە پێش چاو کە بەشی دە کەسیشی بە ئاسانی دەکردو هەموویشیانی تێرو پڕ دەکرد. سینی خرایە بەردەستیانو کەوتنە خواردنی. هەردوو میوانەکە بۆ ماوەیەکی زۆر دەچوو کە خۆراکێکی ئاوەها چەوریان نەچەشتبوو. شاخان بە ئاستەم دەستی بۆ خۆراکەکە درێژ کرد , زۆری پێنەچوو دەستی کێشایەوەو بە دەستەسڕەکەی دەستی سڕیەوەو بە میوانەکانی وت:

- ئێوە هەقی منتان نەبێتو چاو لەمن مەکەنو بە باشی خواردنی خۆتان بخۆن. لە راستیدا من نەخۆشمو دڵم خواردن ناباتو ناتوانم بەردەوام بم لەسەر خواردن.

وەسمانو عەبەیش کە تێروپڕیان خواردو لێبوونەوە , ئەوانیش بە دەستەسڕ دەستی خۆیان سڕیەوە. ئەو دوو کەسەی کە بەردەستییان دەکرد بۆ جارێکی تریش خۆیانکرد بە ژوورداو سینیەکەیان هەڵگرتو لەوبەرەوە لە دوور دایاننا. زۆری پێنەچوو چوار کەس هاتنە ژوورەوەو لەسەر سینیەکە دانیشتنو دەستیان کرد بە خواردنی پاشماوە زۆرەکەی سەر سینیەکە.



یەکێکی تریش بە سینیەکی چایەوە خۆیکرد بە ژووردا. پیاڵەی پڕ لە چایەی لە بەردەم شاخانو دوو میوانەکەی دانا. پاش چای خواردنەوە عەبە هەڵسایە سەرپێ بە مەبەستی رۆیشتن. هاتە قسەو بە خاوەن دیوەخانی وت:

- شاخانی بەڕێز سوپاسی داواتەکەت دەکەم. پێویستە بڕۆمو خواحافیزیت لێبکەم.

وەسمان رووی دەمی تێکردو پێی وت:

- ئەگەر ئارەزووت لێیە بڕۆ سواری ئەسپەکەت ببە کە لەو پشتەوە بەستوومەتەوە.؟

- بە پیادە هاتمو هەر بە پیادەیش دەگەڕێمەوە. دەمەوێت لەو دەمی خاسیەیشدا کوڵکانیەك بکەمو هەندێك خۆم لە ئاو هەڵکێشم. ئیتر بمێنن بەخێر.

پاش ئەوەی عەبە رۆیشت. شاخان بەخەمو پەژارەوە بە وەسمانی وت:

- ئێمە لەم خێوەتگایەی خۆماندا گەلێك کێشەو تەنگو چەڵەمەمان هەیە. هەموویشی بەسەر مندا کەوتووەو منیش ناساخمو تاقەتەکەی جارانم نەماوە. خۆزگە کەسێکی وەکو تۆم هەبووایەو نەختێك بارمی سووك بکردایەو دەستی بگرتایە بە باڵمەوە.

شاخان ئەم قسانەی کردو چەند حەبێکی لە گیرفانی خۆی دەرهێناو خستیە دەمیەوە , جامێك ماستاویشی هەڵگرتو قومی لە جامەکەداو حەبەکانی قووت دا. وەسمان هەستی کرد کە شاخان باری تەندروستیی خراپە , بۆیە نیەتی هێنا هەڵسێتو خواحافیزی بکات. پاش بێدەنگیەکی کەم هەڵسایە سەرپێو ماڵئاوایی لە شاخان کردو دەرچووە دەرەوە. بێ پەروا بەملاو بەولادا چاوی گێڕدەدا بە مەبەستی ئەوەی پێش رۆیشتنی چاوی بە مەنیجو دایکی بکەوێت.

لە نێو ڕەشماڵەکەی ماڵی مەنیجدا , شەکۆو مەنیج بە جووتە لێی دانیشتبوونو ڕێیان بۆ چۆڵ ببوو. دەستیان لە دەستی یەکتر گیر کردبوو. جارنەجارێکیش دەمیان دەخستە نێو دەمی یەکترەوە. دایکی مەنیج خۆی دزیبووەوەو دوور کەوتبووەوە تاوەکو کچەکەی‌و شەکۆ بە ئارەزووی خۆیان دەستبازی بکەنو بۆ خۆیان وەك دوو دڵداری بە پەرۆش راببوێرن. ئەم دەستووری خۆشەویستیەیش لە نێو قەرەجاندا شتێکی ئاسایی بوو کەسیش لێی لاری نەبوو. مەنیج بە چپە بە شەکۆی وت:

- فەرۆی ئامۆزام رسوا بوو , ئیتر ناتووانێت چاوی لە ئاستماندا هەڵبهێنێت.

- مەنیج گیان من تۆم بەدڵ خۆشدەوێتو تۆیش دڵخوازی منیتو هیچ کەسێك بۆی نییە ڕێگریمان لێبکات.

- لاوە خۆشەویستەکەم شەکۆ گیان هەردەم بە دایکی خۆم دەڵێم , یا بۆ شەکۆ دەبم یاخود بۆ گڵ.! خۆت باش دەزانیت باوکم نەماوەو ئێستا دایکم سەرگەورەی ماڵمانە. خۆشبەختانە دایکیشم هەردەم هانم دەداو ڕێگری لە ئارەزووەکانم ناکات.

- داخۆ دایکت کاتێك بەختت دەخوێنێتەوە چیت پێ دەڵێتو چۆن چارەنووسی دووا ڕۆژت بۆ بەیان دەکات.؟

- هەمیشە نێو لەپم دەخوێنێتەوەو پێم دەڵێت کە وێنەی شەکۆی تێدا بەدی دەکات.

لە بەردەمی ڕەشماڵەکەیاندا وەسمانو دایکی مەنیج دەرکەوتن , ئەمانیش دەستو برد هەڵسانە سەرپێو وەها دەرکەوت کە ماوەی دانیشتنەکەیانو عەیشو نۆشەکەیان کۆتایی پێهاتبێت، بۆیە بەبێ ئەوەی دەمی خۆیان هەڵبهێننو قسەیەك بکەن، یەکسەر دەرچوونە دەرەوەو ڕێیان بۆ وەسمانو دایکی مەنیج مەیسەرکرد , کە ئەوان بە جووتە بێنە ژوورەوەو بکەونە رازونیازو سەرفرازیی خۆیان بەدەست بهێنن. وەسمانو دایکی مەنیج لە



شوێنی کوڕەکەو کچەکە دانیشتن. دایکی مەنیج بە چاویدا دیار بوو دەیویست هەمان دەوری پێشووی کچەکەی ببینێت , بەڵام دەورەکەی لەگەڵ وەسماندا بنوێنێت. ئافرەتەکە قژی ڕەشی خۆی گرتو بەرەو دەمو چاوی وەسمانی هاویشتو بە نازەوە پێی وت:

- کوڕی باش کچەکەمو شەکۆ بە نیازن ببن بە هاوسەری یەکترو پێکەوە ژیان بەرنەسەر. دەست بە رووی بەختی خۆتەوە مەنێو وەرە با منیش شوو بە تۆ بکەمو ژیانمان بەختەوەر بکەین. تۆ حەزت لە ژیانی پڕ لە دەربەدەریو پڕ لە راکە راکەیە. ئەو ژیانەی تۆ دەتەوێت لەلای ئێمەدا بە ئاسانی دەستت دەکەوێت.

- نازانم چۆن وەڵامت بدەمەوە.!؟

- لەقە لە بەختی خۆت مەدەو جارێکی تر هەلی ئاوەهات بۆ نارەخسێت..

- ئاخر..!

- ئاخرو ماخری ناوێتو وەرە لێم نزیك ببەوە.

سەری خۆی لەسەری وەسمان نزیك کردەوە. دەمیان خستە نێو دەمی یەکترەوە , بۆ ماوەیەکی زۆر باوەشیان بە یەکتردا کرد.. تاوەکو دەمەو عەسر وەسمان وەك بێ هۆش لێی ڕاکشاو لە نێو ڕەشماڵەکەدا خەوێکی قووڵ بردیەوە. لەو ڕۆژەدا لە نێو ڕەشماڵەکەدا هەست بە گڕەو گەرما نەدەکرا. ئەو ڕۆژە وەسمان خۆی بە بەختەوەر دەزانیو , پێشتریش نیوەڕۆژەیەکی باشی کردبوو , بۆیە خۆی دایە بەر لێشاوی خەوو وەك سەرخۆشێکیش بە مەیی دڵداری لێی راکشابوو.. پێش مەغریب بە ئاگا هاتەوەو وەکو شێت لە خەو راپەڕی , تەماشای کرد لە نێو ڕەشماڵەکەدا لە خۆی زیاتر کەسێکی تر لە ئارادا نییە. بەپەلە کڵاشەکانی لە پێ کردو دەرچووە دەرەوە. خۆی گەیاندە ئەسپەکەی‌و خۆی هەڵدایە سەر زینەکەی. تاوی لە ئەسپەکەی داو بۆ نێو خاسە شۆڕبووەوەو روویکردە کەپرەکە.

پاش مەغریب دنیا تاریك ببوو. وەسمانو عەبە پێكەوە لەبەر تیشكی چراكەدا دانیشتبوون. رووداوەكانی ئەو رۆژەیان تاوتوێ دەكرد. لەودیو جۆگاكەی ئەوسەری باخەكانو لە پانتایی بەردەم ریزە ماڵەكانی گەڕەكی زێویەوە كە روویان لە باخەكەو خاسەو چۆڵاییەكەبوو , گڵۆپی خڕی رەنگاو رەنگ بە دارو بە سیمو تەل بە بەرزییەوە رایەڵ كرابوون. پێشتر هەواڵی ژنهێنانی رەوف بلاوببووەوە , ماوەیەك بوو لە نێو ئەو باخانەو كەناری خڕی خاسەدا دەنگی گۆرانیی رەوف نەدەبیسترا , چونكی گەیشتبوو بە مرازی دڵیو لە ئازارو ئەشكەنجەی دڵداری رزگاری دەبوو. عەبەی باخەوان بە وەسمانی وت:

- رەوفیش بە جێی هێشتین , هەر منو تۆ بە تەنیاو بەبێ كەسیو بەبێ نەوایی ماینەوەو هەی هەش بەسەرمان.!

- منو تۆ لەسەر ئەم تەنیاییە راهاتووین. بۆیە وەها چاكە خەمی لێنەخۆینو هەر كەسەو چارەنووسو قسمەتێكی تایبەت بە خۆی هەیە.

- بە تایبەتی من نە ژنو نە ماڵو نە منداڵو نە سەروەتو سامانو هیچم نییە..

لاوێك بە خۆیو دەفتەرو كۆمەڵێك پارچە كاغەزەوە هات بەسەریانداو نەیهێشت لەسەر قسەكانیان بەردەوام بن. وەسمان ناسیەوە كە ئازادی كوڕی مامۆستا قادرە بوو سەڵاوی لێیانكردو بە تەنیشتیانەوە دانیشت. وەسمان بە گاڵتەوە بۆی پێكەنیو لێی پرسی:

- ماتۆڕەكەت چۆنە؟

- زۆر چاكەو گرمەی دێت.



- ئەو رۆژە دووای رۆیشتنی تۆ تووانیم مامۆستا قادری باوكت ببینمو شتو مەكەكانی بدەمە دەست.

- دەستت خۆش بێت.

- مامۆستا قادر فەزڵی زۆرە بەسەر هەموومانەوە , بۆیە پێویستە لەسەرمان گوێ رایەڵی بینو بە هانایەوە بچین.

- ئەوەی راستی بێت من لە بەغدا لە كۆلیجی یاساناسی دەخوێنم. ئێستا پشووی هاوینەو دەتووانم خۆم بگەیەنم بە باوكم , بەڵام نازانم گەر هاوین بەسەرچوو ئەو باوكە كلۆڵەم كێ دەستی یارمەتیی بۆ درێژ دەكات.!؟

- خەمت نەبێت كوڕگەلی گەڕەك درێخی ناكەنو هەموو خۆیان بە كوڕی مامۆستا قادر دەزانن.

- كاكە وەسمان من ئێستا بۆ مەبەستێكی تر بۆلای تۆ هاتووم.

- فەرموو بڵێو من ئامادەم بۆ هەر داواكارییەكت.

- دەمەوێت ژیانی تۆو خولە زێوییی برات لەم دەفتەرەی دەستمدا بە دوورو درێژی تۆمار بكەم.

- جا بۆچیتە؟

- هەر وەكو خولیایەك شتی سەیرو سەمەرەو بابەتی پڕ لە سەركێشیو جەربەزەیی تۆمار دەكەم. گەر بۆمیش لووا ئەوا دەیكەم بە رۆمانێكو بلاوی دەكەمەوە.

پێش ئەوەی وەسمان دەمی هەڵبهێنێتو وەڵامی لاوەكە بداتەوە , دەنگی دووزەلە ژەنینو زرمەی پێی ئەڵقەی هەڵپەڕین لە دوورەوە بەرز بووەوە. گڵۆپە زەردو سوورەكان بە ئاڵو واڵایی لە دوورەوە لە بەرزی خۆیان دەنوواندو قەرەباڵخیو دەنگە دەنگێكی زۆر دەبیسترا. گەورەو بچووكو ژنو پیاوو منداڵ لەو پانتاییەی بەردەم ریزە ماڵەكاندا ئاپوورەیان بەستبوو. بەسەربانی خانووەكانیشەوە ژنێكی زۆر لەبەرزیەوە ریزیان بەستبوو

دەیانڕووانیە بەزمو ڕەزمی شاییو زەماوەندەکە. وەسمان بۆماوەیەك بێ دەنگ بوو هەڵیڕووانیە دەمو چاوی لاوەکە , لە سەرەتادا سەرسوڕمان دایگرتبوو سەبارەت بە داواکاریو پرۆژەکەیو ئەوسا هەڵی دایەو وتی:

- هەرچیەکت بوێت بە گوێرەی دڵی خۆت بۆتی هەڵدەڕێژم , وردو درشتی سەرگوزشتەی ژیانی خۆمانت بەدوورو درێژی بۆ دەگێڕمەوە. بەڵام بە یەك مەرج.!

- مەرجەکەت بخەڕوو , بەڵێنت دەدەمێ لە بازنەی ئەو مەرجەت لانەدەم.

وەسمان رووی بەلای عەبەدا وەرچەرخاند کە ئەویش لە ئاستی خۆیەوە گوێ رایەڵی گفتو گۆی نێوانیان بوو. ئەوسا وەسمان بەوپەڕی بڕوواکردن بە خۆوە بە لاوەکەی وت:

- مادامەکی نیازت پاکەو کوڕی مامۆستا قادریت دڵت ناشکێنم. ئەوەتا عەبەیش لە نێوانماندایەو وەها چاکە ئەویش شایەد بێت. دەمەوێت هیچ کاتێك بەڵێنی خۆت نەشکێنیتو خاوەنی گفتی خۆت بیت.

- جارێکی تریش دڵنیات دەکەمەوەو گفتی خۆمت بۆ دووپات دەکەمەوە.

- زۆر چاکە وا ڕێککەوتین. هەر لە بەیانیەوە دەست پێدەکەین , لە نووکەوە بەسەرهاتی ژیانی خۆمو خولەی برامت بۆ دەگێڕمەوەو تۆیش زۆر بە وردیو بەشێنەیی لەسەر کاخەز تۆماری بکە. بەڵام وەك وتم بەو مەرجەی.

وەسمان قسەکانی تەواو نەکردو تێڕاماو بێ دەنگ بوو. لە پاشاندا هاتە گۆو درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

- دەمەوێت هەموو باسو خواسو سەرگوزشتەی ژیانمان بە نهێنی بمێنێتەوە تا ئەو ڕۆژەی لە چاپی دەدەیت.

- دڵنیات دەکەمەوە کە هەرچییەکم بۆ بگێڕیتەوە وەك نهێنی لەلای خۆمدا بیپارێزمو لەلای هیچ کەسێکدا بە هیچ کلۆجێك نەیدرکێنم.



- باش بزانە گەر بێتو پەردە لەسەر هەر نهێنیەکی ژیانی من هەڵدەیتەوە , ئەوا ئەنجامەکەی خراپ بەسەرمدا دەشکێتەوەو لەوانەیە تووشی نەهامەتیەکی گەورەو گران ببم. بۆیە گەر بەرژەوەندیی منت دەوێتو مەبەستتە تووشی زەرەرو زیان نەبم ئەوا پێویستە هەموو کەینو بەینێکمان دەرنەچێتە دەرەوە.

ئازاد بە خۆشیەکی لە رادەبەدەر سەری بۆ قسەکانی وەسمان لەقاند. بزەیەك بەسەر لێویەوە نەخشاو وتی:

- هەر لە بەیانیەوە ناوی خوای لێدەهێنینو دەست بەکار دەبین. تۆ هەرچییەکت دێتەوە یاد بۆمی هەڵڕێژەو منیش پەیتا پەیتا تۆماری دەکەمو دەیخەمە سەر کاخەز.

لەو کاتەیدا کە هەرسێکیان دانیشتبوونو وتو وێژ گەرم بوو لە نێوان وەسمانو ئازادا , شاییو هەڵپەڕکێش کەوتبووە جۆش , دەنگی دووزەلەو زرمەی پێی ئەلقەی هەڵپەڕین بەو شەوە بەرز ببووەوە. ئازاد هەڵسایە سەرپێو وتی:

- وەها چاکە ئێمەیش بەشداریی شاییو زەماوەندی رەوف بکەین. گەر نەچین ئەوا گلەییمان دێتەسەر.

لە ئاستی خۆیانەوە هەڵسانو یەك لە دووای یەك ڕێگا باریکەکەی نێو باخەکەیان گرتەبەر. باخەکەیان بڕیو لە پاشاندا بەسەر کۆپریە بچووکەکەی سەر جۆگاکەیشدا پەڕینەوەو کەوتنە ئەو پانتاییەی بەر ماڵان کە شایی تێدا گەرم بوو. ئافرەتان بە جلو بەرگی ئاڵو والای ڕەنگاو ڕەنگەوە هاتوچۆیان دەکرد , یاخود دەستیان گرتبوو لەگەڵ پیاوەکاندا تێکەڵ بە ڕەشبەڵەکەکە ببوون. منالێکی زۆریش بە زاقو زیق خۆیان دەکرد بە نێو گەورەکاندا. بەسەر خانووەکانیشەوە کۆمەڵێك ژن ریزیان بەستبوو تەماشای شاییەکەی خوارەوەیان دەکرد. مام فەرەجی دووزەلە ژەنیش بە خۆیو بالا

کورتەکەیەوە هەردوو گوپی پڕ کردبوو فووی دەکرد بە دووزەلەکەداو , ئاوازی بە جۆشی پەخش دەکردو ئەلقەی هەڵپەڕکێکەی گەرم دەکرد. گڵۆپە رەنگاو رەنگە هەڵواسراوەکانی بانی سەری خەڵکەکەیش ئەو نێوەندەیان نەخشاندبوو. وەسمانو عەبەو ئازاد چوونە ریزەوەو تێکەڵ بە رەشبەڵەکەکە بوون. وەسمان سەرچۆپی گرتو دەستەسڕەکەی لە باخەڵی دەرهێناو کەوتە دەسماڵ راوەشاندن. جاروباریش دەستی دادەگرتو دەیخستە سەر دەمانچەکەی باخەڵی. خەڵکەکە هەموو تەماشای وەسمانیان دەکردو هەواڵی هەڵاتنەکەی لەو رۆژانەدا کەوتبووە بەر گوێیان. بە تایبەتی ئەوانەی گەنجو لاوبوون بە درێژایی ژیانیان وەسمانو خولە زێوییان نەبینی بوو , بەڵام زۆر جار لە لایەن گەورەکانەوە باسو خواسی ژیانی ئەو دوو برایەیان درابووە بەرگوێ. هەموو بە واق وڕمانو ئەوپەڕی تاسەوە سەیری روخساری وەسمانیان دەکردو چاویان دەبڕیە ریشە رەشباوە درێژەکەی , ئەویش دەیزانی کە خەڵکی تەماشای دەکەن ئیتر زیاتر لە خۆبایی دەبووو با دەچوو بە لووتیاو دەستەسڕەکەی دەستی قایمتر رادەوەشاند. وەسمان نەختێك سەری هەڵبڕیو لەوسەری گەڕەکەوە چاوی بە موختار کەوت , کە بە تەنیشتی بلە پۆلیسەوە بەرەو لای شاییەکە دەهاتن. لە سەرەتادا دڵی داخورپاو لەوە سڵی کردەوە نەبادا ئەو دووانە گێچەڵێکی بۆ بنێنەوەو , لە نێو ئەو حەشاماتەدا رووبەڕووی پێشهاتێکی بکەنەوە. بەڵام سەرەڕای هەمووی دانی بە خۆیدا گرتو سەرچۆپییەکەی بەرنەدا. موختارو بلە پۆلیس هاتنە پێشەوەو خەڵکەکەیش رێیان بۆ چۆڵ کردن. بلە پۆلیس بە خۆیو تفەنگە ئینگلیزیەکەی سەر شانیەوە شان بە شانی موختار وەستا , پێکەوە تەماشای بەزمو رەزمی شاییەکەیان کرد. بلە بە تووڕەییەوە لە دوورەوە رووی خۆی ئاراستەی وەسمان کرد , لە هەمان کاتدا شانازیی بەوەوە دەکرد کە بە تەنیشتی موختاری گەڕەکەوە وەستاوە. زۆری نەبرد خاوەن شایی کورسییان



بۆ موختار هێنا تاوەکو لەسەری دابنیشێت. وەسمان ئیشارەتێکی بۆ مام فەرەج کرد , ئەویش لە دووزەلە ژەنین وەستاو سەری خۆی لە سەری وەسمان نزیك کردەوە. هەندێك بە چپە بە بناگوێی مام فەرەجدا دوواو لە پاشاندا دەستی بۆ گیرفانی خۆی درێژکردو , هەندێك پارەی خستە مشتی مام فەرەجەوە. ئەوسا مام فەرەج دەنگی لێ هەڵبڕیو کەوتە شاباش کردن:

(شاباش.. شاباش.. موختاری گەڕەكو بلەی پۆلیس شاباش.. شاباش..)

بلە بە بیستنی ئەو شاباشە تووڕەبوو , وەهای هەست کرد کە وەسمان دەیەوێت بە تەڵفیسیەوە گاڵتەیان پێبکاتو ئەو شاباشەیش بێ مەڵامەت نییە.! لەپڕ وەسمان دەمانچەی لەبەر باخەڵی خۆی دەرهێناو سێ گوللەی خۆشیی تەقاند بە ئاسماندا.. شاییو هەڵپەڕکێ تا ماوەیەکی درەنگی شەو توولانی کێشا. خۆشبەختانە هیچ رووداوێکی ناهەمواری لێنەکەوتەوە..

- ٢٠ -

پێش کاتی نیوەڕۆ پیکابەکەی حەمید یاروەلی لە بەردەم خانووەکەی ماڵی مام ئۆمەر لەشارا وەستا. هۆرنی لێداو ساراو کاروان بە جووتە دەرچوونە دەرەوە. کاروان تەماشای بۆدیی پیکابەکەی کردو چاوی بە نەنکی خۆی کەوت کە بە قورسیەوە دەیویست لە پشتی ئۆتۆمبیلەکە بێتە خوارەوە. سارا بە گەرمیەوە بەرەو پیری دایکی چوو باوەشی پێداکرد. هەر لەو کاتەدا کاروان زانیی کە نەنکی لەسەر بێستان ترۆزیو کاڵەكو شووتیی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. سەرکەوتە بۆدیی پیکابەکەو یەك لە دووای یەك هەموویانی داگرتە خوارەوە. کاتێك کە پشتی پیکابەکە بەتاڵ بوو حەمیدی شۆفێر پێی پێدا ناو ئۆتۆمبیلەکەی لێخوڕیو ڕۆیشت. ئەمانیش هەرەوەزییان کردو هەموو شتەکانیان بردە ژوورەوە. لەبەر هەیوانی بەردەم حەوشەکە دایكو کچو کوڕ دانیشتنو دەستیان بە گفتو گۆ کرد. میمکە نێرگز دەستی بە قسە کردن کردو باسی خۆی دەکرد.

- زۆر ماندووومو چەند ڕۆژێکە بایەکە داویەتەوە لە قاچو قولم. وەهام بە باش زانی بگەڕێمەوەو بەسەرتان بکەمەوەو سەرێکیش لە شوکور بەربەر بدەمو خوێنم فەحس بکات.

سارای کچی راپەڕیو لە کوپە ئاوەکەی نێو حەوشەکەیان جامێك ئاوی ساردی هێناو دایبە دەستی دایکیەوە. ئەویش ئاوەکەی خواردەوەو جامەکەی گێڕایەوە بۆ کچەکەی.

سارا جامەکەی خستەوە سەر کوپەکەو بە لەشێکی سووكو گورجو گۆڵەوە بەرەو لای دایکی گەڕایەوە. لە پڕ بە ئاستەم لە دەرگای حەوشە دراو پیرەژنێکی کۆمی لاواز بە هێواشی خۆیکرد بە ژووردا و بە دەنگێکی لەرزۆك وتی:



- نێرگز.. نێرگز.. وتیان گەڕاویتەتەوەو ویستم سەرت لێبدەمو چاوم پێت بکەوێت.

میمکە نێرگزیش هەڵسایە سەرپێو وەڵامی داوە:

- ڕەعنا. ئەوە بۆچی نایەیت لەگەڵماندا دابنیشیت؟

- پەلەمەو کاتی دانیشتنم نییە. هاتووم بەتەنیا بەخێر هاتنت لێبکەمو بزانم وەزعت چۆنەو ئەو دەشتودەرەیش لەچیدایە.؟

- ئەو دەشتو دەرە لە خۆی خۆشتر نییە , گوایە بۆ نایەیت لەوێ سەرێکمان لێبدەیت؟

- ئای قوڕم بەسەر. جا تاقەتی پێم کوا ماوە تا بگەمە ئەو دوورە؟ ئەوا ئێستا بە زەحمەت خۆم گەیاندە حەوشەکەتان.!

- لەگەڵماندا دابنیشەو هەندێك قسەمان بۆ بکە.

- تاقەتی قسەیشم نییەو وەها چاکە بگەڕێمە دوواوە. باش بوو تۆم بینی کە هاتوویتەتەوە.

پیرەژنەکە بە لۆژە لۆژ لە نێو حەوشەکەدا بەرەو دووا بووەوە بۆ لای دەرگا گەورەکە. سارا هاواریکرد بەسەر کوڕەکەیداو پێی وت:

- زووکە. بڕۆ دەستی میمکە ڕەعنا بگرەو بیگەیەنە ماڵی خۆیان.

کاروان راپەڕیو لە پیرەژنەکە نزیك بووەو دەستی گرتو بەڕێی خست. لە پاشاندا گەڕایەوە بۆ بەر هەیوانەکە. سارا بۆ ماوەیەك تەماشای دایکی کردو هێدی هێدی دەمو چاوی سوور هەڵدەگەڕا. شتێك لە ناخیدا گێنگڵی دەخوارد. دەیویست بە پەلەو دەستو برد هەموو رازو نیازی ناخی خۆی بۆ دایکی هەڵڕێژێت. دایکیشی لە ئاستی خۆیەوە کۆمەڵێك قسە لە مێشکیدا پەنگیان خواردبووەوە. لەپڕ سارا دایە پڕمەی گریانو بەدەم فرمێسك رشتنو هەناسەبڕکێوە بە دایکی وت:

- دایکە ئاگات لێیە چی ڕوویداوە؟

- بەڵێ کچی خۆم ئاگام لە هەموو ڕووداوەکان هەیە.
- ئەوەتا بۆ چەند ڕۆژ دەچێت وەسمان گەڕاوەتەوە , بەڵام ئەو نەحلەتیەی مێردم خۆی بزر کردووە.
- ئاگام لێیەو وەسمان هات بۆ سەر بێستانو هەموو شتێکی بۆمان گێڕایەوە.
- سەرلەبەیانی تاریکیش هاتە گەڕەکەکەو لەبەر دەرگاکەمان وەستا. ئێمەیش دەرگامان لێنەکردەوەو بە دەرکردن دەرمانکرد.
- باشتانکرد کچی خۆم. بەختە ڕەشو سیاکەی تۆیش لە هی من باشتر نابێت. منیش هەموو ژیانم بە دەردەسەریو کولەمەرگی بردەسەر. ڕاستە دەڵێن کچیش جلو بەرگی نەگبەتیی دایکی خۆی دەپۆشێ.
چاوەکانی سارا سوور هەڵگەڕابوون. هۆن هۆن فرمێسك بە ڕوومەتیدا دادەچۆڕانەوە. کاروان بە دڵ کەیلیەوە تەماشای دایکی دەکردو پڕ قورگی لە گریان ببوو , حەزی دەکرد خۆیشی بچێتە پاڵی دایکیەوەو بە کوڵ بگریت بۆ بەدبەختیی خۆیو دایکە کڵۆڵەکەیو بە هەموو تووانایەوە بکرووزێتەوە.
میمکە نێرگز بەسەری کچەکەیدا هاتو ویستی هێوری بکاتەوەو پێی وت:
- کچی خۆم پێویست بە گریان ناکات. شوکور بۆ خوا باوكو دایكو برات هەیەو ئەوا کاروانی کوڕیشت هەراش بووەو لە خەم دەرچووە.
سارا بەو سەرپۆشەی کە بە گەردنیەوە ئاڵا بوو فرمێسکی چاوانی خۆی سڕیەوەو بە دایکی وت:
- من نابێت واز بهێنم.!
- ئێ ئەگەر واز نەهێنیت چیت لە دەست دێت بیکەیت؟
- بڕیارم داوە ئەم دەمەو عەسرە بە پیکابە شۆفرلێتەکەی ناو شوان , لەگەڵ لادێییەکاندا سوار بمو خۆم بگەیەنمە ئەو دووابڕاوە نەگریسە.
- مەبەستت کێیە؟
- مەبەستم خولەی مێردمە.



- ئێ چووزانێت لە چ کونجێکدا خۆی حەشار داوە؟
- با دەزانم لە کوێیە. بە قسەی وەسمانی برای گوایە لە دێی خالۆانێتی لە نێو شوان.
- جا چۆن دەیدۆزیتەوە؟
- خۆم دەگەیەنمە گوندەکەیانو لەوێش بە ئاسانی دەیدۆزمەوە , هەر خۆم دەزانم چۆن لەگەڵیدا ڕەفتار دەکەم. بڕیارم داوە چەقۆیەکی تیژیش لەگەڵ خۆمدا هەڵبگرم.. مەرج بێت چەقۆیەك بکەم بە ورگیداو تۆڵەی ئەم ساڵانەی لێبکەمەوە , کە بەبێ ناوونیشان ئێمەی بۆ کوێرەوەری لە پاش خۆی بەجێ هێشت..
- کچی خۆم لە کەلی شەیتان بێرە خوارەوەو بە چارەنووسو قسمەتی خۆت ڕازی بەو بەم کارە هەڵمەستە.
- نەخێر بڕیارم داوەو دەبێت ملی ڕێگا بگرمەبەرو لەپاشاندا بکەم بە ناقرگەیداو تۆڵەی خۆمانی لێ بسێنمەوە.
کاروان کە گوێی لەم قسانە بوو , لە ناخەوە هەژاو خوێن تەوژمی بۆ کەللەسەری بردو دەمو چاوی سوور هەڵگەڕا. بە تووڕەییەوە قیت بووەوەو بە دایکی وت:
- دایکە. من هەرگیز ناهێڵم بچیت بە دووی باوکمدا.
- بڕیارم داوەو هەرگیز پاشگەز نابمەوە.
- یا ناڕۆیت.. یاخود من ڕێگا دەگرمەبەرو دەڕۆم.
- نا کوڕی ئازیزم خۆم بەتەنیا دەڕۆم.
- نەخێر.. ناڕۆیت.
- هەر ئەڕۆمو هەر ئەڕۆم..
کاروان ڕقو کینەی لە دایکی هەڵساو بەپەلە کەوتە هەنگاونان. پێش ئەوەی دەرگای حەوشە بکاتەوەو دەربچێتە دەرەوە دایکی هاواری لێکرد:

- ئەوا بۆ کوێ دەچیت کوڕی خۆم.؟
کاروان بە دەنگێکی بەرز هاواری لێ هەڵساو هاتە وەڵامو ووتی:
- من وا دەڕۆم ماڵەکە بەجێ دەهێڵمو چیتر ناگەڕێمەوە بۆ ئەم ماڵە.
- نا کوڕم مەڕۆو بەجێمان مەهێڵە.
کاروان بە توندی دەرگاکەی لە پاشی خۆی داخستو رۆیشت. ئەوسا پیرەژنەکە سەرزەنشتی کچەکەی کردو بەڕوویدا هەڵشاخاو وتی:
- کچی خۆم چیت بە خۆت کردو ئەو تاقە کوڕەیشت چۆن هەچ کرد.!؟ خوا دەزانێت بۆ کوێ سەری خۆی هەڵدەگرێتو وەکو باوکی بێ سەرو شوێن بەرەو کوێ دەڕوات.!؟
سارا کە رۆیشتنەکەی کوڕەکەی بینیو گوێی لە سەرزەنشتەکەی دایکی بوو , هاتەوە سەر خۆیو وەك شێتگیر هەڵسایە سەرپێو ویستی بەدووی کوڕەکەی بکەوێت. بەڵام کار لە کار ترازابوو کوڕەکەی ئەو هەتەرەی بەجێ هێشتبوو.





کاروان بڕیاری خۆی دابوو سەری خۆی هەڵبگرێتو رابکاتو بەرەو شوێنێکی نادیار هەنگاو بنێت. بەدەم رێ بڕینەوە هەر دەیڕشتو دەیپێوا. لەبەر خۆیەوە دەیووت دەبێ بۆ کوێ بچم کە هیچ کەس نەتوانێت بە ئاسانی بمدۆزێتەوە؟ گەلێ شوێنو جێگای خستە پێشی چاوی خۆی , بەڵام لە هەمووی پاشگەز دەبووەوەو دەیووت لەو شوێنانەدا دەستی ماڵەوەم پێدەگاتو دەمدۆزنەوە. چەند کۆڵانێکی بڕیو ئاگای لەبەری پێی خۆی نەمابوو. دڵو دەروونی دەکوڵانو هاتبوونە جۆش. قوڵپی گریان گەرووی گرتبوو. گەر پێی عەیبو نەنگی نەبووایە بەدەم رێ بڕینەوە بە دەنگێکی بەرزەوە دەگریاو دەکڕووزایەوە. چەند کۆڵانێکی باریکی تریشی بڕیو لە گەڕەکەکەی خۆیان دوور کەوتەوە. گەیشتە گەڕەکێکی خواروو کە کەس نەیدەناسیو ئەمیش کەسی لەوێدا نەدەناسی. لە بەردەم تەکیەو ماڵی شێخ ئەوڵای شێخ عابید هەڵوێستەیەکی کرد. کاتی خۆی بە منداڵی دایکی یەك دوو جارێك بە نەخۆشی هێنابوویە لای شێخ ئەوڵا , ئەویش بە مەبەستی دوعا خوێندن بەسەریدا بە نیازی چاك بوونەوەی. شێخ ئەوڵایش هەموو جارێك دەیووت گوایە ئەم کوڕە ئەوانگەلی جنۆکەی نەحلەتی دەستیان لێ وەشاندووەو ترساوە. ئەوسایش شێخ ئەوڵا لوولەیەکی درێژی دەهێنا , سەرێکی لە بنی گوێی ئەمدا جێگیر دەکرد ئەوسەری لوولەکەیشی دەگرت بە دەمیەوەو دەکەوتە دوعا خوێندن , بە چپە گوێی پڕ دەکرد لەویرد خوێندن. لە پاشاندا شێخ ئەوڵا دەیووت گوایە جنۆکەی ئەوانگەلی نەحلەتیی لە منداڵەکە دوورخستۆتەوەو هەر ئێستایش منداڵەکە چاك دەبێتەوە..! دایکیشی دەستی بۆ گیرفانی خۆی درێژ دەکردو روبعە دینارێکی دەخستە مشتی شێخەوەوە بە

هەڵەداوان بە خۆیو منالەکەی باوەشیو عەبا رەشەکەی سەریەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵ..

کاروان بۆ ماوەیەك لەبەردەرکی تەکیەدا راوەستاو لە دڵی خۆیەوە وتی وەها چاکە خۆم بکەم بەم تەکیەیەداو , بە شێخ بڵێم گوایە بۆ خوێندنو بەردەستیت هاتووم. کاتی خۆیشی چەند تووڵازو هەرزەکارێکی بینی بوو کە لە تەکیەی شێخدا بەردەستییان دەکردو لە هەمان کاتیشدا دەیانخوێند. بەڕای خۆی ئەم شوێنە لە هەموو شوێنێك لەبارتر بوو , لە لایەکەوە دەیخوێندو لە لایەکی تریشەوە کەس نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە , بەو جۆرەیش بە ئاسانی دەستی کەسی پێنەدەگەیشت. خۆی کرد بە دەرگای تەکیەدا. لەبەر هەیوانی تەکیەدا چاوی بە شێخ کەوت کە بە دارێکی ئەستوورەوە کەوتبووە گیانی کابرایەکی شێواوەوە کە دیار بوو شێت بوو. کابرای بەستزمانیان لەسەر پشت راکشاندبوو , دەروێش قەمبەریش بە توندی سەری کابرای گرتبوو. شێخیش بە هەموو هێزو تووانای خۆیەوە کابرای دارکاری دەکردو پێی دەوت:

- ناوی جنۆکەکانم پێ بڵێ.؟

کابرایش لە تاو گیانی خۆی هەر هاواری دەکرد:

- رەحم.. رەحم..

دەروێش قەمبەر رووی گەشەوە بوو , بە شێخی وت:

- بە قسەکەی دیارە جنۆکەکانی مێشکی ناویان رەحمە.

شێخیش سەرزەنشتی دەروێشەکەی کردو وتی:

- هەی بێ مێشك ناوی جنۆکە چۆن رەحم دەبێت کە بە مانای بەزەیی دێت.؟ جنۆکە دوو جۆرن کە جۆرێکیان کافرنو ئەوی تریان موسڵمانن. جنۆکەی سەری شێتەکان لە دەستەی کافرەکاننو رەحمیان نییە..!



کاروان لە حەوشەی تەکیەوە وەك تەزووی کارەبا گرتبێتی بە پێوە رەق هەلگەڕابوو , بەڵام ناچاری پاڵی پێوە نابوو پەنا بەرێتە بەر ئەم تەکیەیەو هەر لە تاوی خەمو خەفەت هەڵاتبوو , کەچی لێرەدا زیاتر خەفەتخانبوو. لە دڵەوە بەزەیی بە کابرای شێتدا هاتەوەو بەڕادەیەك خۆی لەبیر چووەوە. وەها دیار بوو لێدانو دارکاریەکانی شێخ بێ سوود بوون , بۆیە لە ئاکامدا وازی لێهێناو دەستبەرداری کابرای شێت بوو. دەروێش قەمبەر دەستی شێتەکەی بە زنجیر بەستەوەو بە پاڵ دایە پێشی خۆی. لە نێو حەوشەی تەکیەدا چەند ژوورێکی بچووك هەبوون بۆ زیندان کردنی کەسانی شێت. کابرای شێت خرایە یەکێك لەو ژوورانەوەو دەرگای لەسەر داخرا. لە پەنجەرەیەکی گەورەی ژوورەکەوە سەری قژنو شێواوی کابرای شێت دەرکەوت. بە تەنیشتی ئەو ژوورەوە ژوورێکی بچووکی تر هەبوو کە لە پەنجەرەکەیەوە ئافرەتێکی شێت دیار بوو کە لە ترسا چاوی چوو بوو بە مۆڵەقداو , بە سەرسامیەوە بە سەرەتاتکێ تەماشای شێخو حەوشەو بەری هەیوانی تەکیەکەی دەکرد. شێخ ئارەقەی دادابوو بە هەناسە برکێ هاتە نێو حەوشی تەکیەو دارەکەی دەستی بە تووڕەییەوە تووڕهەڵداو روویکردەلای کاروانو لێی پرسی:

- چیت دەوێت وا لێرەدا وەکو مقەبا وەستاویت؟

- یا شێخی بەڕێز. من هاتووم بۆ ئێرە تاوەکو بەردەستی بەڕێزت بکەمو لە پاڵیشەوە بخوێنم.

شێخ بە بیستنی ئەو قسانەی کاروان رەنگو رووی گەشایەوەو قسەکانی بەدڵ بوو. بۆیە رەزامەندیی خۆی دەربڕیو وتی:

- هیوادارم کەسێکی ساڵحت لێدەرچێت کە لە رێی راستو دروست لانەدەیت.

- هەرچییەك بڵێیت قسەت لەسەر سەرم.

- لە ئەمڕۆوە تۆ لێرەدایت.

دەروێش قەمبەر گوێی شل کردبوو دەیویست بزانێت شێخ چی دەڵێت. رەنگو رووی هەڵبزرِکابوو , وەها دەردەکەوت کە لە دڵەوە حەزی نەدەکرد لە خۆی زیاتر کەسێکی تر بێت بۆ تەکیە. ماڵی شێخ بە تەنیشتی تەکیەکەوە بوو. دەرگایەك هەبوو لە نێوان تەکیەو ماڵی شێخدا. بە هەنگاوی کورت شێخ لە دەرگاکە چوو بەودیودا بۆ ماڵی خۆیان. ئەوسا دەروێش قەمبەر لە کاروان نزیك بووەوەو پێی وت:

- کورە ئیشت چییە لەم شێتخانەیەدا؟ برِۆ زوو خۆت دەرباز بکە , ئەگینا تۆیش وەك ئەو کابرا کلۆڵە شێتگیر دەبیت.!

- گوایە منێکی عاقڵو سەنگین بۆچی شێت دەبم؟

- دەزانی چۆن شێت دەبیت؟

- نەخێر نازانم.!

- ئا.. زۆر چاکە با من تێتبگەیەنم کە ماوەیەکی زۆرە لێرەدا کار دەکەمو یارمەتیی شێخ دەدەم. پاش ئەوەی شێخ دارکاریی شێتەکان دەکات، ئەوانیش ناچار دەبن ناوی جنۆکەکانی سەریان ئاشکەرا بکەن. ئەوسایش شێخ ناوی ئەو جنۆکانە لەسەر کاخەزێك دەنووسێتو ئاگریان تێبەر دەداتو جنۆکەکانیش بە پەلە هەڵدێن. دەووترێت گوایە هەرچەند شێخ لە شێتەکان بداتو جنۆکەکان لە مێشکی شێتەکان دوور بخاتەوە , ئەوا جنۆکەکان دوور ناکەونەوەو یا دەچنە مێشکی کەسانی نزیکی وەکو منو تۆوە کە لێرەداین , یاخود خۆیان دەکوتنە مێشکی کورِو کچی شێخەوە , بۆیە زۆرجار دەبینیت منالی شێخەکان کەسانی ئاسایی نین..

کاروان سوور بوو لەسەر مانەوەی لە تەکیەداو سەری بۆ دەروێش قەمبەر راوەشاند وەکو ئەوەی بە قسەی نەکات. دەروێش کە لاوێکی بەخۆو لەشو لار پرِ بوو چاوەکانی بە فرِو فێڵ دەبریسکانەوە. پرچێکی درێژی لە ژێر کلاوە گەورەکەیەوە لوول دابوو. گەر لە ترسی شێخ نەبوایە ئەوا دەیگرت بە



پەلی کارونداو لە دەرگای تەکیە فرِێی دەدایە ئەودیوەوە. بەڵام لە ترسی شێخ نەیدەوێرا بەو کارە هەڵسێت , بۆیە دانی بە خۆیدا گرت. کابرای شێت لە ژوورەوە هەر هاتو هاواری بوو دەنگی زرِەی زنجیریشی دەهات. ئافرەتە شێتەکەیش بێ وچان دەیووت:

- دەرمبکەن.. دەرمبکەن..

کاروان ئەو رۆژەی لەوێدا بردەسەر , شەویش هەر لەوێدا لە سەربانی تەکیەدا جێی راخستو خەوت.

کاروان ڕۆژی دووەمی بوو کە لە تەکیەدابوو. سێ ژەم دەروێش قەمبەر بەسەر سینیەکەوە لە ماڵی شێخەوە نانو شۆربای , بۆ هەردووکیانو بۆ پیاوو ژنە بەندکراوەکەیش دەهێنا. بەو هاوینە گەرمە ئەو ژنو پیاوە هەریەکەیان لە ژووری داخراوی خۆیاندا دەخەوتن. لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەیان دەکردو بە تووڕەییەوە دەیانڕووانیە هەموو لایەك. شێخ بە دەروێش قەمبەری وتبوو کاروان فێری خوێندن بکات , بەڵام چونکی کاروان لە قوتابخانە خوێندبووی , بۆی دەرکەوت ئەو دەروێشە خوێندەواریی نییەو هەڕی لە بڕی ناکاتەوە. بۆیە کاروان خۆی لێ دوور خستەوەو نەیدەویست لێی نزیك بێتەوە. لە لایەکی تریشەوە لە نێو چاوە بێ ئارامەکانیدا فڕو فێڵی دەخوێندەوە. ئەوەی بووە مایەی تەسەللای کاروان , ئەوەبوو عەمبەری کچی شێخ کە تازە هەڵدەچوو لە دەرگاکەوە بە تیلەی چاوی تەماشای ئەمدیوی دەکردو چاوی دەبڕیە کاروان. ئەمەیش یەکەم تاقیکردنەوەی کاروان بوو لە ژیانیدا کە کیژێك تەماحی بکاتو بیداتە بەر نیگای چاو. زۆر لە ژیانی تەکیە بێزار بوو , بەڵام تێڕوانینی عەمبەر جۆرە سەبوورییەکی پێدەبەخشیو فێنکایی بە ناخیدا دەهێنا.

پێش وەختی نیوەڕۆ شێخ هاتە نێو حەوشەی تەکیەوەو , بە پەنجەی ئیشارەتی بۆ کاروان کردو بانگی کردو پێی وت:

- دەچیت بۆ ماڵی ئەم کابرا شێتە بەندکراوە کە ناوی حەسەنە. بە ماڵیان دەڵێیت دوو بەتانیی بۆ بنێرنو هەر خۆیشت لەگەڵ دەستی خۆتدا دەیانهێنیت.

- یا شێخ ماڵیان لە کوێیە؟



- لەوسەری بازاڕی عاشورە بە تەنیشتی ئاوە خوڕ خوڕەکەی جۆگا سەر بەرەو خوارەکە. لەوێدا سۆراخی ماڵیان بکەو یەکسەر ماڵەکەیانت پیشان دەدەن.

کاروان بە پێی ڕێنماییو راسپاردەی شێخ کۆڵانە تەنگەبەرەکانی خستە ژێر پێ. توانیی بە پرسین ماڵی کابرای شێت بدۆزێتەوە. لە دەرگای داو لێیان کردەوەو چووە نێو حەوشەی ماڵەکەوە. تەماشای کرد لەبەر هەیوانی ماڵەکەدا فەرش راخراوەو چەند ژنێکی ڕەش پۆشو کابرایەکی ئەفەندی دانیشتوون کە کەسو کاری کابرای شێت بوون. کاروان قسەکانی شێخی پێیان راگەیاند. ئەوانیش داوایان لێکرد لەسەر کورسیەکی شلۆق بەرامبەریان دابنیشێ تاوەکو دوو بەتانی لوول دەدەنو دەیدەن بە دەستیەوە. گوێی پێوەبوو کابرای ئەفەندی بە تووڕەییەوە بە ژنەکانی دەوت:

- ئێوە شێتن نەوەك حەسەن. بۆچی ئەو کوڕەتان بەو دەردە بردووە.!؟

دایکی حەسەن کەوتە کڕووزانەوەو وتی:

- بەخوا شتەکە لە دەسەڵاتو لە ژێر رکێفی مندا نەبوو , ئەگینا نەمدەهێشت کار بگاتە ئەم بارودۆخە.

کابراکە جارێکی تر دەنگی لێهەڵبڕیو وتی:

- تۆ دایکی کوڕەیتو خۆت باش دەزانیت دەردی کوڕەکەت چییە.!

- باش دەزانم کە کوڕەکەم شێت نییەو سەودا سەرەو دڵی بەو کچەوەیە کە نامەوێت ناوی بهێنم.

- گەر ئەو کچەی بە نسیب بێت , ئەوا هەموو شتێك لەسەری دەپەڕێو رزگاری دەبێت.

- ئای چاوی دایکی کوێر بێت , وەك ئەو کوڕە نازدارەم ئاوەهای بەسەرهات.

- ئێستایش من وەکو ئامۆزایەکی ئەو بەدبەختە کە بڕبڕەی پشتین , هەقی خۆمە داکۆکی لێبکەمو ڕێگە چارەیەکی بۆ بدۆزینەوەو لەو میحنەتەی رزگار بکەین.

- عەباسە فەنی قوربانی چاوت بم تۆ چاو ساخمانیتو خوێندەواریت , وەها باشە ڕێیەکمان پیشان بدەیت تاوەکو ئەو کوڕە داماوەی من رزگار بکەین.

- ئەمەی کوڕەکەت دەردە خۆشەویستیو دڵدارییە نەك شێتی.

- ئێمەیش باش چووینەتە بنجو بنەوانەی مەسەلەکەو بە باشی دەرکی پێدەکەین.

- ئەگەر کوڕەکەتان لە لای شێخ بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە ئەوا تیا دەچێت. شێخ هەر بە لیس دارکاری دەکاتو دەیکوژێت.

- دەك دەستی شکاوم بۆ ئەو کوڕە نازدارەم.

- بە قسەی من دەکەن بە زووترین کات کوڕەکەتان لە چنگی شێخ رزگار دەکەنو دەیبەن بۆ لای دوکتۆری دەروونی بۆ چارەسەرکردنی. ئەگەر بۆتانیش لووا ئەوا هەوڵبدەن ئەو کچەی بۆ داوا بکەن کە دڵی پێوەیەتی.

- جا عەباسە فەنی چۆن بتوانین لە دەستی شێخی دەربکەین؟

- زۆر ئاسانە. دەچینو دەڵێین یا شێخ کوڕەکەمان بدەوە دەست , بۆ ئەوەی بیبەین بۆ لای دوکتۆرو لە پاشاندا بۆتی بگێڕینەوەو بیدەینەوە دەستت. ئەوسایش کە دەرمانکرد چیتر نایگەڕێنینە دوواوە.

کاروان بە باشی گوێی بۆ قسەکانیان رادەدێراو یەکە بە یەکەی قسەکانیانی هەڵدەچنیەوە , تێدەگەیشت کەچی دەڵێنو مەبەستیان چییە. لە بانی کورسیەکەی خۆیدا دەیڕووانیە دەمو دووی نێوان دایکی حەسەنو ئەفەندیەکەی خزمیان. سێ کچی رەشپۆشی خەمباری تریش بە تەنیشتی ئافرەتەکەوە دانیشتبوونو ئۆقەرەیان لەبەر بڕابوو. خەمو خەفەتو پەژارە باڵی رەشی بەسەر بنەماڵەکەدا کێشابوو. کاروان لە ئاستی خۆیەوە لە ناخەوە بەشداریی خەمو خەفەتیانی کردو داخی بۆیان خوارد. بەبێ دەنگیو بەبێ جووڵە لە شوێنەکەی خۆیدا کەوتبووە چاوەڕوانی تاوەکو دوو بەتانیەکەی پێ بسپێرن. لە پاشاندا ئافرەتێکی باریكو درێژ لە یەکێك لە ژوورەکانەوە



دەرچوو کە بەتانیەکانی بە گوریس پێچابووەوە. هێنایو دای بە دەستی کاروانەوە. ئەمیش لێی وەرگرتو ماڵەکەی بەجێهێشت.

کاروان بە خۆیو بەتانیە پێچراوەکانەوە گەیشتە حەوشەی تەکیە. چاوی گێڕدا کەس لەوێدا نەبوو , ئەوسا بەتانیەکانی بە توندی هاویشتە سەر زەویەکە. عەمبەری تازە هەڵچوو کە دەمو چاوێکی سوورو سپیو قژێکی زەردی پێوەبوو , لە دەرگای نێوان تەکیەو ماڵی خۆیاندا دەرکەوت. دڵی کاروان کەوتە ترپەو رەنگی سوور هەڵگەڕا , کچەکە گڵاسێکی بە دەستەوە بوو بانگی کاروانی کردو وتی:

- وەرە ئەم گڵاسە بۆ خۆت ببەو بیخۆوە.

کاروان دەمی بەیەکا هاتو شەرم دایگرتو پرسیاری لە عەمبەر کردو وتی:

- ئەم گڵاسە چییە؟

- ئەمە شەکراوەو بۆ تۆم هێناوەو نۆشی بکە.

کاروان لێی وەرگرت. بە شپرزەییەوە گڵاسەکەی برد بۆ دەمیو شەکراوەکەی خواردەوە. ئەوسا گڵاسە بەتاڵەکەی دایەوە دەستی. گوێی پێوەبوو دەنگی ئافرەتێك لە ژوورەوە بەرز بووەوەو بانگی کچەکەی کرد. ئەویش بەپەلە بە پشتا رۆیشتو بەر دەرگاکەی بەجێ هێشت.

لەو دیوی دەرگاوە دەنگی کۆکە کۆکێك بەرز بووەوە , کاروان دەنگەکەی ناسیەوە کە هی شێخ بوو. بۆیە خۆی گورج کردەوە بۆ پێشوازیکردن لە شێخ. شێخ خۆیکرد بە حەوشەی تەکیەداو روخساری لە ژێر تیشکی خۆرەتاوەکەدا دەرکەوت. باڵایەکی بەرزو پێستەیەکی سوورو سپیی هەبوو. ریشی ماشو برنج بوو. چاوە کزەکانی لە ژێر چاویلکەکانیەوە کز دیاربوون. مێزەرێکی سەوزیشی بەسەرەوە پێچابوو. لە بەردەمی دەرگای حەوشەی تەکیەدا بە گەورەیی ناوی لە ژێر چەند ئایەتێکدا نوسرابوو.

شێخ بە چاوە کزەکانیەوە لە کاروان ورد بووەوە , لە پاشاندا ڕۆیشت لە ژێر سێبەری بەر هەیوانەکەدا دانیشتو بانگی کاروانی کرد , ئەمیش بە دەنگی داواکارییەکەیەوە چوو لە بەردەم شێخ بە پێوە وەستا. ئەوسا شێخ دەستی کرد بە پرسیارو وتی:

- پێم بڵێ تۆ کوڕی کێیتو ماڵتان لە کوێیە؟

کاروان هەندێك دەمی باداو , ئەوسا بۆ ئەوەی ئاشکەرا نەبێتو لە لایەن ماڵەوەیان نەدۆزرێتەوە بە درۆ وەڵامی شێخی داوەو وتی:

- ماڵی ئێمە لەم شارەدا نییە , بۆ خوێندنو فەقێیەتی ڕوومکردۆتە ئەم شارەو ئێستا لێرەدا گیرساومەتەوە.

شێخ سەری باداو هاتە قسەو وتی:

- موەفەقیتو خوا دەست بە باڵتەوە بگرێتو هەردەم پایەدار بیتو کەسێکی خێرخوازت لێدەرچێت.

- ڕێزت هەیە یا شێخ.

- نازانم تا چەندێك لێرەدا خۆت پێڕادەگیرێو دەمێنیتەوە.؟ پێش هاتنت لاوێکی لە تۆ بە تەمەنتری خەڵکی ئەوسەرە نزیکەی چوار ساڵ لەم تەکیەیەدا مایەوە. لە پڕ لێمان دابڕاو بە جێی هێشتینو ئیتر نەمانزانی ئاو بردی یاخود زەوی قووتی دا.!؟ بۆیە حەز ناکەم تۆیش وەك ئەو لێرە دابڕێیتو خۆت لێمان بشاریتەوە. ئێمە لێرەدا پێویستیمان بە یەکێکی وەکو تۆ دەبێت کە بەردەستیمان بکاتو نەختێك یارمەتیمان بدات.

- هەوڵدەدەم زۆر بمێنمەوە.

- گەر لێرەدا بمێنیتەوە ئەجرو بەرەکەتێکی زۆرت بەر دەکەوێتو , لە بەڵاو موسیبەتی دونیایش بە دوور دەبیت. ئێمەیش دوعای خێرت بۆ دەکەینو کەمتەرخەمیت لەگەڵدا ناکەین.



شێخ لە قسەکانی بووەوەو تەماشای دەرگا گەورەکەی کرد کە کەسێك خۆیکرد بە حەوشەکەدا. کاروانیش ڕووی خۆی بەلای دەرگاکەدا وەرچەرخاند , یەکسەر کەسەکەی ناسیەوە کە ئەو ئەفەندییە بوو لە ماڵی حەسەنە شێتدا دانیشتبوو , بۆ ژنەکان قسەی دەکردو ڕێیانی پیشان دەدا سەبارەت بە دەرکردنی حەسەن لە تەکیەی شێخدا. کاروان لە دڵەوە بە خۆی پێکەنی کە درۆی لەگەڵ شێخدا کردو وتی گوایە نامۆیەو بۆ خوێندن هاتووەو خەڵکی ئەم شارە نییە.! لە ماڵی حەسەنیش گوێی لە دەمو دووی کابرای ئەفەندی بوو , زانیی ئێستا ئەمیش درۆ لەگەڵ شێخدا دەکات , ئەویش لە پێناوی دەرکردنی یەکجارەکی حەسەن لە تەکیەکەدا.! سەڵاوی کردو شێخ لە بەردەمی هەڵساو لە ژێر چاویلکەکانیەوە لە میوانەکە ورد بووەوەو لە پاشاندا تووانیی بیناسێتەوە. کابرا بە گەرمی لەگەڵ شێخدا تەوقەی کردو بە تەنیشتی یەکترەوە لەبەر هەیوانی تەکیەکەدا دانیشتن. ئەوسا شێخ بە پێکەنینەوە بۆ میوانەکەی دوواو وتی:

- عەباسە فەنی لەوەتەی دامەزراویتو بوویتە بە فەرمانبەر کەس ناناسیتەوە.؟

- یا شێخ ئێمە هەرگیز ئێوە لە یاد ناکەین , بەڵکو هەردەم بە شکۆمەندییەوە تەماشای ئێوە دەکەین.

- باوکت بە ڕەحمەت بێت لەگەڵ مردووی حازریدا , کابرایەکی دڵسۆزو موریدێکی بە وەفای تەکیەکەمان بوو , ئومێدەوارم تۆیش جێنشینی ئەو بیتو ڕێچکەکەی بەرنەدەیتو سەردانیمان بکەیت.

- دڵنیابە یا شێخ منیش هەر خۆم بە مەحسوبی ئێوە دەزانمو دەستبەردارتان نابم.

شێخ ڕووی دەمی کردە کاروانو پێی وت:

- ڕۆڵە گیان بڕۆ سینیەك چایمان لەودیو لە ماڵەوە بۆ بێنە.

کاروان ئەو داواکارییەی زۆر پێ خۆش بوو , چونکی دەرفەتێکی باش‌و لەبار بوو بۆ ئەوەی چاوی بە عەمبەر بکەوێت. لە دەرگاکە چووە نێو حەوشەی ماڵی شێخەوەو هاواری کرد:

- عەمبەر... عەمبەر.

عەمبەر بە راکردن هاتە حەوشەو بەرەو پیری کاروان چوو پرسیی:

- ها بڵێ.. چیت دەوێت؟

- باوکت میوانی هاتووەو داوای ریزێك چای دەکات.

- لێرە بووەستەو قۆریەکە لەسەر ئاگرەو هەر ئێستا سینیەك چایت بۆ دێنم.

چاوەڕوانییەکەی کاروان زۆری نەکێشا , عەمبەر سینیەك چایەی بەرەو لای کاروان هێنا. ئەمیش دووای ئەوەی چاوی بڕیە نێو چاوی کچەکە , سینیەکەی لێوەرگرت‌و گەیاندییە لای شێخ‌و ئەفەندییەکەی میوانی. دوو پیاڵە چایی خستە پێش هەردووکیان‌و سینیەکەی گێڕایەوە بۆ لای خۆی.

شێخ وتی:

- کوڕم چایەکەی تری سەر سینیەکە بۆ خۆت بخۆوە.

بەدەم چایخواردنەوە بەردەوام ئەفەندیەکە تەماشای حەسەنی ئامۆزای دەکرد کە لە ژوورەوە خۆیدابوو بەسەر پەنجەرە گەورەکەداو نیوەقەدی بە بانەوە دیاربوو. هەردوو دەستیشی بە زنجیر بەسترابووەوەو جاروباریش بە چەند وشەیەکی پچڕ پچڕی بێ مانا دەنگی لێهەڵدەبڕی. بە تەنیشتی ژوورەکەیەوە ئافرەتەکەیش وەك حەسەن نیوەقەدی خۆی لەو دیوەوە دابوو بەسەر شیشی پەنجەرە گەورەکەی ژوورەکەدا , بە چاوە گەشە جوانە بێ ئارامەکانیەوە تەماشای شێخ‌و میوانەکەی دەکرد. شێخ‌و میوانەکەی کەوتبوونە قسەکردن. میوانەکە لە بارەی حەسەنی ئامۆزایەوە دوواو شێخیش پرسیاری لێ کردو وتی:

- ئێ باشە ئێستا مەبەستت چییەو دەتەوێت چی بڵێیت.؟



- بە کورتیەکەی دەمەوێت ئەگەر ئیزن بفەرموون , حەسەن لەگەڵ خۆمدا بەرم بۆ شوشتنی‌و لە پاشاندا پیشانی دکتۆرێکیشی بدەم. بەڵێنت دەدەمێ کە پاش بانگی مەغریب بۆتی بگێڕمە دوواوە.

میوانەکە لە قسەکانی گەیشتە ئەم شوێنەو , کاروانیش لەئاستی خۆیەوە حەزی دەکرد بداتە قاقای پێکەنین , چونکی پێشتر لێی بیستبوو کە دەیویست درۆ لەگەڵ شێخدا بکات‌و هەڵی بخەڵەتێنێت‌و حەسەن لە ژێر چنگیدا دەربهێنێت.! دەروێش قەمبەر لە دەرگای حەوشەوە هاتە ژوورەوە. شێخ رووی دەمی ئاراستەی دەروێشەکە کردو پێی وت:

- حەسەن لە ژوورەکەی دەربکەو زنجیری دەستیش بکەوەو بیدە بە دەستی عەباس ئەفەندیی ئامۆزایەوە. کاروان تۆیش برۆ یارمەتییان بدە.

عەباس ئەفەندی‌و دەروێش‌و کاروان هەرسێکیان هاوکارییان کرد. تووانیان حەسەن لە ژوورەکەی دەربکەن‌و ئەوسایش زنجیر لە دەستی بکەنەوە. عەباس ئەفەندی لە پاش هەمووی خوا حافیزی لە شێخ کردو حەسەنی ئامۆزای دایە پێشی خۆی. ئەویش بە ملکەچی کەوتە پێشی‌و رۆیشتن.

## - ٢٣ -

لە ژێر سێبەری دوو دار تووە زەبەلاحەکەی پشتی کەپرەکەدا وەسمان‌و ئازاد بە جووتە دانیشتبوون. بەردەوام بوون لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە پێشتر دەستیان پێوەدابوو. بە درێژایی چەند رۆژێك بوو وەسمان بە لێشاو قسە لە دەمی دەردەچوو , سەرجەمی رابوردووی ژیانی خۆی یەکالا دەکردەوەو تێکڕای بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ ئازادی تازە هەڵچوو هەڵدەڕشت , ئەویش پەیتا پەیتا بە گەرم‌و گوڕییەوە هەموو قسەکانی وەسمانی لە نێو دەفتەردا بە قەڵەمەکەی تۆمار دەکرد. لاوەکە گەلێك نهێنیی لە دەمی وەسمان بیست کە نە خۆی پێشترو نە کەسی تریش بە هیچ شێوازێك نەیانبیستبوو ئاگاداریشیان لە بارەیەوە نەبوو. ژیانی رابوردووی وەسمان بە رادەیەکی زۆر ئازادی سەرسام کردبوو. بە راستگۆییەوە وەسمان بێ وەستان دەدوواو ئازادیش قەڵەمی دەستی دەخستە کارو بێ زیادو کەم تۆماریانی دەکرد. هەر لە سەرەتاوە ئازاد گفتی بە وەسمان دابوو هەرگیز پەردە لەسەر نهێنیەکانی ژیانی وەسمان هەڵنەماڵێت‌و بۆ کەسیش ئەو لایەنە شاردراوانە باس نەکات.

لە ژێر سایەی دار توودا دەستبەکاربوون‌و بەردەوام بوون لەسەر بردنە پێشەوەی ئەو پرۆژەیەی کە نەخشەیان بۆ کێشابو. عەبەی باخەوانیش لەوسەرەوە لە نێو باخەکەدا خەریکی بێڵکاری‌و ئەم دیوو ئەودیو کردنی خاك‌و خۆڵی نێو باخەکە بوو. خۆرەتاوەکەیش دەیکێشا بەسەرو گوێلاکیداو ئارەقەی بە روومەتی رەش‌و لاملی تۆخیدا دەچۆڕاندەوە. ئەم دووانەیش لە شوێنەکەی خۆیانەوە جاروبار تەماشای ئەو کابرا زەحمەتکێشە باخەوانەیان دەکردو دڵیان پێدەسووتا. پاش بێ دەنگیەك وەسمان وتی:

- وەك بزانم زۆر شتم بۆت گێڕایەوە , بڕووا ناکەم کەلەبەرێکی تاریك لە ژیانمدا مابێت کە بۆتم رووناك نەکردبێتەوە. بە دەنگی داواکاریەکتەوە



هاتم‌و چیت ویست بۆتم باس کرد , پەردەم لەسەر زۆرێك لە نهێنیەکانی ژیانی خۆم هەڵدایەوە.

- مایەی سوپاسیت‌و ماندوو بوونیشت لەگەڵمدا جێی رێزو حورمەتمە.

- خاوەنی قسەی خۆتبەو هیچ قسەیەك لە قسەکانمان لەملاو لەولادا نەدۆڕێنیت.. ئەگەر هەر کەین‌و بەینێکی ناو خۆمان لەلای خەڵکیدا ئاشکەرا بکەیت , ئەوا دڵنیابە کە گێژەنگێکی کوشندە بۆمن پەیدا دەکەیت‌و ژیانم دەخەیتە مەترسیەوە.!

- پێویستە لە دڵەڕاوکێ‌و راڕایی خۆت بە دوور بگریت.

- منیش هەر لەوە زیاترم لێت ناوێت.

وەسمان هەڵسایە سەرپێ‌و بە دەوروبەری خۆیدا چاوی گێڕا. لە پاشاندا پرسیاری لە ئازاد کردو وتی:

- پێم بڵێ ئایا گەر ئاگادار بیت کاروان دۆزرایەو یاخود هێشتا هەر بێ سەرو شوێنە؟

- بۆ چەند رۆژ دەچێت کاروان ماڵی خۆیانی بەجێ هێشتووەو بێ سەرو سۆراخە , کەس نازانێت بەرەو کوێ هەڵاتووە! شوێن نەماوە بە دوویدا نەگەڕێن , بەڵام هەموو گەڕان‌و پشکنینێکیان بێ هوودەو بێ سوود بوو.

- ئەی گوایە داخۆ دەبێت چی بەسەر هاتبێت؟

- هیچ کەس نازانێت لە کوێیەو کەسیش لە دوورو لە نزیك چاویان پێ نەکەوتووە. دایکە بەستزمانەکەی بەڕادەیەکی زۆر شێواوەو سەری دنیای لێ هاتۆتەوە یەك. خۆی خەفەتی زۆر بوو ئەمەیش سەرباری هەمووی.

- تۆ ماتۆڕسکیلت هەیە , وەها پێویستی دەکرد تۆیش بکەوتیتایە خۆت‌و سۆراخیت بکردایە.

- لە راستیدا منیان راسپاردو دەستم نەنا بە روویاندا , بە سواری ماتۆڕسکیلەکەم بۆ چەند ماڵێکی دووری خزمیان رۆیشتم , بەڵام نەمتووانی بیدۆزمەوەو بۆیانی بگێڕمەوە.

- لەوانەیە بۆ شوێنێکی دوور یاخود بۆ شارێکی تر چووبێت.!

- مەگەر هەر خوا بزانێت بۆ کوێ سەری خۆی هەڵگرتووە.!

قسەکانیان درێژەی کێشاو هەر ئەوەندەیان زانی لە دوورەوە ئافرەتێك کە چەند منداڵێکی وردیلە بە دووایدا کەوتبوون , لە پردە بچووکەکەی جۆگەلەکەی بەر ماڵانی ئەوسەری باخەکە بە دەنگە دەنگو هاتو هاوار نێو باخەکەوە. بە پێوە وەستانو تەماشای ئەو کەسانەیانکرد. ئافرەتەکەیان دایە بەرنیگاو ناسیانەوە کە سارای دایکی کاروانەو بە هەڵەداوان رێ دەبڕێتو چەند منداڵە وردکەیەکیش بە هەڵبەزو دابەز بەدووی کەوتوون. ئافرەتەکە بەسەرو قژ شێواوی وەکو شێت بە نێو باخەکەدا بەرەو کەپرەکە هەنگاوی دەنا. جاروباریش لەبەر خۆیەوە بۆڵەیەکی دەکردو تاونەتاوێکیش سەری بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕیو دەپاڕایەوە. ئەمان لە جێی خۆیاندا هەقیاندا بەو ئافرەتە کە بەو جۆرە سەری لێ شێواوەو دنیای لەبەرچاو تاریك بووە , چونکی جگەرگۆشە تاقانەکەی بزر کردبوو. بۆ چەند رۆژیش دەچوو کە بەبێ سوود بەدووی کارواندا بە هەموو لایەکدا هەڵپەیان دەکردو دەگەڕان. گەیشتە ئاستی دارتووەکانو وەسمان کە بە جامانی دەمو رووی خۆی پێچایەوەو بە تەنیا چاوی بە دەرەوە بوو بە پەرۆشەوە پرسیاری لە سارا کردو پێی وت:

- کاروانتان هەر نەدۆزیەوە؟

سارا بە تووڕەییەوە هات بە گژی وەسمانداو پێی وت:

- تۆ هەقی کوڕی منت نەبێت.

- ئەی گوایە برازای من نییە؟



- بەس بە تەنیا چەند رۆژێکە برازای تۆیە , بەڵام ساڵەهای ساڵە نەتناسیوەو برازای تۆیش نەبووە.! ئەوەتا ئێستایش لە شەرمدا روخساری خۆت شاردۆتەوە..

وەسمان دەرکی بە رادەی تووڕەبوونی سارا کرد , بۆیە بێ دەنگ راوەستاو فزەی لە خۆی بڕی. زۆری پێنەچوو ئازاد هەڵی دایەوەو بە سارای وت:

- ئێستا مەبەستتە لەم چۆڵەوانیو نێو خڕی خاسەیەدا ئەوەیە تاکو بۆی بگەڕێیت؟

- بەڵێ لەم چۆڵەوانیە بەولاوە شوێنێکی تر نەماوە بە دوویدا نەگەڕێین.

- ئەگەر لێرەدا بووایە ئێمە دەماندۆزییەوە.

- ئێستا بە تەنیا یەك شوێن ماوە بچین بۆیو بکەوینە پشکنینو گەڕان.

- ئەو شوێنە کوێیە؟

- ماڵی ئەو قەرەجانەی ئەوبەرەوەیە. خەڵکی دەڵێن گوایە هەردەم قەرەج کوڕو کچی هەرزەکار دەرفێننو دەیانکەن بە منداڵی خۆیان. منیش لە مەخفەری پۆلیسەکان شکاتم کردووەو گازندەم لە دەستی ئەو قەرەجانە بەرز کردۆتەوە. بە دووری نازانم ئەوان ئەو کوڕەی منیان دزی بێت.

- دەشێت ئەم قسەیە دروست بێتو لەوانەیشە وەها نەبێت..

- بەدووری نازانم تەماحیان خستبێتە بەریو کچێکی خۆیانیان بەو کوڕەی من دابێت , بەو شێوەیەیش دڵیان نەرم کردبێتو لە لای خۆیان گلیان دابێتەوە..

ئەم قسانە وەکو ئاسنی رەق دایان بە گوێی وەسمانداو نیگەرانیان کرد. ویستی بەرپەرچی بۆچوونەکانی سارا بداتەوەو بە روویدا بتەقێتەوەو , بڵێت نەخێر کار بەو شێوەیە نییەو هەرگیز قەرەجەکان توخنی کاروان نەکەوتوون. ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت ئەوا لە نزیکەوە قەرەجەکانی ناسیوەو دەزانێت کە ئەم قسەو قسەلۆکانە بە تەنیا

پڕوپاگەندەو بانگەواشەنو بە ناهەق بۆ قەرەجەكان هەڵدەبەسترێن. لە سەرەتادا وەسمان ویستی دەمی خۆی بکاتەوەو بۆ سارا قسە بکاتو هەندێك راستیی بۆ روون بکاتەوە , بەڵام هەستی بە شەرمەزاری کردو قسەکانی خۆی قووت دایەوەو ورتەی نەکرد. سڵی لەوە دەکردەوە نەوەك سارا بە توندو تیژییەوە بەرپەرچی قسەکانی بداتەوەو بە قسەی رەق وەڵامی بداتەوە. ئازاد بە پەرۆشەوە پرسیاری لە سارا کردو پێی وت:

- کەی شکاتت کردووەو چۆنیش پۆلیس بە هاناتەوە دێنو پرسو رات بۆ دەکەن!؟

- چووم بۆ مەخفەرەکەو هەموو شتێکم تێگەیاندنو ئەوانیش لە قسەکانم لاری نەبوون. وتیان گوایە هەر ئێستا پیکابێك پۆلیس رەوانەی خێوەتگاکەیان دەکەن , تاوەکو هەموو کونو کەلەبەری شوێنەکەیان بپشکنن.

- ئەی تۆ بۆچی هاتوویت؟

- ئێستا دەکەومە رێو لە چاوەڕوانی پۆلیسەکاندا دەبم تاوەکو دەگەنە جێ. منیش لەگەڵیاندا دەکەومە گەڕانو پشکنین. شوێن نەماوە نەگەڕێین بە دووای کارواندا بە تەنیا هەر ماڵی قەرەجەکان بە دەستەوە ماوە کە سەری پێدابکەینو بۆی بگەڕێین. بەشکوم خوای کردو لەوێدا بەدەستمان هێناو دۆزیمانەوە.

سارا قسەی دەکردو کۆمەڵێك منالّ لە کچو لە کوڕ کۆمەڵەیان بەستبوو , بە دەوروبەری سارادا دەسووڕانەوەو هەر ملە قوتێیان بوو. منالّەکان مەسەلەکەیان وەکو یاریکردن وەرگرتبوو نەك وەکو کێشەیەکی چارەنووسی. سارا لە قسەکانی بووەوەو بۆ نێو خڕی خاسە شۆڕ بووە خوارەوە. ریزە منالّەکەیش بە زاقو زیق بە دووی کەوتبوون.

سارا بە پەشۆکاوی و شپرزەییەوە خڕی خاسەی بڕیو کەوتە تەختاییەکەی کەناری ئەوبەری خاسەوە. زۆری نەمابوو بگاتە رەشماڵەکان لە پڕ پیکابە



پۆلیسەکانیش گەیشتنە تەنیشتی ماڵە قەرەجەکان. سارا بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە پۆلیسەکان کە لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی بوون. ئەو پۆلیسانەی کە بە لای ساراوە ناسراو بوون بە تەنیا بلەی پۆلیس بوو , ئیتر ئەو سێ پۆلیسەکەی تری نەدەناسیەوە. رووی دەمی کردە بلەی پۆلیسو پێی وت:

- کاکە بلە توخوا بکەوە خۆتو چاکی مەردایەتیی لێ هەڵماڵەو ئەو کوڕەم بۆ بدۆزەوە گەر لێرەدایە.؟

- بەسەر چاو بە باشی دەکەوینە گەڕانو پشکنینو درێخی ناکەین.

باسو هەواڵی هاتنی پۆلیسەکانیان گەیاندبوو بە شاخانی سەرکردەی هۆبەی قەرەجەکان. ئەویش لەگەڵ چوار زەلامی قەرەجدا بەرەو پیری پۆلیسەکان هاتو کەوتە پرسیار کردن لێیانو وتی:

- ئەگەر میوانن بەخێرهاتنتان لێدەکەمو پێتان دەڵێم فەرموون ئێرە بە ماڵی خۆتان بزانن.؟

بلەی پۆلیس نەختێك رووی خۆی گرژ کردو وتی:

- تۆ کێیت؟

- من سەرکردەی ئەم رەشو رووتانەم.

- کوڕی ئەم ئافرەتەی تەنیشتمان کە ناوی کاروانە , بۆ ماوەی سێ رۆژ دەچێت ون بووەو هیچ ئەسەرێکی نییە.

- ئێ باشە ئێستا نیازی چیتان هەیەو دەتەوێت چی بکەیت.؟ ئەگەر هەر یارمەتیەکیشتان لە ئێمە بووێت ئەوا کەمتەرخەمی ناکەینو دەستی یارمەتیتان بۆ درێژ دەکەین.

- ئەوەی راستی بێت ئێمە بڕیارمانداوە ماڵەکانی ئێوە بپشکنینو بەدووی ئەو کوڕەدا بگەڕێین.

شاخان رەنگو رووی هەڵبزڕکاو لە قسەکانی بلەی پۆلیس دەهری بوو. بۆیە بە تووڕەییەوە هاتە قسەو وتی:

- گەر دەتانەوێت بگەڕین ئەوا ئێمە مانعمان نییەو ڕێگریتان لێناکەین. بەڵام ئەم بۆچوونەی ئێوە سەبارەت بە ناو زڕاندنو لەکەدار کردنی ئێمە گوایە مناڵی خەڵکی دەدزینو دەرفێنین لە ڕاستیەوە دوورن. بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم ئێمە پێمان شەرمە بەو جۆرە کارانە هەڵبستین. ئێمەی داماوو کلۆڵ لەملا بۆ ئەولا بێ وچان دەسووڕێینەوە , بەڵام بە ڕەفتاری نامەردانە هەڵناستینو دزی ناکەین.

- ئێمە لەسەرمانە ڕەشماڵەکانتان بگەڕێینو هیچی تر.

- بڕۆن بە ئارەزووی خۆتان دارو بەردی بدەن بە ملی یەکتڕداو بگەڕێن. بەڵام ئەوەی ئێوەی بە دوویدا وێڵن لەلای ئێمەدا نادۆزرێتەوە.

بلەی پۆلیسو سێ پۆلیسەکەی ترو ساراو مناڵە وردکەکان هەموو بە نێو ماڵی قەرەجەکاندا بڵاوەیان لێکرد , هەریەکەو لە ئاستی خۆیەوە کەوتبوونە گەڕانو پشکنین. بۆ ماوەیەکی زۆر نێو هەموو ڕەشماڵەکان گەڕان. تەنانەت کورتانی کەرەکانیشیان ئەم دیوو ئەودیو کرد. جلو بەرگو باوەڵو پێخەفەکانیشیان دا بە ملی یەکتڕداو بە وردی هەموو کونجو کەلەبەرێکی ماڵی قەرەجەکان گەڕان. بۆ ماوەیەکی زۆر بەو شێوەیە کەوتنە گەڕانو پشکنینو بەڕادەیەکی زۆر قەرەجەکانیان وەڕسو بێزار کرد. لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە هەوڵو تەقەللایان بێ هوودە دەرچووە. ئەوسا سارا لەگەڵ فرمێسك ڕشتندا نك نائومێد خۆی بینیەوە. پۆلیسەکانیش بە هیوا بڕاویەوە پاشەکشەیان لێکردو سواری پیکابەکەیان بوونو ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت. سارایش گەڕایە دوواوەو ریزە مناڵەکەیش بە هەڵبەزو دابەز لە پشتیەوە ڕێگایان دەبڕی.

پاش گەڕانەوەی ساراو ڕۆیشتنی ئۆتۆمبیلی پۆلیسەکان. وەسمان بە سواری ئەسپە سپی خۆی گەیاندە ڕەشماڵەکان. هەر لەو کاتی دەمەو عەسرەدا بوو شەمەنەفەرەکەیش بەودیوی ڕەشماڵەکانەوە , بەسەر هێڵە ئاسنەکەیەوە بە



شووت لێدانو چکە چك لە هەولێر دەگەڕایەوەو بەرەو وێستگای بۆ نێو شار بەرەو خوار ملی دەنا. وەسمان لە ئەسپەکەی دابەزیو یەکسەر ڕوویکردە ماڵی مەنیج. بینیی مەنیجو دایکی سەرقاڵی کۆکردنەوەو ڕێکخستنی نێو ڕەشماڵەکەیانن , ئەویش پاش ئەوەی کە پۆلیسەکان هەموو شتو مەکی نێو ماڵەکەیان دابوو بەملیەکداو تێكو مەکانیان دابوو. وەسمان ویستی قسەیان لەگەڵدا بکات , بەڵام ئەوان ئەوەندە داخ لە دڵو خەفەتخان بوون , بۆیە بە ئاسانی نەیاندەتووانی قسە لەگەڵ میوانەکەیاندا بکەنو لەگەڵیدا دەست بە قسەو گفتو گۆ بکەن. بە ڕوویەکی گرژەوە ئەمسەرو ئەوسەریان دەکردو نێو ماڵەکەیان گرد دەکردەوەو دەیانخستنەوە جێی خۆیان. وەسمان هەستی بە پەشۆکاویی ماڵی مەنیج کردو ڕوویکردە لای ڕەشماڵەکەی شاخانو چاوی پێوە بوو لەگەڵ دوو پیاوی قەرەجی تردا لە بارەی شاڵاوی پۆلیسەکانەوە دەدووا. هەر لە دوورەوە نیشانەی نیگەرانیو ئاڵۆزی بە ڕوخساریەوە دیار بوو. وەسمان لێیان نزیك بووەوەو پێی وت:

- منیش وەکو ئێوە ئەم هەڵمەتی گەڕانو پشکنینەی پۆلیسەکانم بەدڵ نەبوو. گەر دەستم بڕۆیشتایە نەمدەهێشت بەو کارە هەڵبستن. لەگەڵ دایکی کوڕە بزرەکەیشدا هەوڵمداو ویستم پاشگەزی بکەمەوە , بەڵام بێ سوود بوو بە هیچ شێوەیەك گوێ بیستم نەبوو.

شاخان دەستی بە ریشی خۆیدا هێناو بە دەنگێکی گڕ وەڵامی داوەو وتی:

- ئەم خەڵکە بە خراپ لە ئێمە تێگەیشتوونو وەها دەزانن گوایە ئێمە دزو جەردەین , بەڵام وەك خۆت باش دەزانیت ئێمە پیشەی تایبەتیی خۆمان هەیەو کە لە پاڵیدا گوزەران دەکەین. میللەتەکەم هەردەم دەستبەکارنو بێژنگو یەڵەگ تیرۆكو کاسەو کەویلو کەوشو پێداویستیەکانی نێو ماڵان دروست دەکەنو , بە نێو کۆڵانو گەڕەکەکاندا دەسووڕێنەوەو دەیانفرۆشن , بەو شێوەیەش ژیانی خۆیان دابین دەکەن.

- تکایە شاخان دلگیرو زویر مەبە.
- جا گەر زویر بم چیم دەسەلاتە.؟
- دەلێم خۆت نەخۆشیتو وەها چاکە خۆت سەخلەت نەکەیت.
- ئەمە یەکەمجارمان نییە کە رووبەڕووی ئەم پێشهاتە ببینەوە , بەلکو بە درێژایی رەوتو کۆچمان چەندین جار تووشی کێشمان کێشو دەردەسەری دەبینەوە. بە کورتیەکەی لەسەر ئەم جۆرە بگرەوبەردەیەدا راهاتووین.
- ئەگەر ئاگاداربیت ژیانی منیش هەر بریتی بووە لە کۆچو کۆچباریو هەروەکو رەوەندو قەرەج بە سەرەڕۆییو سەرگەردانی ژیانی تالو سوێرم بردۆتە سەر.
خۆری دەمەو عەسر لەسەرخۆ بەرەو ئاسۆی رۆژئاوا شۆڕدەبووە خوارەوە. وەسمان بە سواری ئەسپەکەی رێی بڕیو گەڕایەوە بۆ لای کەپرەکە.





سەرلەبەیانی کاروان لە سەربانی تەکیە لە خەو راپەڕی. جێگاوبانەکەی لە قوژبنێکی سەربانەکەدا گرمۆلە کردو بە پێپلیکانەکاندا دابەزیە نێو حەوشەی تەکیە. دەرگای مالی شێخ کرایەوەو عەمبەر خۆی پیشانی کاروان داو لەگەلیدا دوواو وتی:
- بەیانیت باش.. دەزانم برسیتەو هەر ئێستا قاوەلتیت بۆ دەهێنم.
کاروان بە زەردەخەنەیەك پێشوازیی لە عەمبەر کردو موچوڕکی خۆشی بە سەرتاپا لەشیدا رابورد. پێش ئەوەی بێتە قسەو دەمی بکاتەوە , عەمبەر لەو دیوەوە خۆی لە چاو بزرکردو رۆیشت. ئەمیش بەرەو بۆڕیی ئاوەکە چوو. بە سابوونو ئاو دەمو چاوی خۆی شوشت. پاش ماوەیەك عەمبەر بە سینیەکەوە دەرکەوت. کاروان لێی وەرگرتو بۆی کەوتە خەندە. سینیەکەی لەبەر هەیوانی تەکیەدا لە پێشی خۆی دانا. دوو نانو قاپێك ماستو کوپێك چای بەسەر سینیەکەوە بوو. سەری هەلبڕیو نیگای بە ژنە شێتەکەوە لکا , کە لە پشتی پەنجەرەکەوە بە زەبوونیو کەساسیەوە تەماشای ئەمی دەکرد. ئەمیش لە دلەوە خەمی زۆری بۆ خوارد. کەوتە قاوەلتی کردن. نانێکی بە ماستو چایەوە خوارد. لە ناخەوە دەرکی بەوە کرد کە ئەو ئافرەتە برسییەتی. نیوەی چایەکەیو هەندێك ماستو یەك نانی بەجێ هێشتبووەوە. سینیەکەی هەلگرتو گەیاندیە لای پەنجەرەکەو بۆ ئافرەتەکەی درێژ کرد. ئەویش بە پەرۆشەوە لە کەلێنی شیشی پەنجەرەکانەوە لێی وەرگرت. گەرچی دەستی ئافرەتەکە بە زنجیر بەسترابووەوە , بەلام زنجیرەکە درێژبوو بوواری دەست جوولانەوەی دەدا. لەپاشاندا لەودیو پەنجەرەکەوە دەبینرا کە بەسەر زەویەکەوە دانیشتبوو نانی دەخوارد. لەملاوەیش ژووری حەسەن چۆل بوو. ئامۆزاکەی دابوویە پێشی

خۆیو بردبوویو شێخی هەڵخەڵەتاندبوو گوایە بۆ شەوێ حەسەن دەگێڕێتە دوواوە بۆ تەکیە. کاروان هەر زووبەزوویی زانیی ئەو کابرا ئەفەندییە درۆ لەتەك شێخدا دەکاتو چیتر حەسەن ناگێڕێتە دوواوە بۆ تەکیە.

ئەو سەرلەبەیانیە لە کاروانو ئافرەتە بەند کراوەکە بەولاوە کەسی تر لەوێدا نەبوو. کاروان گەرچی ماڵی بەجێ هێشتبوو , بەڵام سەبووریی بە دیتنی عەمبەر دەهاتەوەو بینینی ئەو کیژە فێنکایی دەخستە دڵیەوە. لە لایەکی تریشەوە تاو نەتاوێك دڵەڕاوکێو ڕاڕایی دایدەگرت , دەیزانی کە لە ماڵەوەیاندا نائارامنو نازانن کوڕەکەیان بەرەو کوێ سەری خۆی هەڵگرتووە.!

کاروان لەم بەراوردکاریەدا بوو لە دڵی خۆیداو بیرو مێشکی بێ پەروا بەملاو بەولادا دەهاتو دەچوو. چاوی هەڵبڕیو تەماشایکرد کابرایەکی پیری کەنەفت بە گۆچانێکەوە لە کۆڵانەوە خۆیکرد بە حەوشەدا. بە لەرزە لەرزو کوترە کوتر هەنگاوی کورتی دەنا. بەسەرە لەرزێ لە کاروانی پرسی:

- ئەرێ دەروێش قەمبەر لێرەدا نییە؟

- نەخێر ئەمڕۆ ڕۆیشتووەو دیار نییە.

بە بیستنی ئەو وەڵامە کابرای پیرە خۆشی دایگرتو ڕوویکردە هەیوانەکەو دانیشتو بە دەنگێکی لەرزۆك وتی:

- یاخوا قەمبەر بەر بەدوواوە نەکاتو نەگەڕێتە دوواوە.!

کاروان لە قسەکانی پیرەمێردەکە سەری سوڕماو لێی پرسی:

- مامە گیان بۆچی ئاوەها قینت لە دەروێش قەمبەرە.؟

پیرەمێردەکە ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

- بە درێژایی چل ساڵ خزمەتی شێخو ئەم تەکیەو بانەم بە ئەمەکداریەوە کرد. بێ وچان دەستی ڕاستەی شێخ بوومو هەردەم بە دێوانە ڕەحمانی ئازا بانگی دەکردم. ئەوەتا ئێستایش پیرو کەنەفتو عەمەلمەندەمو لێرەدا دەرکراوم.



- گوایە بۆچی دەرکراویت؟

- چونکی پەکم کەوتووەو ئیشم پێناکرێت. وەکو بارگیری پیری عەرەبانەی پەککەوتە بەڕەڵا کراوم.

- کێ دەرت دەکات؟

- دەروێش قەمبەر هەموو جارێك دەستم دەگرێتو وەکو پەڕۆی پیس فڕێم دەداتە دەرەوەو پێم دەڵێت پیری دەردەدار چیتر لێرەدا جێت نابێتەوە..
منیش نازانم ڕوو لە کوێ بنێمو سەری خۆم بۆ کوێ هەڵبگرم.؟

- بۆچی ناچیتە نێو ماڵو کەسو کاری خۆت؟

- ئەی قوڕ بەسەرم. جاوەرە ئەم کوڕە هەرزەکارە تێبگەیەنم.! کوڕی خۆم من خەڵکی ئەودیومو بۆ چل ساڵ دەچێت لێرەدا لەم تەکیەیەدا گیرساومەتەوەو بێ کەسو بێ ماڵو بێ منداڵو بێ دەرەتانم.

لە پڕ دەروێش قەمبەر هاتە نێو حەوشەی تەکیەوەو پیرەمێردەکەی بینی. بە تووڕەییەوە بەرەو لای چوو پێی وت:

- هەی پیری ئاخر شەڕ نەمووت جارێکی تر نەگەڕێیتەوە! داخۆ چی تۆی گەڕاندەوە بۆ ئێرە.؟ هەڵسەو ملت بشکێنەو لەبەرچاوم بزربە.

کابرای پیرە دەستی بە پاڕانەوە کردو بە دەنگی لەرزۆك کرووزایەوەو وتی:

- خوا ڕەحمو بەزەییت لە دڵ بنێتو وازم لێ بهێنەو دەرمەمەکە.

- ئەم قسانە بە گوێمدا ناچنو هەڵسەو بڕۆ.

- جا کوڕی خۆم کوێم هەیەو بۆ کوێ بچم؟

- بڕۆ بۆ گۆڕستانو قەبرێك بۆ خۆت هەڵکەنەو بچۆ ناوی.

- بۆ چل ساڵی ڕەبەق دەچێت لەم تەکیەو بانەدا خزمەتکاری دەکەم. ئێستایش پیر بوومەو تۆیش بەم ئاسانیە دەرمدەکەیت , بەڵام باش بزانە تۆیش کە پیرو کەنەفتو دەستە پاچە بوویت , ئەوا کەسێکی گەنجی وەکو خۆت لێ پەیدا دەبێتو تۆیش دەردەکات..

دەروێش قەمبەر شاڵاوی بردەسەر پیرەمێردەکەی دایە بەرپاڵو لە دەرگا دەریکردە دەرەوە. پیرەمێردەکە زۆری کردو کۆشا بۆ ئەوەی دەرنەکرێت , بەڵام هەموو هەوڵو تەقەللای بە فیڕۆ چوو. دەروێش قەمبەر بە زۆری زۆردارەکی دەریکردو لە پاشیەوە دەرگاکەی داخست. ئەوسا بە شانازییەوە گەڕایە دوواوە هەر وەکو ئەوەی بە کارێکی جوامێرانە هەڵسابێت.. کاروان بە چاوی پڕ لە رقو کینەوە روانیە دەروێشەکە , بەڵام دەسەڵاتی نەبوو داکۆکی لەو پیرەمێردە سەر لێ شێواوە بکات.

لە دەرگا دراو کاروان دەرگای کردەوەو کوڕێکی لاوی باڵا بەرزی قۆز هاتە ژوورەوە. کیسەیەکی بچووکی بە هەردوو دەستی هەلگرتبوو. دەروێش قەمبەر لە لاوەکە نزیك بووەوەو لێی پرسی:

- بۆچی هاتوویتو چیت دەوێت؟

- من ئامۆزای یاسەمینم کە شێت بووەو لێرەدا شێخ لەلای خۆی گلی داوەتەوە تاوەکو چارەسەری بکات.

- شێخ منی راسپاردووە نەهێڵم کەس سەردانیی ئەو ئافرەتە شێتە بکاتو چاوی پێبکەوێت.

- ئەوەتا نەفەرێك نانو کەبابم بۆی کڕیوەو لەگەڵ خۆمدا بۆیم هێناوە. من وەکو ئامۆزای ئەو ئافرەتە دەمەوێت چاوم پێی بکەوێت.

- ئەگەر رێت پێبدەمو بچیت بۆلای ئەوا شێخ لێم تووڕە دەبێت , بەڵام نانو کەبابەکەم بدەرێو من دەیدەم بەو ئافرەتە.

لاوەکە کیسەکەی دا بە دەستی دەروێشەکەوەو چەند هەنگاوێك بەرەو پێشەوە چوو. ئافرەتەکە لە پەنجەرەکەوە بە چاوە گەشە جوانەکانیەوە تەماشای لاوەکەی کردو دەمی کردەوەو دەیویست لەوێوە قسە بکات. کوڕە لاوەکەیش بەردەوام چاوی بڕیبووە ئافرەتەکەو بە پەرۆشەوە تەماشای دەکرد. بێ وچان تەکانی بە خۆی دەدا تاوەکو لە ئافرەتەکە نزیك ببێتەوە ,



بەڵام دەروێش قەمبەر پاڵی پێوە دەناو دووری دەخستەوە. لاوەکە زۆری کردو کۆشاو هەوڵیدا لە پێناوی ئەوەیدا بەرگری لە خۆی بکاتو خۆی لە ئافرەتەکە نزیك بکاتەوە , بەڵام دەروێش بوواری نەداو بەردەوام هەوڵی دوورخستنەوەی دەدا. دەروێش کیسە بچووکەکەی لە لاوەکە وەرگرتبوو بە دەستیەوەی گرتبوو , لە هەمان کاتیشدا لە هەوڵو تەقەللادا بوو تاوەکو لاوەکە وەدەرنێتو نەهێڵێت توخنی ئافرەتەکە بکەوێت. کاروانیش بە واق وڕمانەوە تەماشای ئەو بگرەو بەردەیەی دەکردو سەری لەو کارە دەرنەدەچوو. پاش ئەوەی لاوەکە دەرکرا , ئەوسا دەروێش قەمبەر بەوپەڕی خۆشیەوە کیسەکەی بردو لەبەر هەیوانەکە لێی دانیشتو ناوەخنەکەی دەرهێنا , کە بریتی بوو لە نانو کەبابو تەماتەو سەوزی. لە بەردەمی خۆیی داناو دەستی بە خواردنی کرد. بەلابەلایو ساردیەکەوە داوای لە کاروان کرد کە لە تەکیدا نانو کەباب بخوات , بەڵام کاروان پیشی خواردبووەو رقی لە ئەتواری ناقۆڵای دەروێش هەڵسابوو , بۆیە وەڵامی نەداوەو بەشداریی لە خواردنی نانو کەباب نەکرد. کاروان لە دڵەوە تووڕەبوونی هەر لە زیاد بووندا بوو , لە ناخەوە هەڵچوو بوو نەیشی دەتووانی بچێت بە گژی دەروێشداو , پێی بڵێت بۆچی ئەو نانو کەبابەی کە بۆ ئەو ئافرەتە هاتووە تۆ زەقنەبووتی دەکەیت هەی نەگریسی بەد رەوشتی بەدفەڕ..!؟ دڵو دەروونی دەکوڵاو سەرەڕای هەموویشی دەستەوەستان تەماشای دەکردو هیچی پێ نەدەکرا. پاش ئەوەی دەروێش لە خواردنەکەی بووەوە , بە دەنگێکی بەرز قڕقێنەیەکی قێزەوەنی دایەوە کە ئەو نێوەندەی هێنایەوە یەك.

پاش ماوەیەك کەسێکی تر خۆی کرد بە حەوشی تەکیەدا. کاروان لەو کەسە ورد بووەوە کە کابرایەکی عەریفی سێ خەتی باڵا کورتی چاو کزی پڕو پووشاویی بێ نموودی ناقۆڵاو ناشیرین بوو. جلو بەرگێکی سەربازیی فلتو

گەورەی پەرپووتی لەبەردابوو. بە شەپڕەوی‌و ناڕێکی هەنگاوی دەنا. سەفەر تاسیەکی بەدەستەوە گرتبوو. سەلاوی کردو لە دەروێش نزیك بووەوەو پێی وت:

- دەروێش هاتووم‌و بەم سەفەرتاسیە خۆراکم بۆ یاسەمینی ژنم هێناوە.

دەروێش رێگری لە کابرا نەکردو پێی وت:

- بڕۆ لە پەنجەرەکەوە بیدە دەستی‌و لەگەڵیشیدا قسەو گفت‌و گۆی خۆت بە ئارەزووی دڵ لەگەڵدا بکە.

بە دەنگێکی بەرزو بە گاڵتەوە پێکەنی‌و درێژەی بەقسەکانی داو وتی:

- عەریف عوسمان هەی پاڵەوانی مەزن نەکەیت دەست بۆ ژنەکەت درێژ بکەیت.!

- دەست درێژ کردنی چی‌و ژن‌و مێردایەتیی چی.!؟ ئەم ژنەی من لە بەشەرییەت کەوتووەو مەگەر هەر خوا خۆی رەحمی پێبکات.

عەریف عوسمانی مێردی یاسەمین لە بەردەم پەنجەرە گەورە بێ جامەکە وەستاو سەفەرتاسیەکەی دا بەدەستی ژنەکەیەوە , ئەویش بە ساردییەوە لێی وەرگرت. بۆ ماوەیەك بە دەنگی نزم ژن‌و مێرد پێکەوە قسەیان کرد. قسەکانیان بریتی بوو لە دەم‌و دووی بێ سەرو شوێن. ژنەکەی قسەی پچڕ پچڕی دەکرد کە مێردەکەی لێی تێنەدەگەیشت. پاش تاوێك وەستان کابرا خۆی لە پەنجەرەکە دوور خستەوەو بە بێ دەنگی لە دەرگای حەوشە دەرچووە دەرەوە. کاروان پرسیاری ئاراستەی دەروێش قەمبەر کردو وتی:

- تۆ بۆچی رێگات بە کوڕە لاوەکەی ئامۆزای ئافرەتەکە نەدا تاکو چاوی پێبکەوێت؟ لە کاتێکدا بووارت بە مێردەکەی دا چاوی بە ژنەکەی بکەوێت.!؟

بە بیستنی قسەکانی کاروان , دەروێش قەمبەر بە دەنگێکی زل دایە پێکەنین‌و لە پاشاندا وتی:

- تۆ مناڵێت‌و هێشتا بە تەواوەتی سەرت لەم دنیایە دەرناچێت!



- مەبەستت چییە..!؟

- مەبەستم ئەوەیە کە من هەندێك نهێنیم لە لایەن خەڵکی گەڕەکەوە پێگەیشتووە. بە ملی گوتیار دەڵێن گوایە ئەو کوڕە گەنجەی کە نان‌و کەبابەکەی هێنابوو ئامۆزای ئەم ژنە نییە. بەڵکو دۆستیەتی‌و حەزیان لە یەکتری کردووە. ئێستایش بە نیازی خراپ هاتبوو , بۆیە رێم بۆی چۆڵ نەکرد چاوی پێبکەوێت.!

- ئەی گوایە ئەم عەریفە مێردی ئەم ژنە نییە؟

- مێردیەتی بەڵام دڵی بە مێردەکەی داناکەوێت‌و حەزی لەو لاوە قۆزە کردووە کە دەرمکرد. منیش باش دەزانم دۆستی یەکترن بۆیە سیکترم کردو دەرمکردە دەرەوە.

ئاگر لە چاوی کاروان دەباری‌و بە مۆنیەوە تەماشای دەروێشی دەکردو گوێی لە قسەکانی دەگرت. جارێکی تریش دەروێش هەڵی دایەو درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

- ئەم ژنەیش هەروەکو حەسەن سەوداسەرەو لە تاوی دڵداری‌و خۆشەویستی شێتگیر بووە. دەردی دڵی داویە لە مێشکی‌و عەقڵی شێواندووە. ئەوانەی کە شێت دەبن‌و روو دەکەنە تەکیە بۆ چاکبوونەوە , بە زۆری یا گەنج‌و لاوی عاشق‌و ئەویندارن , یاخود زەلامی نەبوون‌و نەداران کە لەبەر دەستکورتی‌و قەرزاری‌و خەم‌و خەفەتی دنیا شێت‌و وێت دەبن‌و عەقڵی خۆیان لە دەست دەدەن..

## - ٢٥ -

نیوەڕۆ دەروێش قەمبەر بەسەر سینیەکەوە شۆربای لە ماڵی شێخەوە بۆ خۆیو کاروان هێنا. دەروێش قەمبەر چونکی پێشتر نانو کەبابی خواردبوو , بۆیە بە ئاستەم دەستی بۆ خۆراکەکە بردو کەمێکی لێ خوارد. کاروانیش لەبەر ئەوەی رقو کینەی لە دەروێش هەڵسابوو , ئەویش ئەوەندە پەرۆشی خواردن نەبوو، بۆیە کەمێکی خواردو لە پاشاندا سینیەکەی هەڵگرتو چووە نێو حەوشەی ماڵی شێخو بانگی عەمبەری کرد , زۆری پێنەچوو کیژەکە بەرەو پیری هاتو سینیەکەی لێ وەرگرتو پێی وت:

- نەختێکی دیکە چایەیشتان بۆ ئامادە دەکەم.

کاروان گەڕایە دوواوەو بە زۆر خۆی پێڕادەگیراو بێ وچان بە نێو حەوشەکەدا هەر ماخۆلانی بوو ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد. لە ناخەوە پیشی دەخواردەوەو رقو کینەی لە دەروێش هەر بەرەو هەڵکشان دەچوو. بەڵام بینینی عەمبەر هێوری دەکردەوەو دەیهێنایەوە سەرخۆی. عەمبەر بە خۆیو سینیەکەی دەستیەوە دەرکەوت. کاروان بە زەوقو شەوقەوە بەرەو رووی چوو. بەڕوویدا پێکەنیو سینیەکەی لێوەرگرت. عەمبەریش لە ئاستی خۆیەوە بە بزەیەك وەڵامی داوە. هەردووکیان مێشکی یەکتریان بە ئاسانی دەخوێندەوەو نێو دڵی خۆیان بە بزەو پێکەنین بۆ یەکتری یەکالا دەکرد. سێ کوپ چای بەسەر سینیەکەوە بوو. کاروان کوپێکی بۆ خۆی گل دایەوەو ئەوی تری دا بە دەستی دەروێشەوەو , سێیەم کوپیشی لە پەنجەرەکەوە بۆ یاسەمین رەوانە کرد.

گەرمای پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە لە کێشدا نەبوو. تیشکی خۆرەتاوەکە دەیکێشا بە نێو حەوشی تەکیەداو , وەها دەهاتە پێش چاو گوایە داروبەرد دەتوێنێتەوە. کۆڵانو گەڕەك بێ دەنگو کشو مات بوو. خەڵکی هەموو لە



ماڵەکانی خۆیاندا لەو پاش نیوەڕۆ گەرمەدا چاویان گەرم کردبوو هەڵاژابوون. ماڵو منالی شێخیش هیچ دەنگو قڕەو بڕەیەکیان نەبوو , وەها دیاربوو ئەوانیش وەنەوزیان دابوو نیوەڕۆ خەویان دەکرد. یاسەمینیش لە ژوورە داخراوەکەی خۆیدا بەبێ دەنگی راکشابوو. بە تەنیا دەروێش قەمبەر هەر بەملاو بەولادا دەڕۆیشت , جاروباریش لە دەرگای دەرەوە تەماشایەکی کۆڵانە چۆڵەکەی دەکرد. کاروان جاروبار دەچووە سەر کوپە ئاوەکەی ژێر ئەو پێپلیکانەی کە بەرەو سەربان هەڵدەکشا. سەر قەپاخی کوپەکەی هەڵدەدایەو جامەکەی لە ئاو پڕ دەکردو دەیخواردەوە. ماندوێتی زۆری بۆ هێناو لە سێبەری بەر هەیوانەکەدا لێی راکشاو خەوی لێکەوت. لەو کاتەیدا کاروان خەو بردبوویەوە , دەروێش قەمبەر بە ئاسپایی بە کلیلەکەی دەستی ژووری یاسەمینی کردەوەو چووە ژوورەوە. ژنەکە لەسەر زەویەکە ڕاچەنیو لە جێیەکەی خۆیدا دانیشت. قژە رەشەکەی بە پەرشو بڵاوی کەوتبووە سەر شانو ملی گۆشتنی. لەشێکی خڕو پڕو جوانیشی هەبوو کە هەر کەسێك تەماشای بکردایە دەچووە دڵیەوە. بە چاوە رەشەکانیەوە تەماشای دەروێشی کرد , یەکسەر دڵی خەبەری پێداکە ئەو کابرا پرچنە نییەتێکی خراپو نیازێکی گڵاوی هەیە. هەروەك شێت نەك وەکو کەسێکی ئاسایی رووبەڕووی ئافرەتەکە دانیشتو چاوی بڕییە نێو چاوە گەشەکانی. ئافرەتەکە بە زنجیرێك هەردوو دەستی بەسترابووەوە , لەبەر ئەوەی زنجیرەکەی دەستی درێژبوو بۆیە دەیتووانی هەردوو دەستی بە ئاسانی ئیش پێبکاتو بیانجوولێنێتەوە. کابرای دەروێش سەری خۆی لە گەردنی نزیك کردەوە , ئەویش بەرەو پاش خۆی کشاندەوە. ئەمیش بۆنی گەردنی ئافرەتەکە چوو بە لووتداو زیاتر شانو ملو سەری خۆی بۆ پێشەوە برد. ئافرەتەکە هەردوو دەستی درێژ کردو پاڵێکی بە کابراوە نا. کابرایش باوەشی پێداکردو لەسەر زەویەکەی درێژ کرد. کڵاوە گەورەکەی سەری بەربووەوەو پرچە

لوولدراوەکەی کرایەوەو تێکەڵ بە پرچی ئافرەتەکە بوو. کەوتە ماچکردن‌و بۆنکردنی رووومەت‌و گەردنی ئارەقاویی ئافرەتەکە. ئەویش لە ژێرەوە هەر دەستە کوتیٚ‌و لەقە فڕکێی بوو. دەروێش دەیویست قەپ لە دەم‌و رووومەتی بگرێت‌و نەهێڵێت دەنگ دەربکات. ژنەکە بەدەستی زنجیرکراوی هەر لەدەست تێگرتندا بوو , هەوڵی دەدا کابرای دەروێش لە خۆی دوور بخاتەوە. کە زانیی بەدەست بەستراوی هیچی لەدەست نایەت‌و توواناى بەرگریکردنی لە خۆی نییە ئەوسا بە دەنگێکی بەرز کەوتە هاوارو قیژە. ئەمیش زیاتر قورسایی خۆی دەخستە سەر لەش‌و لارە نەرمە گۆشتنەکەی. دەنگی قیژەی ژنەکە زیادی کردو کابرایش دەستی دەخستە سەردەمی تاوەکو بیٚ دەنگی بکات‌و کەس گوێی لە دەنگی نەبێت. ئافرەتەکە خۆی رادەتەکاندو سەری بەملاو بەولادا دەبردو دەهێنا. کابرایش بیٚ وچان دەمی لە نێو دەمی گیر دەکردو نەرمە قەپی لە رووومەت‌و گەردنی دەگرت. بۆ چەند جارێکی تریش دەنگی قیژەو ناڵەی بەرز بووەوە. کاروان لە دەنگی هات‌و هاواری ژنەکە بە ئاگا هاتەوەو لە خەو راپەڕی. یەکسەر دڵی خەبەری دا کە خەریکە شتێك بقەومێت‌و دەروێشیش دەیەوێت گۆبەندێك بنێتەوە. بە پەلە پێڵاوەکانی لە پیٚ کردو بەرەو دەنگ‌و هەراکە رایکرد. تەماشای کرد لە ژوورەکەدا دەروێش بە هەموو قورسایی خۆیەوە خۆیداوەتە بانی ئافرەتەکەداو ئەویش لەسەر زەویەکە لەسەر گازەرەی پشتی راکشاوەو بە هەموو تووانای خۆیەوە بەرگری لە خۆی دەکات‌و دەیەوێت دەروێش لە خۆی دوور بخاتەوە. هەرکە کاروان چاوی بەم دیمەنە بێزەوەرە کەوت خوێن پەڕییە هەردوو چاوی , رق‌و کینەی دەرهەق بە دەروێش پەرەی سەند. بەبیٚ ئەوەی بە تەواوەتی ئاگای لە خۆی بێت پڕی کرد بە پارچە تابووگێکی بچووکدا کە لە بەردەم دەرگای ژوورەکە لەسەر زەویەکەدا داندرابوو. تابووگەکەی هەڵگرت‌و لە زەویەکەی بەرز کردەوەو لە پشتەوە بە توندی کێشای بە تەوقی سەری دەروێشدا. لە



ئاکامی ئەو لێدانەدا دەروێش لە پەل‌و پۆ کەوت. خوێن لە تەوقی سەریەوە فیشقەی کردو هەڵسایە سەرپیٚ‌و وازی لە ئافرەتەکە هێنا. ئافرەتەکەیش ترس پەڕیبووە چاوی‌و هەموو ئازای لەشی دەلەرزی. خوێن بە بالاٚی دەروێشدا هاتە خوارەوەو وەك دڕندە ویستی شالاٚو بەرێتە سەر کاروان. بەدووی کاروان کەوت بۆ نێو حەوشەی تەکیە. ئەمیش هێشتا تابووگەکەی فڕیٚ نەدابوو لە نێو دەستی راستەیدا بە توندی جێگیر ببوو. هەرکە زانیی دەروێش مەبەستیەتی پەلاماری بدات , بۆ جارێکی تر تابووگەکەی بە توندی هاویشت‌و کێشای بە ئەژنۆی راستەی دەروێشدا. دەروێش تووانای لەبەر بڕاو بە هەموو سەنگی خۆیەوە بە ناڵە ناڵ کەوتە سەر زەویەکە. دیاربوو ئازاری دەکێشاو لە نێو خوێنی خۆیدا دەگەوزا. کاروان لە دڵی خۆیەوە هەموو شتێکی نابوو بەلاوەوەو دەیووت هەرچی دەبێت بابێت. بە چاونەترسیەوە بەسەر دەروێشە راکشاوەکەوە تاوێك بە پێوە وەستا , ویستی بزانێت داخۆ ماوە یاخود مردووە.؟ بۆی روون بووەوە کە نەمردووەو بەڵکو لە ئاکامی لێدانەکە بڕستی لێبڕاوەو ناتووانێت هەڵسێتە سەرپیٚ. کاروان ئەم کەوتنەی دەروێشی بە هەل زانی‌و دەستی بۆ کلیلە کەوتووەکان درێژ کردو هەڵیانی گرتەوە. کلیلی دەست‌و پێوەندی یاسەمینی دۆزیەوەو تووانیی زنجیرەکەی لە دەست بکاتەوەو لەو کۆت‌و زنجیرەی سەرفرازو ئازاد بکات. بە توندی مەچەکی گرتو لەگەڵ خۆیدا بردی‌و بە جووتە گەیشتنە بەر دەرگای حەوشەی دەرەوە , کاروان تەماشایەکی پاشەوەی کردو دەروێشی بینی کە هەڵساوەتە سەرپیٚ‌و بە لەترە لەترو بە لەشی خوێناویەوە هەڕەشەی لێدەکات. هەردووکیان گەیشتنە نێو کۆڵانەکەو کاروان هاواریکرد بەسەر یاسەمینداو پێی وت:

- بڕۆ راکەو خۆت رزگار بکەو لەم نێوەندەدا مەمێنە.

ئەمەی وتو هەریەکەیان بەلایەکدا رایانکردو خۆیان دەرباز کرد. کاروان بە هەناسە برکێ هەنگاوی پەلەی دەناو جەستەی دەلەرزیو ئارەقەیەکی خەستیشی دادەدا , بە رادەیەك هەموو جلو بەرگەکەی تەڕببوو. لەوسەری کۆڵانەکەوە رووی خۆی بەرەو دووا وەچەرخاندو یاسەمینی نەکەوتە بەر چاو , زانیی کە بە پێ خاوسی تێی تەقاندووەو رۆیشتووە. هەر چۆنێك بوو خۆی گەیاندە سەر جادە قیرە سەرەکیەکە. مێشکی وررووژابوو نەیدەزانی رووی خۆی بەرەو کوێ ببات. هێشتا لە شەقامەکە نەپەڕیبووەوە تەماشای کرد لە خوارەوە ئازاد بە سواری ماتۆڕ سکیلەکەی بە جادەکەدا سەر بەرەو ژوور دەبێتەوە. کاتێك ئازاد چاوی پێکەوت تووشی سەرسامی بوو , پێی سەیروسەمەرە بوو بەو ئاسانییە ئەو کوڕە ونبووەی بێتە پێش چاو.! بەپەلە کەناری لای شۆستەکەی گرتو وەستا. بەردەوام بەسەرسوڕمانەوە دیقەتی کاروانی دەدا. کاروان لێی نزیك بووەوەو نەیهێشت دەمی هەڵبهێنێتو پرسیاری ئاراستە بکات یەکسەر بە پەلە وتی:

- تکایە لەگەڵ خۆتدا هەڵمبگرەو دوورم بخەرەوە.

لە دووای ئازادەوە خۆی قایم کردو پێکەوە سواری ماتۆڕسکیلەکە بوونو بە جادەکەدا سەر بەرەو ژوور بوونەوە. ئازاد توانیی قسە بکاتو بڵێت:

- تۆ ئەم چەند رۆژە لە کوێ بوویت!؟

- ماتۆڕەکەت لێخوڕەو ئێستا وەختی پرسو چەندو چۆن نییە.

- ئەی گوایە نازانیت ماڵەوەتان لەم چەند رۆژەدا دنیاو بنیات بۆ گەڕاونو هەموو نیگەرانو خامۆشن.!؟

- لە ماڵەوە دوور کەوتوومەتەوەو ئاگام لە هەموویان بڕاوەو نازانم چی دەکەنو چی ناکەن.

- وەها باشە ئێستا بتگەیەنمە ماڵی خۆتان.



- نەخێر نامەوێت بچمە ماڵی خۆمان , چونکی بە دووری نازانم پۆلیس بە دوومدا بگەڕێن.

- گوایە چیت کردووە یاخود چیت لێقەوماوە؟

- ئێستا وەختی ئەم کەینو بەینە نییە.

ئازاد ماتۆڕسکیلەکەی لێدەخوڕیو کاروانیش لە دووایەوە دانیشتبوو. بەردەوام وەکو کەسێکی نامۆ نەك وەك کەسێکی خەڵکی ئەو شوێنە تەماشای خەڵکەکەی سەر شۆستەکانی دەکرد. ئازاد بۆ جارێکی تریش پرسیاری لێکردو پێی وت:

- ئێستا ئەگەر دەتەوێت دەتبەم بۆ ماڵی خۆمان.؟

- سوپاست دەکەم دەمەوێت بمگەیەنیتە کەپرەکەی عەبەی باخەوان.

گەلێك پرسیار لە ناخی ئازادی ماتۆڕسکیل سوواردا پەنگیان خواردبووەوە. سەرەڕای هەمووی بەبێ دەنگی دەمی خۆی دادووریبوو. بە پێی داواکاریی کاروان رووی ماتۆڕەکەی کردە ئەو رێگایەی کە بەرەو باخەکان دەچوو. لە ئاستی ئەو پردەی کە جۆگەلە باریکەکەی دەبڕی ئازاد ماتۆڕەکەی وەستاند. کاروان دابەزیو پردەکەی بڕیو کەوتە نێو باخەکەوە. ئازاد بەسەر ماتۆڕەکەوە بە دەنگێکی بەرز پێی وت:

- تۆ خۆت بگەیەنە کەپرەکەو منیش ئێستا دەڕۆم بۆ ماڵی ئێوەو هەواڵی گەڕانەوەی تۆیان پێڕادەگەیەنم.

بە ماندوێتیو شەکەتیەکی زۆرەوە کاروان ڕێچکەڕێ باریکەکەی نێو باخەکەی بڕی. لە ناخەوە بە تەواوەتی هەڵچوو بوو. سەرتاپای لەشی داهێزرابوو , بە ئاسانیش گوێی لە ترپەی دڵی خۆی بوو. گەرچی بڕووای یەکجارەکی بە کردەوەکەی خۆی هەبوو , بەڵام لە هەمان کاتدا جۆرە ترسێك دایگرتبوو , تووشی دڵەڕاوکێ بوو سەبارەت بە ئایندەو ڕۆژانی داهاتووی. بە هەر حاڵێك بوو توانیی بگاتە ئاستی دوو دار تووەکەی پشتی کەپرەکە. بێ دەنگیی ئەو شوێنە زیاتر نیگەرانی کردو سەری لەو خامۆشیەی نێو باخەکەو ئەو دەوروبەرە دەرنەدەچوو. پێی خۆش بوو کەسێك لە پێشوازییدا بووایەو دڵنەوایی لێبکردایە. تینوێتی تەنگی پێ هەڵچنی بوو. بە پەلە ڕوویکردە لای کوپە ئاوەکەی ژێر دار تووەکان کە لە ژێرەوە تك تك ئاوی دەتکاندەوە بۆ سەر گژو گیا سەوزەکە. بە دەستێکی لەرزۆك جامەکەی هەڵگرتو لە ئاوی نێو کوپەکەی هەڵکێشتو لە پاشاندا بردی بۆ دەمیو تینوێتیی شکا. خۆی هاویشتە سەر سەوزە گیاکەی ژێر سێبەری دار تووەکانو بە تەنیشتی کوپە ئاوە ساردەکەوە خۆی بە پشتدا بردو لێی ڕاکشا. فێنکاییەك دەمارە گرژەکانی بووژاندەوەو تۆزێك هەستی بەحەسانەوەو دڵنەوایی کرد. شنە بایەك بەڕوویدا پژاو لە دڵەوە ئۆخەیەکی کرد. چاوی بڕییە گەڵا سەوزەکانی دارەکەی ژوور سەری کە نەرمە باکە خستبووییانیە جووڵە. ماندوێتی زۆری بۆ هێناو پێڵووی چاوەکانی وێکناو خەو بردییەوەو چووە جیهانێکی ترەوە.. خۆی بینیەوە کە سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ قوتابخانەو لە پۆلدا لەگەڵ برادەرەکانیدا دانیشتووە. مامۆستا قادریش بە جلو بەرگی ئەفەندیەوە تەباشیری بە دەستەوە گرتووەو لەسەر تەختە ڕەشەکە سروودی (ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان)ی نووسیوە.



ئەمیش لەگەڵ قوتابیەکانی پۆلدا بە یەك دەنگ لەگەڵ مامۆستاکەیاندا سروودەکەیان دەووتەوە. دەنگو ئاوازی سروودەکە هەموویانی تووشی جۆشو خرۆش کردبوو. مامۆستا قادریش بە میهرەبانیەوە بەشداریی وتنی سروودەکەی دەکرد. لە نێو پۆلەکەدا زیاتر لە هەموو کاتێك مامۆستا قادری چوو بە دڵاو خۆشی ویست.. لەو کاتەیدا لە سروودەکە بوونەوە زەنگی قوتابخانەکە لێدرا. مامۆستاو خوێندکاران لە پۆل دەرچوونە دەرەوەو دەنگی خڵبە خڵبی قوتابیە بزێوو چەتوونەکان بەرز بووەوەو گوێی ئەمیان پڕ کرد.. کاتێك کاروان چاوی هەڵهێناو خەبەری بووەوەو لە خەوەکەی بە ئاگا هاتەوە , تەماشایکرد دایکیو چەند مناڵێکی توولاز بەدیار سەریەوەن. ئەمیش وەکو شێت لە خەوەکەی ڕاپەڕیو هەڵسایە سەرپێ. فرمێسك لە چاوی دایکیدا زابوونو بەوپەڕی کەساسیەوە تەماشای کوڕە تاقانە جگەرگۆشەکەی دەکرد. باوەشی کرد بە کوڕەکەیداو بە توندی سەری گوشی بە سنگی خۆیەوە. فرمێسك تنۆك تنۆك لە چاوانی دابارینو سەری کوڕەکەیان تەڕکرد. کاروانیش لە ئاستی خۆیەوە حەزی دەکرد بداتە قوڵپی گریانو خۆیشی هۆن هۆن فرمێسك هەڵڕێژێت. مناڵەکانیش لە دەوروبەریاندا هەڵدەبەزینەوەو بە خۆشیەوە دەنگیان لێهەڵدەبڕی. ئەوانیش لە ئاستی خۆیانەوە بەشداریی خۆشیو شادیی ئافرەتەکەیان دەکرد سەبارەت بە دۆزینەوەی کوڕەکەی. تا ماوەیەك دایکەکە فرمێسکی بە خوڕ هەڵڕشتو سەری کوڕەکەی لە ئامێز گرت. لە پاشاندا بەریداو بە دەمی گریانو دەنگێکی پڕ لە گلەییەوە لە کوڕەکەی پرسی:

- کوڕی خۆم ماوەی ئەم چەند ڕۆژە لە کوێ بوویت؟ شوێن نەما بە دووتدا نەگەڕێین. هەموو ڕێگاو بانێکمان نایە ژێر پێو سۆراخی تۆمان کرد.!؟

شەرمەزاریو خەمو پەژارە دڵو دەروونی کوڕەکەیان تەنی بوو , بۆیە بەو ئاسانیە نەیدەتوانی بێتە گۆو هەموو ڕاستییەکیان بۆ بدرکێنێت.

لەم وتی واتو دەنگە دەنگەدا بوون بینیان عەبەی باخەوانیش لەو دیوی کەپرەکەوە کەوتبووە خۆیو هات بەسەردا. بە سەرسامیو بە هەڵەداوان لەو کاتەدا ئاگاداری پەیدابوونی کاروانو ئامادە بوونی دایکی ببوو. بەواق وڕمانەوە تەماشای کاروانی کرد کە لەگەڵ دایکیدا راوەستاوەو ماندوێتیو راڕاییش بە روخساریەوە دیارە. ئافرەتەکە دەستی کوڕەکەی راوەشاندو لێی پرسی:

- پێم بڵێ کوڕی خۆم لە کوێ بوویت؟

کوڕە دەمی دابوو بە یەکداو فزەی نەدەکرد. عەبەی باخەوانیش هانی کوڕەکەی دا کە قسە بکاتو پێی وت:

- وەڵامی دایکت بدەوە داخۆ بە درێژایی ئەم چەند رۆژەی پێشوو لە کوێ بوویتە.؟

وەسمان لە نێو کەپرەکەوە لە میانی کونێکی قەد دیوارەوە تەماشای قەرەباڵخیەکەی دەکردو گوێی بۆ قسەکانیان رادەدێرا ئافرەتەکە بە دەنگێکی پڕ لە گریانەوە بۆ جارێکی تریش پرسیارەکەی لە کوڕەکەی دووبارە کردەوەو پێی وت:

- کاروان گیان تکایە پێمان بڵێیت لە کوێ بوویتو ئێستایش لە کوێوە دێیتەوە؟ ئەوەتا هەموو خەڵکی ئاگادارن کە ئەمسەرو ئەوسەری دنیامان کردو بە دووتدا گەڕاین.!؟

کوڕەکە بە دەنگێکی نزم وتی:

- لە راستیدا زۆر دوور نەکەوتبوومەوە.

- ئەی گوایە کوڕی خۆم لە کوێ بوویت؟

- لە تەکیەی شێخ ئەولای شێخ عابید بووم لە گەڕەکی خوارەوە.

- لەوێ چیت دەکرد؟



- وتم وەها باشە بۆ ماوەیەك خۆم لە چاو بزر بکەمو نەهێڵم تۆ بڕۆیت بۆ لای خولەی باوکم لە لادێدا.

- مادامەکی تۆ حەزت بەو رۆیشتنەم نییە , منیش بڕیارمدا هەرگیز نەکەومە رێ بۆ لای باوکە مل شکاوەکەت.

- لە تەکیەی شێخ ئەولادا بوومو ئەوانیش ماڵیان ئاوا بێت زۆر بۆم باش بوونو منیان گرتە خۆیان. بەڵام رووداوێکی خراپم لە دەست قەوماوە.

پاش وتنی ئەم قسەیە , دایکی رەنگو رووی هەڵبزڕکاو دەمو چاوی شێواو بەپەلە پرسی:

- خوانەخواستە چیت لێ قەوماوە پێمان بڵێ.!؟

- ئەم پاش نیوەڕۆیە دەروێش قەمبەر ناوێك لە تەکیەدا , نەبوونی شێخی لەوێدا بە هەلزانیو پەلاماری ئافرەتێکی شێتی دا کە ناوی یاسەمینە. منیش غیرەتم قەبووڵی نەکردو تابووگێکم کێشا بە تەوقی سەریداو خستمو هەڵاتم.

- بەس بە لێدانەکە نەمردبێتو نەتکوشتبێت , ئیتر کارەکە زۆر ئاسانە.!

- نەخێر نەمردووە. بەس بە تەنیا بە شێوەیەکی کاریگەر سەریم شکاندو هەڵاتم. یاسەمینیشم سەرفراز کردو پێکەوە هەڵاتین.

هەرکە کاروان وتی گوایە کابرا لە ژێر دەستیدا نەمردووە , ئیتر دایکی ئاهێکی هاتەوەبەرو پشوویەکی بەخۆیدا. کاروان درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

- ئێستا بۆ ئێرە رامکردووەو لەوە دەترسم کە دەروێش لەلای پۆلیس شکاتم لێبکات.

عەبەی باخەوان دەستی بە پێکەنین کردو وتی:

- بە ڕاستی کوڕی خولە زێوییتو نەتدۆڕاندووە.! بە تەواوەتی شوێن پێی باوکی خۆت هەڵگرتووە.! هیچ مەترسەو خەمت نەبێت.

ئافرەتەکە نەختێك رووی خۆی گرژ کردو وتی:

- واز لەم قسانە بێنەو ئێستا وەختی گاڵتەو تەشقەڵە نییە..

عەبە بۆ جارێکی تریش دەنگی لێ هەڵبڕیو بە ئافرەتەکەی وت:

- کاروانی کوڕت لە لای ئێمە پارێزراوەو ناهێڵین هیچ زەرەرو زیانێکیشی پێبگات. وەها چاکە تۆیش بگەڕێیتەوە بۆ ماڵی خۆتان.

ئافرەتەکە چاوی خۆی بە دەسماڵەکەی سەر شانی سڕیەوە. بە چاوە سوور هەڵگەڕاوە جوانەکانیەوە تەماشای عەبەی باخەوانی کرد. هەروەکو ئەوەی لە دڵەوە بڵێت دەستم دامێنتانو بەباشی چاوتان لەم کوڕە تاقانە بێ باوکەی من بێت.. مناڵەکانیش لە ژێر سێبەری دار تووەکاندا بەیەکا دەهاتنو جاروباریش گوێ بیستی قسەکانی گەورەکان دەبوون. خۆری دەمەو عەسرەکە بەرەو ئاسۆ دادەکشاو گڕو تینی گەرماکەیشی دادەگرت. سارا رووی دەمی کردە عەبەو وتی:

- من دەڕۆمەوە بۆ ماڵ. دەمەو مەغریب دەگەڕێمەوە بۆ ئێرەو دوو بەتانیش بۆ کاروان دەهێنم تاوەکو شەو لە سەری بخەوێت. مەنجەڵێك ئاشیش لێدەنێمو ئێواری لەگەڵ دەستی خۆمدا بۆتانی دەهێنم. ئەگەر نەمتوانیو نەپەرژام , ئەوا دەیدەم بە ئازاد تاوەکو بە ماتۆڕسکیلەکەی پێتانی بگەیەنێت.



- ٢٧ -

سەرلەبەیانییەکی درەنگ بوو کە هەموو لە خەو هەڵسابوونو قاوەڵتیشیان کردبوو , شەمەنەفەرەکەیش بەسەر هێڵی ئاسنەکەیەوە بە شووت لێدانو دوکەڵ هاویشتن بەرەو ژوور بۆ شاری هەولێر وەکو بۆرە مار دەکشا. عەبەو کاروان لە نێو چاڵایی ئەو سەرەو لێژیەی کە دەچووە نێو خاسەوە خەریکی شاردنەوەی کوڵە بڕنەوەکەو فیشەگەکانی بوون. چەکەکە بە نایلۆن پێچرابووەوە بۆ ئەوەی نەوەك لەژێر خاكو خۆڵدا ژەنگ هەڵبهێنێت.

عەبەی باخەوان پرسیاری ئاراستەی کاروان کردو وتی:

- داخۆ لە ژیانتدا تفەنگت بەکارهێناوە؟

- بەڵێ چەند جارێك نیشانم گرتووەو گوللەم تەقاندووە.

- لە کوێ؟

- لەسەر بێستان لە چەمی (خۆشی) خاڵۆم حەمەمین کوڵە بڕنەوێکی وەکو ئەمەی تۆی هەیە. چەند جارێك داویەتیە دەستمو نیشانم گرتۆتەوە.

عەبە پێکەنیو وتی:

- کەواتە تۆ تفەنگچیتو بوویتەتە نیشانچییەکی راستەقینە.!؟

- ئەگەر حەز دەکەیت ئێستایش منو تۆ نیشان دەگرینەوە.؟

- نەخێر وەختی ئەوە نییە , بەڵکو پێویستە ئەم تفەنگە بشارینەوەو لەبەرچاو بزری بکەین. لەوە دەترسم دەروێش شکاتی کردبێتو بزانن لێرەیتو بدەن بە سەرمانا. ئێستا تۆیشو وەسمانیش داواکراونو قەچاخن. لەوە دەترسم پۆلیس لە ناکاودا بێنو کەپرەکە بپشکننو ئەم تفەنگە بدۆزنەوە , ئەوسایش دەیبەنو دەستی بەسەرا دەگرن.

ئەم قسانە لە دەمی عەبەدا دەردەچوونو بە هەردوو دەستیشی تفەنگەکەی بە باشی بە نایلۆن دەپێچایەوە. بە تەمابوون چاڵێکی بۆ هەڵکەننو

تفەنگەکەی تێدا بشارنەوەو لە پاشانیشدا بە خۆڵو قومو پووشو پەڵاش سەری بگرنو لە چاو بزری بکەن. عەبە جارێکی تر وتی:

- پێچانەوەی چەك بە نایلۆن بۆ ماوەیەکی کەمە.

- ئەی ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بێت؟

- لەو حاڵەتەدا بە گریس چەور دەکرێت , پاش ئەوەیش بە نایلۆن دەپێچرێتەوەو دەخرێتە چاڵەوە.

- کەواتە شاردنەوەی تفەنگەکە بۆ ماوەیەکی کەم خایەنە!؟

- هەر بە تەنیا بۆ چەند رۆژێك دەیشارینەوە. هەر کاتێکیش لەم تەلەزگەیە رزگارمان بوو ئەوسا دەریدەهێنینە دەرەوە. پارەیەکی زۆرم بەم تفەنگەداوەو نامەوێت بە ئاسانی بەردەستی پیاوانی پۆلیس بکەوێتو دەستی بەسەردا بگرن.

عەبەی باخەوان بە دەمە بێڵ لە پەنایەکدا بە لێواری خڕی خاسەوە خەریکی چاڵ هەڵکەندن بوو. کاروانیش لەولاوە پووشو پەڵاشی کۆدەکردەوە , بۆ ئەوەی گەر تفەنگەکەیان خستە چاڵەوە ئەوسا بۆ رێ بزرکە بە پووشو پەڵاش سەری بگرنو لە چاو بزری بکەن. عەبە دەمی بێڵەکەی لە زەوییەکە گیر دەکردو ئارەقەی دەرِشت. خۆرەتاوەکە هەر لە بەرزبوونەوەدا بوو. لەو کاتەیدا کە خەریکی ئیشو کار بوون , بۆ چەند جارێك باڵندەی تیتراوسك بە ئاسمانەوە بەبانی سەریانەوە هەڵفڕیو دەیچریکاند.. تی.. تی.. تی تی... ئەو دەنگە بەلای کاروان زۆر شادی بەخشو بە گوێی ئاشنا بوو , لەسەر بێستانیش هەردەم دەنگی بە جۆشی ئەم مەلەی دەکەوتە بەرگوێ. نێو خڕی خاسە چۆڵو بێ دەنگ بوو. کەسێك نەدەبینرا کە ئەمبەرو ئەوبەری خڕە بێ ئاوەکە بکات. لەوبەری خاسەوەیش لە خواری هێڵی ئاسنی شەمەنەفەرەکەوە رەشماڵی قەرەجەکان رەشیان دەکردەوە. قەرەجەکان بە گەورەو بچووکیانەوە بە دەوروبەری رەشماڵەکاندا دەردەکەوتنو هاتوچۆیان



دەکرد. بە تایبەتی ژنەکانیان بە جلو بەرگی رەنگاو رەنگو ئاڵو واڵاوە لە دوورەوە خۆیان دەنوواند.

عەبەی باخەوانو کاروان خەریکی کارکردن بوون لە پێناوی بەچاڵنانی تفەنگەکەو شاردنەوەی. هەر لەو کاتەیشدا لەژێر دارتووەکاندا لە پشتی کەپرەکەوە وەسمانو ئازادی تازە هەڵچوو پێکەوە دانیشتبوونو سەرقاڵی قسەکردن بوون. ئازاد پشتی دابوو بە قەدی ئەستووری یەکێك لەو دار تووانەو پێی لێ راکێشابوو. دەفتەرەکەیشی بە دەستەوە بوو کە سەرجەمی ژیانی پڕ لە سەرکێشیو جەربەزەیی وەسمانی تێدا تۆمار کردبوو. وەسمانیش بە تەنیشتیەوە بە ئارامی دانیشتبوو. لەژێر کڵاوەکەیەوە سەرو قژو ریشی درێژی رەشیان دەکردەوە. جاروبار دەستی دەهێنا بە ریشەکەی خۆیداو دەستی لە تووکە رەشەکەی وەردەدا. ئەسپە سپیەکەیش بە زینکراوی لەولایانەوە سەری خۆی بۆ نێو سەوزە گیاکە شۆڕ کردبووەو لەسەرخۆ دەلەوەڕی. بە بەردەمیانەوە زیخو چەوی خڕی خاسەی بێ ئاو لەژێر تیشکی خۆرەتاوەکەدا سپی خۆیان دەنوواند. گەرچی خڕی خاسە لە وەرزی هاویناندا بێ ئاو بوو , بەڵام لە وەرزی پایزو زستانو بەهاردا بە ئاوی لێخن پڕ دەبوو , جاری ئەوتۆ هەبوو کە پڕاو پڕ ئاوی خڕی خاسە لافاوی دەکردو بە تەواوەتی زیخو قومو چەوی خڕەکەی لە چاو بزر دەکرد. لەو کاتانەیشدا ئاوی لێخنی بە شەپۆلی گەورە سەر بەرەو خوار دەبووەوەو ئاومالکەو کۆتەرە داری گەورەی لەگەڵ خۆیدا رادەماڵی. ئەوسایش کەس نەیدەتوانی ئەمبەرو ئەوبەر بکاتو خڕی خاسە ببڕێت.

وەسمان بە لە خۆباییەوە بە دەنگێکی نزم بە ئازادی وت:

- ئێستایش کارەکەت کۆتایی پێهاتو بە تەواوەتی لە نووسین بوویتەوە.

- سوپاست دەکەمو لە ناخەوە دەستخۆشیت لێدەکەم , سەبارەت بەوەی کە هەموو سەربردەی ژیانی خۆت بۆمن بە دوورو درێژی گێڕایەوە.

- ئێستا دەفتەرەکەت بە تەواوەتی داخستو هاتیتە کۆتایی. گەر هەر پرسیارێکی ترت هەیە ئەوا ئامادەم بە ئەمانەتەوە وەڵامت بدەمەوە. بەڵام مەرجەکەمان لە یاد نەچێتو بەڵێنو گفتەکەی خۆیشت پشت گوێو فەرامۆش نەکەیت.

- هەر لە سەرەتاوە پێتم وت هەرگیز نهێنیەکانی ژیانی تۆ بۆ هیچ کەس نەدرکێنمو پەردە لەسەر هیچ ڕووداوێکی رابوردووت هەڵنەماڵم.

- داخۆ پرسیارێکی ترت نییە ئاراستەمی بکەیت؟

- بە تەنیا یەك تاکە پرسیارم هەیە , ئەویش ئەوەیە بە راستیو دروستی وەڵامم بدەیتەوەو هیچی ترم لێت ناوێت.؟

- پرسیارەکەت بکەو من ئامادەی وەڵامدانەوەم.

- کە لە ساڵی (١٩٤٦)دا بەشداریی راپەڕینەکەی گاورباخیت کرد , ئایا تۆ سەر بە چ حیزبو رێکخراوێك بوویت؟

- بڕواییت بێت سەر بە هیچ حیزبو گرۆو لایەنێك نەبووم , بەڵام هەستکردنم بە زوڵمو ستەم پاڵی پێوەنام بە رووداوەکەوە بگلێمو خۆمی تێهەڵقورتێنم. گەرچی کەسانی تریش هەبوون لە بەشدار بووان کە سەر بە چەند حیزبێکی ئەو سەردەمە بوون.

- ئێستاش لەسەرمە ئەم قسەیەت تۆمار بکەم.

- لە ڕاستیدا من کابرایەکی نەخوێندەوارم، بەڵام تۆ وەکو کەسێکی خوێندەوارو شارەزا بۆمی روون ناکەیتەوە کە ئایا ناوی ئەم خڕی خاسەیەی بەردەممان لە چییەوە هاتووە.؟

- مێژوو دەگێڕێتەوە لە ساڵی (٣٢٨)ی زایینیدا شای ساسانییەکان شاپو وری دووەم، هێرش دەباتە سەر شاری کەرکوكو وێرانی دەکات. خەڵکی شاریش بە تایبەتی مەسیحیەکان لە ترسی کوشتنو بڕین هەڵدێنو ڕوودەکەنە پەنایەکی لاتەریکی ئەم خڕەو لەوێدا پێیان دەووترێت (حاشا) بە مانای



حاشا لێکراوو هەڵاتوو. ئەم وشەیەیش لە بنەڕەتدا کلدانیو سوریانییەو لە زمانی عەرەبیشدا هەر بە کار دێت. ئیتر لەو رۆژەوە ناوی خڕەکە بوو بە (حاشا)و لە پاشاندا بوو بە (حازا)و لە ئاکامیشدا بوو بە (خاسە)و تاکو ئێستایش ئەم ناوەی بەسەردا براوە..

لەو کاتەیدا کە وەسمانو ئازاد پێکەوە دانیشتبوونو قسەیان دەکرد، لە پڕ لوولەی دوو تفەنگی ئینگلیزی لە پشتی ملی وەسمان گیرکران. بە دانیشتنەوە هەردووکیان لە جێی خۆیاندا بەبێ جووڵە ڕەق هەڵگەڕانو لە غەفڵەتدا درا بە سەریاندا. وەسمان ویستی دەستی بۆ دەمانچەکەی باخەڵی بەرێت , بەڵام لوولەی تفەنگەکان زیاتر لە پشتی سەری چەقین. ئەوسا وەسمان دەستەو وەستان لە جێیەکەی خۆیدا وشك هەڵگەڕاو خوێن لە دەمارەکانی لەشیدا مەیی. نەیدەزانی چیبکاتو چۆن خۆی لە لوولەی ئەو دوو تفەنگە رزگار بکات.! زۆرجار لە ژیانیدا تووشی رۆژانی سەختو دژوار ببوو , بەڵام هیچ کاتێك بەم شێوەیە لە ناکاودا نەدرابوو بەسەریدا بەو رادەیەی نەتوانێت پەلە کوتێیەك بکات بۆ خۆ رزگار کردن.! ئازادیش لە ئاستی خۆیەوە لە ژیانیدا شتی لەو جۆرەی بە چاوی خۆی نەبینی بوو , بۆیە بەلایەوە شتێکی سەیر بوو. بە توندی دەفتەرە پڕ کراوەکەی بە دەستی گوشیو کەوتە چاوەڕوانی بۆ ئەوەی بەتەواوەتی بزانێت مەسەلەکە چییەو چی روودەدات.! وەها دیاربوو عەبەی باخەوانو کاروانیش لە نێو چالایی لێواری خاسەدا دەست بەکاربوون بۆ لە چاڵنانی تفەنگەکەو ئاگایان لە رووداوی پشتی کەپرەکە نەبوو. کاتێك وەسمان رووی خۆی بەرەو دووا نەختێك وەرگێڕا تەماشای کرد رەشید چاوشو بلەی پۆلیس بەدیاری سەریانەوە وەستاونو لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سەری کردووە. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو بەو ئاسانیە زەفەری پێبرێتو لە ناکاودا بەو شێوە کوتو پڕیە بکەوێتە نێو بۆسەی پۆلیسەوە. رەشید چاوش هاواری کردو وتی:

- له جێی خۆت نەبزوێیتو هەڵسە سەرپێ.
بە ئاگادارییەکی زۆرەوە وەسمانو ئازاد هەڵسانە سەرپێ. پۆلیسەکان پەنجەیان لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکانیان بوو , لەو کاتەدا بەتەنیا مەبەستیان دەستگیر کردنی وەسمان بوو بۆیە گرنگییان بە ئازاد نەداو لایاندایە لاوە. بلەی پۆلیس بە پێکەنینەوە وتی:
- ئاوەها دەتگرین هەی قەچاخ...
رەشید چاوشیش دەنگی لێبەرزکردەوەو وتی:
- بەتەنیا هەر تۆ داواکراو نیت , بەڵکو ئەو کوڕە هەرزەکارەیش داواکراوە لە لایەن پۆلیسەوە کە دوێنێکە خەریك بووە دەروێش قەمبەر بکوژێت. دەڵێن گوایە ئەویش لێرەدایەو پێویستە ئەویش دەستگیر بکەین.
وەسمان بە درێژایی ژیانی بەو شێوەیە بە زەلیلی خۆی نەبینی بوو. دەمی دابوو بە یەکداو قسەی بۆ نەدەکرا. ئازادیش لەولاوە بەسەرسامیەوە وەستابوو تەماشای ئەو دیمەنە نائاساییە کوتو پڕەی دەکردو نەیدەزانی چی بڵێتو چی بکات.! دەنگی هەرا هەرای پۆلیسەکان عەبەی باخەوانیان بە ئاگا هێنابووەوە. لەودیو کەپرەکەوە بە پەشۆکاوی دەرکەوتو بە بینینی ئەو دیمەنە چاوی چوو بە مۆلەقاو , لە داخو خەفەتا لەشی داهێزرابوو هەنگاوی شلو شاوی بەرەو شوێنی رووداوەکە دەنا. هەردوو دەستی بە نائارامیەوە بەملاو بەولایدا شۆڕببوونەوە. لە پۆلیسە تفەنگ بەدەستەکان نزیك بووەوەو دیقەتیانی دا , ئەوانیش بە تووڕەییەوە چاویان تێبڕیو مۆڕەیان لێکرد , وەك ئەوەی سەرزەنشتی بکەنو بڵێن بۆچی ئەم کابرایەت گرتۆتە خۆتو دالدەت داوە..؟ رەشید چاوش نەڕاندی بەسەریداو پێی وت:
- ئەوا ئەم یاخی بووەمان دەستگیر کرد , پێمان بڵێ ئەو کوڕە هەرزەکارەی تر لە کوێیە کە دوێنێکە بە ناهەق ویستویەتی کەسێك بکوژێت.؟
عەبە هاتە وەڵامو وتی:



- نازانم چی دەڵێنو باسی کێ دەکەن.!
- باش دەزانیتو تۆ لێرەدا ئەم دوو تاوانبارەت شاردۆتەوە.
هەردوو پۆلیسەکە بەردەوام رووی تفەنگەکەیان ئاراستەی وەسمان کردبوو کاروانیش لەودیوەوە خۆی حەشاردابوو. وەسمان بەبێ جووڵە بەرامبەریان بە نائومێدیو هیوا بڕاویەوە وەستابوو. ئازادیش تووشی کەندو کۆسپێکی ئەوتۆ ببوو کە زمان لە دەمیدا بەستڕابوو نقەی لە دەم نەدەهاتە دەرێ. پۆلیسەکان خۆیان بەسەرکەوتوو دەزانیو بزەو خەندە بەسەر لێویانەوە نەخشابوو. ئەوەی مەبەستیان بوو بەردەستیان کەوتبوو. بە نیسبەت کوڕە هەرزەکارەکەوە ئەوا بەلایانەوە دەستگیر کردنی شتێکی زۆر ئاسان بوو. جارێکی تریش رەشید چاوش هاواریکرد بەسەر عەبەی باخەوانداو پێی وت:
- پێمان بڵێ ئەو کوڕە هەرزەکارەی کە ناوی کاروانە لە کوێ خۆی حەشارداوە؟ ئەگەر دەنگ نەکەیت کەپرەکەت بەسەردا دەڕووخێنین.
لە پڕ دەنگی تەقەیەك بەرز بووەوەو گوللەیەك بە ژوور سەری هەردوو پۆلیسەکەدا گیزەی کرد. بە بیستنی دەنگو ناڵەی گوللەکە هەموو شڵەژان , بە تایبەتی دوو پۆلیسەکە کە سەریان هەڵبڕیو بە باشی تەماشای سەر کەپرەکەیان کرد , بینیان کاروان بەسەر کەپرەکەوە ئەو گوللەیەی بەسەریاندا تەقاندووەو , لوولەی کوڵە بڕنەوەکەیشی ئاراستەی خوارەوە کردووە , هەر بە پەلەش بۆ جارێکی تریش میلی تفەنگەکەی هێنایەوەو فیشەگێکی خستە بەری. بە رووالەتێکی بڕووا بەخۆکردنەوە هاواری کرد بەسەر پۆلیسەکانداو وتی:
- ئەوەتا من لێرەم.. ئەگەر رووی لوولەی تفەنگەکانتان لە وەسمان دوور نەخەنەوە , ئەوا ئێستا بەبێ سێو دوو دەتانپێکمو لەشتان سارد دەکەمەوە.
پۆلیسەکان ترس دایانی گرتو دەستیان بەسەر تفەنگەکانیانەوە شل بووەوە , لوولەی تفەنگەکانیان لە وەسمان دوور خستەوە. وەسمان بەوپەڕی

خێراییەوە لە ئاستی خۆیەوە هاتە دەستو دەمانچەکەی لە باخەڵی خۆی دەرهێناو , لوولەکەی ئاراستەی پۆلیسەکان کردو بە تووڕەییەوە پێیانی وت:

- ئەگەر بە پەلە تفەنگەکانتان فڕێنەدەنە سەر زەویەکە , ئەوا ئێستا منیش هەردووکتان لەم جێیەدا بەبێ گیان دەخەمە سەر زەویەکە.

لە ترسی دەمانچەکەی وەسمانو تفەنگەکەی کاروان بە ژوور سەریانەوە , هەردوو پۆلیس ترسو لەرز دایانیگرتو لە پەلو پۆ کەوتن. ویستیان نەیەنە ژێر بارو سەرپێچیی داواکاریەکەی وەسمان بکەن , بەڵام هەرچەند سەیریان کردو لێکیان دایەوە , بۆیان دەرکەوت کە لاساریو پاڕانەوەو پاکانە هیچ دادیان ناداتو سوودی نییە. وردە وردە دەستیان بە تفەنگەکانیانەوە شل بووەوە. لە سەرەتادا بلەی پۆلیس تفەنگەکەی فڕێدایە بەردەمی خۆیو پاش ئەویش رەشید چاوش تفەنگەکەی خستە سەر زەویەکە. چاویان پێوەبوو کاروان لەسەر کەپرەکە خۆی هاویشتە خوارەوەو دابەزی. ئەوسا وەسمان بە کاروانی وت:

- برۆ ئەسپەکەم بۆ بێنە.

کاروان ملکەچی داواکاریەکە بوو , بەپەلە خۆی گەیاندە لای ئەسپەکەو بۆ لای ژێر دارەکانی هێنا. ئەوسا وەسمان جارێکی تریش رووی دەمی کردە کاروانو پێی وت:

- هەردوو تفەنگی پۆلیسەکان بدە بە شانی خۆتدا.

کاروان دەستی درێژ کردو هەردوو تفەنگەکەی لەسەر زەویەکە هەلگرتو دایانی بەسەر ئەمشانو ئەوشانی خۆیداو , تفەنگە برنەوەکەی خۆیشی بەدەستەوە گرتبوو , رەشید چاوش پاڕایەوەو وتی:

- پیاوی چاکبەو ئابڕوومان مەبەو چەکمان مەکەو تفەنگەکانمان بۆ بگێڕەوە..



وەسمان وەڵامی نەداوەو تفەنگە برنەوەکەی لە کاروان سەندو گرتی بە دەستیەوەو دەمانچەکەیشی خستەوە باخەڵی خۆی. ئەوسایش خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەو جڵەوەکەی بەدەستی چەپەی گرتو تفەنگەکەیشی بە دەستی راستەی هەلگرت. دوو تفەنگە ئینگلیزیەکەی دوو پۆلیسەکەیشی لە کاروان وەرگرتو لە پێشی خۆیدانا. بەپەلە داوای لە کاروان کرد ئەویش خۆی هەڵداتە سەر پشتی ئەسپەکەو لە پشتیەوە خۆی جێگیر بکات. کاروان نەختێك دوو دڵو راڕابوو , لە سەرەتادا نەیویست بە قسەی وەسمان بکات , بەڵام وەسمان سوور بوو لەسەر داواکارییەکەیو پێی وت:

- من دەڕۆمو هەڵدێم. گەر لەگەڵمدا بەرێ نەکەویت ئەوا لە کونجی زیندانت توند دەکەن. زوو بکەوە خۆتو لە پشتمەوە سوواری ئەسپەکە ببە. کاروان نەختێك نەرمیی نوواند , بەڵام پێش ئەوەی خۆی هەڵداتە پشتی وەسمان. ئازاد دەمی هەڵهێناو بە کاروانی وت:

- دەمەوێت نهێنیەکی گرنگت بۆ بدرکێنم.

وەسمان یەکسەر لە نییەتی ئازاد تێگەیشت , بۆیە هاواری بەسەردا کردو وتی:

- دەمت داخە ئازاد.. قەولو قەرارت مەشکێنەو گفتو پەیمانیشت پێ شێل مەکە.

- گەرچی قەولم داوە پەردە لەسەر کەسایەتیی راستەقینەی تۆ هەڵنەماڵم , بەڵام ویژدانم قەبووڵ ناکات.

- پێت دەڵێم بێ دەنگ بەو قسە مەکە ئەگینا دەتکوژم.

- ئەگەر سوور زانیومە دەمکوژیت دەبێت راستیەکان بۆ هەمووان یەکالا بکەمەوەو , هەموو نهێنیەکانیش بە تایبەتی بۆ کاروان بدرکێنم.

- ئازاد خاوەنی قسەی خۆت بەو قسە مەدوڕێنە.

- نەخێر كاتی ئەوە هاتووە راستیەكان بۆ هەمووان دەرببڕمو تەمو مژەكان بڕەوێنمەوە.
- ئازاد وسبەو قسەی زیاد مەكە.
- نەخێر. لەسەرمە راستیەكان دەربخەمو هەموو خەڵكی لە نهێنیەكان ئاگادار بكەمەوە.
- ئەی گفتو پەیمانت چی بەسەرهات؟
- لە پێناوی بەرژەوەندیی هەمووانـدا پێویستە راستیەكان بە شاراوەییو نهێنی نەمێننەوە.

ئەسپەكەی وەسمان حیلانـدیو هەڵسایەوەو كەوتە سەر پاشوو. ئازادیش رووی دەمی كردە كاروانو پێی وت:
- كاروان باش گوێم بۆ رادێرەو باوكی خۆت بناسەوە. ئەم پیاوەی كە بەسەر ئەسپەكەوەیە وەسمان نییە , بەڵكو خولە زێوێیی باوكی راستەقینەی تۆیە.. تاكو ئێستایش كەسایەتیی خۆی لەلاتان ئاشكەرا نەكردووە.! وەهای بە ئێوەو خەڵكی راگەیاندووە گوایە وەسمانە.!

كاروان چوو بە تاساو تووشی سەرە گێژكە بوو , خەریك بوو لەسەر پێ خۆی بۆ رانەگیرێو بەربێتە خوارەوە بۆ سەر زەویەكە. ئازاد درێژەی بە قسەكانی داو وتی:
- وەسمانی برای خولە هەر یەكەم ساڵ پاش راكردنیان بۆ ئەودیوی وڵات دەمرێتو هەر لەوێش دەنێژرێت. ئێستایش ئەم پیاوەی كە بە ناوی وەسمانەوە خۆی بە هەمووان ناساندووە خولە زێوێیی برای وەسمانی كۆچ كردووە..! من هەموو ئەم قسانەم لە دەمی ئەم بیستووەو لەلای خۆم لە نێو دەفتەرەكەیشمدا بە دوورو درێژی تۆمارم كردووە.. بەڵێنیشم دابوو ئەم نهێنیانە نەدركێنم , بەڵام پێویستە راستیەكان دەربكەون.. باش دڵنیابە كە وەسمانی مامت مردووەو ئێستا لە ژێر خاكدایە..



كاروان لە ئاستی راستیەكان تووشی سەرە گێژەبوو بەڕادەیەك بەزۆر خۆی پێڕادەگیرا... پۆلیسەكانیشو عەبەی باخەوانیش بە بیستنی ئەم قسانەی ئازاد تووشی واقوڕمان بوونو زمانیان بەسترا. هیچ كەسیان لەو بڕوایەدا نەبوون كە ئەم وەسمان ناوە خولە زێوێیی بێت..! خولە زێویی بەسەر ئەسپەكەوە نەیتووانی بەرپەرچی قسەكانی ئازاد بداتەوەو نكۆڵی لێبكات. هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە بە توندی بخوڕێ بەسەر كارواندا و پێی بڵێت:
- كوڕی خۆم كاروان رامەمێنەو بەپەلە خۆت هەڵدەو لە پشتمەوە سواری ئەسپەكە ببە.

لە ئەنجامدا كاروان ملكەچی داواكارییەكەی خولە زێوێیی باوكی بوو. خۆی هەڵگژاند بەقەد ئەسپە سپیداو لە پشتی باوكیەوە بە توندی نێو قەدی باوكی خۆی گرت. خولە زێوێیی هەردوو تفەنگەكەی لە پێشی خۆی دانابوو. بە دەستی چەپەی جڵەوی ئەسپەكەی گرتوو تفەنگە بڕنەوەكەیشی دا بەسەر شانی خۆیداو دەستی هەڵبڕیو خوا حافیزی لە هەمووان كرد. پێش ئەوەی تاو لە ئەسپەكەی بداتو بیداتە غار. ئازاد بە دەنگێكی بەرز پێی وت:
- سەڵاوم بگەیەنە باوكم.

ئەمەی وتو فرمێسك لە چاوانی دابارینو بە توندی ئەو دەفتەرەی بە دەستەوە گرت كە سەربردەی ژیانی خولە زێوێیی تێدا تۆمار كردبوو. چاوی پێوەبوو لە ژێر تیشكی خۆرەتاوەكەدا خولە بە سواری ئەسپە سپیو بە تفەنگە بڕنەوەكەی شانیەوە بەرەو باكوور بە كەناری خاسەدا بەرەو ژوور بووەوە. كاروانی كوڕیشی لە دووایەوە باوەشی بە باوكیدا كردبوو نەیدەزانی بۆ كوێ دەچنو چارەنووسیان چی دەبێت..!

## كۆتایی

چاپخانەی ( شەهید ئازاد هەورامی ) کەرکوك / ٢٠١١

زنجیرە ( ٩٤ )